# کوردستان

ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

هەینی ٢ی ڕێبەندانی ١٣٩٤ ـ ٢٢ی ژانویەی ٢٠١٦

ژمارە: ٦٧٢

www.kurdistanukurd.com




لە ماوەی دەرچوونی ئەم ژمارەیەی کوردستان دوو ڕووداوی گرینگ و مێژوویی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ڕێزیان لێگیرا: ٧٠ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان و تێپەڕینی ٧٠ ساڵ بە سەر دەرچوونی یەکەم ژمارەی «کوردستان».

بە بۆنەی ئەو دوو روداوە مێژوویی و پیرۆزانە، گەرمترین پیرۆزبایی پێشکێشی هەموو ڕێبوارانی ئامانجە نەتەوەیی و ڕەواکانی کۆماری کوردستان بە سەرۆکایەتی پێشەوای نەمری کورد، قاضی محەممەد دەکەین و هیوادارین شانازی ئەوەمان هەبێ تا سەر لە سەر ڕێگای کۆماری کوردستان و ئامانجەکانی بەردەوام بین.

# کۆماری کوردستان، ئەو هیوایەی دەبێ دووبارە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بێتەوە

## کۆماری کوردستان، مانیفێستێکی نەتەوەیی

### (بە بۆنەی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان)

قادر وریا

٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵ، ٧٠ ساڵ بە سەر ڕاگەیەندرانی جمهووریی کوردستان لە مەهاباد رادەبرێ.

ئەم دەوڵەتە کوردییە لە ڕووی ماوەی دەسەلاتدارەتیی، یەکێک لە کەمخایەنترین دەسەلاتو دەوڵەتەکان لەم ناوچەیە دا بووە، بەڵام لە ڕووی ئەو خزمەتانەش کە لە ماوەی کورتی تەمەنی خۆی دا پێشکەشی نەتەوەی کوردی کردن، هەر وەها لە ڕووی دانانی کاریگەریی سیاسی و نەتەوەیی لە سەر ئەو خەڵکەش کە لە هەناوی ئەوانەوە هەڵقوولابوو، دەتوانین بڵێین هەر بێ وینە بوو.

کارنامەی ١١ مانگەی دەسەلاتدارەتیی دەوڵەتی جمهووریی کوردستان لە بوارەکانی سیاسی، ڕۆشنبیریو وەدیهێنانی خەونو ئاواتە لەمێژینەکانی نەتەوەی کورد دا، لە زۆر بۆنەدا بە تیرو تەسەلی کەوتوونە بەر باس و پێویست بە دووبارەکردنەوە ناکەن. هەر ئەوە کە هەتا ئێستاش، بەشی زۆری نەتەوەی کوردو هێزە سیاسییەکانی زۆربەی پارچەکانی کوردستان، هێماو ڕەمزەکانی داهێنراو لەو کۆمارەیان دا قبوولەو لە ژیانو تێکۆشانی سیاسیی خۆیان دا بە کاریان دینن، بەڵگەیەکی بە هێزە بۆ شوێندانەر بوونی ئەو دەوڵەتە کوردییە لە سەرڕەنگرێژکردنی هزرو هیواو باوەڕی نەتەوەیی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان. سروودی نەتەوەیی، ئاڵای کوردستانو ناوی هێزی پێشمەرگە، کە کۆماری کوردستان دایهێناون و ڕەسمییەتی پیداون، هەتا ئیستاش دەقاودەق یا بە کەمێک دەسکارییەوە، لە ژیانی سیاسیو خەباتی نەتەوەیی گەلی کورد لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستاندا، برەویان هەیە.

بۆ نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستانو بە تایبەتی بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان، کۆماری کوردستان، هەر تەنیا ڕووداوێکی مێژوویی نیە کە چووبێتە نیو مێژوو و تەنیا وەک بیرەوەرییەک مابێتەوە.

درێژە ل٢




سەرەڕای تێپەڕینی ٧٠ ساڵ بە سەر دامەزرانی دا، کۆماری کوردستان هەر وا لە لایەن ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ڕێزەوە یادی دەکرێتەوە.

لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی(٢٢ی ژانویەی ١٩٤٦)،لە چوارچرای شاری مەهاباد، پێشەوا قازی محەممەد، کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند. ئەم کۆمارە ئەگەر چی کەمتر لە ساڵێک دەوامی هێنا و سەرئەنجام بە دوای هێرشی سوپایی ڕێژیمی شایەتی بۆ سەر ئەم دەسەڵاتە کوردییە تێک ڕووخا، بەڵام بەو هۆیەوە کە نوێنگەی ویست و ئاواتی لە مێژینەی گەلی کورد بوو، لە لایەکی دیکەوە چونکە لەم ماوە کورتە دا توانیبووی خزمەتێکی زۆر پێشکەشی نەتەوەی کورد بکا، وەک ڕووداوێکی گرنگ لە مێژوو دا سەیری دەکرێ.

ئەم ساڵیش لە پێشوازی بیرەوەریی دامەزرانی جمهووریی کوردستان‌دا لە نێوخۆ و دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ژمارەیەک چالاکیی جۆراوجۆر بەڕێوە چوون. لە پێتەختەکان و شارە گەورەکانی ئورووپا ڕێورەسمی تایبەت لە لایەن ئەندامانی حیزبی دیموکرات وکوردستانیانی دەرەوەی وڵات پێک هاتن. لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات، هۆگران و درێژەدەرانی ڕێگا و ئامانجەکانی ئەو کۆمارە، بە دروشم نووسین و بڵاوکردنەوەی تراکت و پوستێر و وێنەی سەرکۆماری شەهید و ئاڵای کۆماری کوردستان، ڕێزیان لە ٧٠ ساڵەی پێکهاتنی کۆمار گرت. لە زانکۆی کۆیەش یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد بە هاوبەشیی زانکۆی کۆیە، سمینارێکیان بۆ تیشک خستنە سەر ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی کۆماری کوردستان پێک هێنا.

هەر لەم ڕۆژە دا و بۆ ڕێز گرتن لە یادی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان، حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕێورەسمێکی بە بەشداریی سەدان تێکۆشەری ئەو حیزبە و بنەماڵەکانیان و ژمارەیەکی بەرچاو میوان، لە بنکەی دەفتەری سیاسیی ئەو حیزبە پێک هێنا. لەو ڕێوڕەسمە دا سکرتێری گشتیی حیزب، ڕێزدار خالید عەزیزی، وێڕای ڕێزگرتن لە بیرەوەریی ٧٠ ساڵەی پێکهاتنی ئەم کۆمارە، چووەسەر باسکردن لە کۆمەڵێک ڕووداو و پرسیی سیاسیی ئەمڕۆی کوردستان و ناوچە و خوێندنەوەی حیزبەکەی لە بارەیانەوە، خستە ڕوو.

ئەوەی لە سەرجەمی ئەو چالاکیانە دا سەرنج رادەکێشێ ئەو ڕاستییەیە کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان،لەو باوەڕەدان کە ئەم بەشەی کوردستان، دەبێ جارێکی دیکە هەر لە ژێر ناوی کۆماری کوردستان دا ببێتەوە خاوەنی دەوڵەت و دەسەڵاتێکی نەتەوەیی تایبەت بە خۆی.



بەڵێنی ئێران بە بەشار ئەسەدو حیزبوڵڵا

٤



کۆتایی هاتنی گەمارۆئابووری‌یەکان و چەند قسەیەک!

٥



کوردایەتی کردن لە فەزای هەڵبژاردندا

٦



فەرهەنگ، ئاڵقەی ونبووی ناسنامە

٧



پرسی کورد و چاوەدێریی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ لە ئێران

٨

## هەواڵنێرانی بێ سنوور: لە سەردەمی ڕووحانیش‌دا سەرکوتی ڕۆژنامەنووسان بەردەوام بووە

ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێ سنوور لە ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆی‌دا ڕایگەیاندوە کە دوو ساڵیش پاش هاتنە سەر کاری حەسەن ڕووحانی، سەرکوتی ڕۆژنامەنووسان لە ئێران هەروا بەردەوامەو هیچ گۆڕانکاری‌یەکی بەسەردا نەهاتووە.

ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێ سنوور لەم ڕاپۆرتەی خۆی‌دا، لە نێو ١٨٠ وڵاتی جیهان‌دا ئێرانی لە پلەی ١٧٣ داناوە.

ئەم ڕێکخراوە لە ڕاپۆرتەکەی‌دا هەروەها نووسیویەتی ڕێژیمی ئێران لە درێژەی ڕەوتی دەستبەسەر کردنی ڕۆژنامەنووسان‌دا ٥٠ ڕۆژنامەنووس‌و چالاکی ئینتێرنێتی ڕاپێچی زیندان کردوە، هەر بۆیە لەم بوارەدا تا ئێستاشی لەگەڵ بێ یەکێک لە ٥ زیندانە گەورەکانی جیهان بۆ ڕۆژنامەنووسانە.

وڵاتانی فێنلاند، نۆروێژو دانمارک لە بواری ئازادیی ڕاگەیەندنەوە لە پلەی یەکەم تا سێیەم جێیان گرتووە.

لەم ڕاپۆرتەدا سەبارەت بە ئێران هاتوە کە بارودۆخی ئێران لە پلەبەندیی جیهانیی ئازادیی ڕاگەیەنەکان لە ساڵی ٢٠٠٣ دا زۆر شپرزە بووەو هاتنە سەر کاری حەسەن ڕووحانیش وەک سەرکۆماری گۆڕانخواز، کاریگەرییەکی ئەوتۆی لە سەر دۆخی ئازادیی زانیاری لە ئێران دانەناوە.

ئەم ڕێکخراوە نێودەوڵەتی‌یە هەروەها ڕایگەیاندوە لە ئێران هەر بە شێوەی ڕابردوو کارو چالاکیی ڕاگەیەنەکان ڕادەگیرێ‌و، لە ماوەی ٢ ساڵی ڕابردوودا شەپۆلی گرتن و دەستبەسەر کرانی ڕۆژنامەنووسان و وێبلاگنووسەکان هەروا بەردەوام بووە.

وەک لەو ڕاپۆرتەدا هاتووە بەڕێوەبەریی ئەو ڕەشبگیرو سەرکوتانە لەلایەن سپای پاسداران‌و بە هاوکاریی چالاکانەی دەزگای قەزایی دەکرێ.

## وریاکردنەوەی تورکیە لەلایەن ئامریکا لە بابەت سەرکوتی کوردەکان‌و ڕەخنەگرانی نێوخۆیی

ئامریکا داوای لە تورکیە وەک هاوپەیمانی خۆی لە ناتۆ کردوە تا بە هێمنیی زیاترەوە لەگەڵ ڕەخنەگرە نێوخۆیی‌یەکانی هەڵسوکەوت بکا. دەوڵەتی تورکیە هەر نەبێ ١٨ مامۆستای زانکۆی لەسەر ئیمزا کردنی بەیاننامەیەک دەستبەسەر کردوە کە بۆ پشتیوانی کردن لە وتوویژ لەگەڵ هێزە کوردی‌یەکان بڵاو کرابۆوە.

جۆن کێربی، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا دەڵێ گرتنی ئەم خەڵکەلە ڕوانگەی ئێمەوە جێگەی نیگەرانی‌یە. ناوبراو پشتڕاستی کردۆتەوە کە دەوڵەتی تورکیە کاربەدەستان، پۆلیس‌و سیستمی قەزایی وڵاتەکەی بەکار دینێ تا ڕێگری لە پێکهاتنی "وتوویژێکی سیاسیی مەشرووع" بکا.

لە لایەکی دیکەوە ئانگێلا مێرکێل، سەدری ئەعزەمی ئاڵمان گوتبووی کە سەرەڕای هاوکاری کردنی نزیک لەگەڵ تورکیە لە بابەت ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ قەیرانی پەناخوازان، بەڵام بەم زووانە تورکیە ناتوانێ بێتە ڕیزی وڵاتانی یەکیەتیی ئورووپاوە.

سەدری ئەعزەمی ئاڵمان لە پەیامی حەوتووانەی خۆی‌دا لە بابەت ئیمکانی ئەندامەتیی تورکیە لە یەکیەتیی ئورووپا لە ماوەی ١٠ ساڵی داهاتوودا گوتویەتی، بە سەرنجدان بە بارودۆخی ئێستای ئەم وڵاتە ئیمکانی جێبەجێ بوونی ئەم بابەتە لە گۆڕێ‌دا نییە.

ئانگێلا مێرکێل، ئەندامی حیزبی دێموکرات مەسیحی ئاڵمان، بۆ ڕوونکردنەوەی هەرچی زیاتری قسەکانی خۆی گوتوویەتی تورکیە ڕێگەیەکی دوورودرێژی ماوەو ناتوانن ساڵێکی دیاریکراو بۆ ئەندامەتیی ئەم وڵاتە لە یەکیەتیی ئورووپادا دەستنیشان بکەن.

### خالید عەزیزی:

## سیاسەتمان ئەوەیە خەڵک بێ تەفاوت نەبێ لە ڕەوتی چارەنووسو مافەکان

حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمێک یادو بیرەوەریی ۷۰ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستانی بەرز ڕاگرت. لەو ڕێوڕەسمەدا کە کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان وتاری حیزبی بەو بۆنەیە پێشکێش کرد، لەگەڵ یادو بیرەوەریی دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستانو لە سەروو هەموویانەوە پێشەوا قازی محەممەدو ڕێبەرانی دیکەی حیزبی دێموکڕاتو کۆماری کوردستانو؛ ئامانجو هیواکانیان بەڵێن نوێ کرایەوە.

یادی ۷۰ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان، ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە، ۱ ی ڕێبەندانو، بە بەشداریی سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەو ئەندامانی حیزب، لە یەکێک لە ساڵۆنەکانی بۆنەو ڕێوڕەسمەکانداو بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیبو ڕاوەستانو ڕاگرتنی چەند ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدان دەستی پێکرد.

پاشان کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕات وتاری حیزبی بەو بۆنەیەوە پێشکێش کرد.

کاک خالید عەزیزی لە سەرەتای قسەکانیدا باسێکی لە دۆخی کاتی دامەزرانی کۆماری کوردستان لەگەڵ ئێستادا کردو گوتی بەراوردی ئەو دوو هەلەمەرجەو دەرکەوتەکانی ئەو دوو دۆخەیە کە گرینگیی کۆماری کوردستانو ژیریی ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتو لە سەروو هەموویانەوە پێشەوا قازی محەممەدمان پتر بۆ دەردەخا.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەو بەشەی قسەکانیدا گوتی ئەو کاتیش ناوچەکە ئاڵۆز ببوو، بۆشایی دەسەڵات پێکهاتبوو، دەرفەتێک بۆ کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵکەوتبوو؛ قۆستنەوەی ئەو هەلو دەرفەتەش ژیریو تێگەیشتوویی سیاسی دەویستو ڕێبەرانی حیزبی دێموکڕاتو پێشەوا قازی محەممەد دەرفەتەکەیان قۆستەوەو کۆماری کوردستانیان دامەزراند. ئێستاش دوای ۷۰ ساڵ وەها هەلو دەرفەتێکی مێژوویی بۆ کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەتایبەت لە هەرێمی کوردستان هاتۆتە پێشیو کورد بە ئیعتباری خەباتی دوورو درێژی لە هاوکێشە سیاسییە ناوچەییو جیهانییەکان دایەو هیوادارم کە بە تێگەیشتوویی سیاسی ئەو هەلە بقۆزێتەوەو ئەزموونو عەقڵییەتی سیاسیی پێشەوا قازی محەممەدو چۆنیەتیی ئیدارەی کۆماری کوردستان بکاتە هەوێنی چارەسەرو پێش خستنی دۆزی کورد لە ئێستادا.



کاک خالید عەزیزی لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا ئاماژەی بە ۷۰ ساڵ خەباتی حیزبی دێموکڕات دوای دامەزرانی کۆمار کردو گوتی: ئەگەر ئەو کۆمارە شانازییەکە بۆ حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، ئەوا نەتەوەی کوردیشی لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی ئەرکدار کرد؛ جۆرێک ئەرکداربوون کە لەو کاتەوە هیچ سەرکوتو ئەشکەنجەو گرتنو تۆقاندنێک کۆڵی بە کورد نەداوەو ئەو خەباتە تا سەرکەوتنی یەکجاری درێژەی دەبێ.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا باسی لە فەلسەفەی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە لایەن حیزبی دێموکراتی کردو گوتی ئەو فەلسەفەیە بۆ شەڕ نەبوو، بەڵام شەڕیان بەسەردا سەپاند؛ فەلسەفەی سیاسیو مەدەنیی کۆماری کوردستان بەشداری لە ئیدارەی وڵاتو وەرگرتنی مافی ئیدارەی ناوچەکانی خۆی بوو. ئەو فەلسەفەیە ئێستاش پاش ۷۰ ساڵ فەلسەفە، تایبەتمەندیو نێوەڕۆکی خەباتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانە.

کاک خالید عەزیزی هەر لەو بەشەی قسەکانیدا ڕوو بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان داوای کرد کە کەلک لە دەرفەتەکان وەربگیرێو کورد هیچ هەلو دەرفەتێک بۆ هێنانە بەرباسی ویستو داواکانیو وەدیهێنانی مافەکانی بەفیڕۆ نەدا. بەڕێزیان گوتی: خەڵکی کوردستان نابێ لەهەمبەر چارەنووسو مافەکانی بێتەفاوت بنو لەو پێوەندییەشدا دەکرێ شێوازی جۆراوجۆر تاقی بکرێتەوە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا باسی لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی مەجلیس لە ئێرانی کردو گوتی: کێشەی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی وا چارەسەر نابێ کە ئێمە بکەوینە خانەی قەزاوەت لەسەر ئەوەی ماهییەتی کۆماری ئیسلامی باشە یان خراپە، بە دڵنیاییە کە ماهییەتەکەی خراپە؛ وەنابێ حیزبە سیاسییەکان لە کێشە لەگەڵ یەکتردا ئەوە بۆ یەکتر سابیت بکەن کە کۆماری ئیسلامی خراپەو لایەنێک پێی باشە؛ دڵنیام هیچ لایەک لە ئێمە پێمان باش نییەو هیچمان لەوەدا تەوەهوممان نییە؛ بەڵام ئەوە بەشێکی بابەتەکەو بەشی سەرەکیی باسەکەو هونەرەکە لەوەدایە کە چۆن حیزبێکی سیاسی مەیدانەکە بۆ کۆماری ئیسلامی جێ نەهێڵێ.

کاک خالید عەزیزی هەر لەو بەشە لە قسەکانیدا گوتی هەڵبژاردن لە ڕوانگەی ئێمەوە بە مانای ئەوە نییە بچینە تەفسیرو تەعبیری ئەوەی کە ئاخۆ دێموکراتیکەو لەگەڵ پرەنسیپە جیهانییەکان دێتەوە یان نا؛ وەڵامەکەی ڕوونە کە هەڵبژاردن لە ئێران نادێموکڕاتیکە بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە ئێمەو خەڵکەکەمان لێی بێ تەفاوت بین. بەڵکوو دەبێ تێبکۆشین لەو فەزایەدا کە دروست دەبێ خەڵک ویستو داواو پرسەکانی خۆیان بێننە گۆڕێو خەڵک لە کوردستان عادەت بگرن بە هێنانە گۆڕێی پرسەکانی خۆیانو لە ئێرانیش بزانن کە کوردستان پرسو داوای تایبەتیی خۆی هەیە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە تەوەرێکی دیکەی وتارەکەی خۆیدا ئاماژەی بە شوناسی نەتەوەییو کوردی وەک یەکێک لە بنەماکانی دامەزرانی کۆماری کوردستانی کردو بە ئاماژە بە ئاڵۆزییەکان لە ناوچەکەو، شەڕی شیعەو سوننەو ناکۆکیی ئایینزاکان لەگەڵ یەکتری؛ بە سەرنجدان بە جۆراوجۆریی ئایینو ئایینزاکان لە نێو کورددا پێی لەسەر ئەوە داگرت کە لە گەرمەی ئەو کێشەو ئاڵۆزییەدا باشترین خزمەت بە ئامانجەکانمان ئەوەیە جۆراوجۆرییەکان دابەشمان نەکەنو یەکیەتیو یەکبوونو شوناسی نەتەوەیی خۆمان بپارێزینو ئەوەیە یەکێک لە ئەرکەکانی ئێمە بۆ بەهێزکردنی بنەماکانی کۆماری کوردستانە.

کاک خالید عەزیزی هەر لەو بەشە لە قسەکانیدا ئاماژەی بە بابەتی پرسی کوردو ئازەرییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو ناوچانەدا کرد کە کوردو ئازەری پێکەوە دەژین. کاک خالید عەزیزی پێداگری کرد کە تەنیا قەبووڵی واقعییەتەکانە ئێمە بە چارەسەر دەگەیەنێو لە مێژووشدا نموونەی ئەو لێکتێگەیشتنو قەبولکردنی ڕاستییەکان هەیەو ئەویش ئەزموونی هاوپەیمانیی کۆماری کوردستانو فیرقەی دێموکڕاتی ئازەربایجانە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕات گوتی پەیامی ئێمە هەمیشە ئاشتی، دانوستانو چارەسەری کێشەکان لەسەر بنەمای وتووێژو ڕێزگرتنو وێکهەڵکردنە؛ بەڵام جێگای خۆیەتی ڕوو لە ئازەرییەکان بکەینو پێیان بڵێین کە ئەگەر ئەوانیش وەک ئێمە بە دووی مافەکانی خۆیاندا دەڕۆن، نابێ لەو شوێنانەی کوردو ئازەری پێکەوە دەژین بیانەوێ کوردەکان بێ ماف بکەن.

کاک خالید عەزیزی گوتی ئازەرییەکان بە حاشاکردن لە مافەکانی کورد بە مافەکانی خۆیان ناگەن، بەڵکوو بە داننان بە مافی کوردەکانە دەتوانن مافەکانی خۆیان سەقامگیر بکەنو داواشمان لە خەڵکی کوردستان ئەوەیە کە لە سەر بنەماکانی ڕێزو حورمەتگرتنی یەکتر، هەرگیز بێمافیی خۆیان لە هیچ کەسو لایەنێک قەبووڵ نەکەن؛ ئەوە دەرسەکانی کۆماری کوردستانەو ئەوە مێژووی خەباتو تێکۆشانی حیزبی دێموکراتە.

خوێندنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ پرسی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستانو هەروەها کێشەی دێموکڕاتەکان چەند تەوەرێکی دیکەی قسەکانی کاک خالید عەزیزی لە یادی ۷۰ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان بوو.

لە پێوەندی لەگەڵ کێشەی دێموکراتەکان کاک خالید عەزیزی باسی ئەوەی کرد کە ئەگەر تا ئێستا ئەو دوو لایەنە لە پرسی یەکخستنەوەی حیزبی دێموکڕاتدا بە ئاکام نەگەیشتوون، ئەوە بەو مانایە نییە لە داهاتوودا کاری لەسەر ناکەین، بەڵکوو هیوادارین ئەزموونی ئەو چەند ساڵ دانیشتنو وتووێژە بەرچاوڕوونیی زیاترمان لە بابەت یەکخستنەوەی حیزبی دێموکڕات بداتێ.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو یادەدا کاک حەسەن دانشفەر شێعرێکی حەماسی بۆ یادی کۆماری کوردستان خوێندەوەو لە درێژەدا خاتوو شیرین شەریفی، گۆرانییەکی پێشکێش بە ئامادەبووانی یادەکە کرد.

خوێندنەوەی پەیامی هاوبەشی یەکیەتییەکانی ژنانو لاوانی دێموکراتی کوردستان لەلایەن سۆهەیلا قادری، سکرتێری یەکیەتیی ژنانو؛ هەروەها چەند گۆرانییەک بە دەنگی سەرکەوت مرادیو سەردار کرماشانی چەند بڕگەیەکی دیکەی ئەو کۆڕیادە بوون.

یادی ۷۰ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان بە پیرۆزبایی ئامادەبووان لە یەکترو شادیو شایی ئەوان بەو بۆنەیەو لەگەڵ گۆرانییە شادەکانی پێشمەرگەی هونەرمەند سەلاح هەورامی تا کاتی تەواوبوونی درێژەی پێدرا.

---

دریژەی

## کۆماری کوردستان، مانیفێستێکی نەتەوەیی

کۆماری کوردستان، ڕووداوێکی مێژوویی بوو بەڵام نەک بەو مانایە کە هاتو رابرد. بەڵکوو بەو خوێندنەوەیە کە شەقڵی خۆی لە سەر ڕێگاو ڕێبازی سیاسیی داهاتووی نەتەوەی کورد لەم پارچەیەی کوردستان بە جێ هێشتوە. ئەو دەسەڵاتە نەتەوەییە کورتخایەنە، لە ڕووی ئەو بەرنامەو خزمەتانەی پێشکەشی کردن، هەر وەها لە ڕوانگەی سیاسەتەکانی لە بواری جۆراوجۆرداو بە لەبەرچاوگرتنی ئەو مافو ئازادییانەی بۆ خەڵک دابینی کردبوون، بووە بە مۆدیلێک لە دەوڵەتو دەسەڵاتدارەتی نەتەوەیی کە حیزبی دیموکراتی کوردستانو خەڵکی دیکەش، هەتا ئێستاش بە هیوای دووبارە بنیاتنانەوەو زیندووکردنەوەین. کۆماری کوردستان، بە ڕووخانی، نەچووە نێو بۆتەی لەبیرچوونەوە، بەڵکوو بوو بە مانیفێستێکی سیاسی و نەتەوەیی بۆ بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. مانیفێستێک کە لە ماوەی ۷۰ ساڵی ڕابردوو دا ساڵ بە ساڵ زیاتر کەوتووەتە بەر سەرنجی خەڵکی ئەم بەشەی کوردستانو ئێستا ئیدی هەموان دەتوانن خۆیانی تێدا ببیننەوە.

لە بیرەوەریی ۷۰ ساڵەی ڕاگەیەندرانی کۆماری کوردستاندا، هەر ئەوەندە بەس نییە کە وەفاداریی خۆمان بەو مانیفێستە دووپات بکەینەوە. ئەو سیاسەتو پەیامەش کە سەرۆکی ئەو کۆمارە، پێشەوای نەمر قازی محەممەد لە یەکخستنی جۆراوجۆرییەکانی کۆمەڵدا لە سەری دەڕۆیشت ، دەبێ وەبیر خۆمان بێنینەوە. دەبێ هەموو جۆراوجۆرییەکانی نێو کۆمەڵگەو گۆڕەپانی سیاسی ببینین، ڕێزیان لێ بگرینو هەوڵ بدەین لە پێناوی ئامانجی گشتی و گەورەدا، کە ڕزگاریی کوردی ڕۆژهەڵات لە ژێر ستەمو بندەستییە، یەک بخەین. هەمووی ئەوانەی بەو چاوە سەیری کۆماری کوردستان دەکەن، دەکرێ بەردەنگی ئەم پەیام و چاوەڕوانییە بن. بەڵام کێ هەیە نەزانێ کە حیزبی دیموکرات (دێموکراتەکان) لە هەموان زیاترو لە پێشەوەی هەموان، بەردەنگی ئەم پەیام و چاوەڕوانییەن؟ بەردەنگێک کەلە پێشدا بۆ خۆی و لەنێوخۆیدا پێویستی بە یەکگرتنو یەکبوون هەیە.

---

### خالید عەزیزی:

## سیاسەتی ئێمە هاندانی خەڵک بۆ بەشدارییان لە پرسەکانی کۆمەڵگایە

کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە وتووێژ لەگەڵ کاناڵی ئاسمانیی "ڕووداو"دا کە بۆ باس لە سەر هەڵبژاردنەکانی مەجلیس لە ئێران تەرخان کرابوو، سیاسەتو خوێندنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی بۆ ئەو پرسە خستەڕوو.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هەر لە سەرەتای لێکدانەوەکەی بۆ هەڵبژاردنەکان لە ئێراندا گوتی: نیزامی هەڵبژاردنەکان لە ئێران دێموکراتیک نین، بەڵام لە هەموو هەڵبژاردنەکاندا هەندێ هەلو دەرفەت بۆ باسو هێنانەگۆڕێی مافو داخوازییەکان دێتە گۆڕێو ئێمە هەوڵ دەدەین لە هەڵبژاردنەکاندا کورد لە ئێران بتوانێ بە باشترین شێوەی ئەو هەلو دەرفەتانە لە بەرژەوەندیی خۆیو هێنانە بەر باسی مافو داواکانی بقۆزێتەوە. هەروەها نوێنەرانی هەڵبژێردراو لە شارو ناوچەکانی کوردستانیش لە مەجلیس بتوانن لە هەموو مەجالو کەلەبەرە قانونییەکان کەلک وەربگرنو بەپێی ئەرکو دەرووەستییەکانیان بەدووی مافو داواکانی خەڵکی کوردستاندا بڕۆن.

کاک خالید عەزیزی لە پێوەندی لەگەڵ سیاسەتی حیزبی دێموکڕات لەسەر پرسی هەڵبژاردنەکان لە ئێران گوتی ئێمە لە ئێستادا بە دووی ئەوەدا دەڕۆین خەڵک لە بێتەفاوەتی دەربێنین. سیاسەتی بەپەلەی بایکۆت بە مانای ئەستاندنەوەی دەرفەتەکان لە خەڵکە. لە نێوخۆی وڵات زۆر کەس هەیە جۆرێکی دیکە چاو لە سیاسەتو بەدواداچوونی مافو ئازادییەکانیان دەکەن، ئەوان تێدەکۆشن لە دەرفەتو مەجالە قانوونییەکان کەلک وەرگرنو؛ ئێمە دەبێ هاندەریان بینو، هەستی متمانەبەخۆبوون لە نێو خەڵکی خۆماندا بەرز کەینەوەو پشتیوانیان بین.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وەڵامی پرسیارێکی "هیوا جەماڵ"، بەڕێوەبەری بەرنامەی "ڕووداوی ئەمڕۆ" لە بابەت مێژووی هەڵوێستی بایکۆتی هەڵبژاردنەکان لەلایەن ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی نەیشاردەوە کە گرفتێکی سەرەکیی حیزبە کوردییەکان لە ماوەی ۳۷ ساڵی ڕابردوودا ئەوە بووە زۆر یەکلانەیەو تەکڕەهەندی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەڵسوکەوتیان کردوەو لە سیاسەتی بایکوتدا ماونەتەوە؛ قسەی حیزبی دێموکڕات لە ئێستادا ئەوەیە کە ئەگەر ئەو هەڵبژاردنانە مەجالو دەرفەتی زیاتر بە خەڵک بدا کە خۆیان لە بزووتنەوەیەکی مەدەنیدا ببیننەوەو ویستو داواکانی خۆیان بێننە گۆڕێو کۆماری ئیسلامی ناچار بە دانپێدانان بەو مافانە بکەن، ئەوە دەسکەوتێکی گەورەیە. بەڵام کە تۆ هاتیو بایکۆتت کرد ئەوە یەکجێ ئەو پەیامەت بە خەڵک داوە کە نەچێتە نێو ئەو پڕۆسەیە و کورد لەوەدا قازانج ناکا.

کاک خالید عەزیزی لە بەشێکی دیکەی ئەو باسەدا لایەنێکی دیکەو تایبەتمەندییەکی دیکەی هەڵبژاردنەکان لە کوردستان بە تایبەت لە چەند ناوچەیەکی باس کرد کە کوردو ئازەریی تێدا دەژین. سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە ئاماژە بە سیاسەتی کۆماری ئیسلامی بۆ گۆڕینی دێموگرافیی هەندێ ناوچەی کوردستان، باسی کە ئیرادەی کورد بۆ بەرگیری لەو سیاسەتە کردو هەڵبژێرانی نوێنەرانی کورد لەو ناوچانەی لە ڕووی مێژووییو گرینگیی سیاسییەوە بە پڕبایەخ ناوبرد.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە بەشێکی دیکەی باسەکانی پێوەندیدار بە گرینگیی هەڵبژاردنەکان بۆ کورد ئاماژەی بە پێکهێنانی " فڕاکسیۆنی کورد" لە مەجلیسی شەشەمدا کردو پێی وابوو کە نوێنەرانی شارو ناوچەکانی کوردستان ئەمجارەش دوای هەڵبژاردنەکان دەتوانن بەدووی پڕۆژەیەکی ئاوادا بچن. بەڕێزیان داننان بە واقعێکی لەو چەشنەو بە کۆبوونەوەیەکی لەو جۆرەی نوێنەرانی کورد لە مەجلیسی ئێران بە بابەتێکی گرینگو دەسکەوتێک بۆ کورد ناوبرد.

کاک خالید عەزیزی پێی لەسەر ئەوە داگرت کە ئەگەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئێران قانوونی نین، ئازاد نینو ڕێگەیان پێنەدراوە لە هەڵبژاردنەکاندا بەشدار بن، بەڵام با دەرفەتی ئەوە لە خەڵکەکە نەستێندرێتەوەو لەلایەن حیزبەکانەوە وایان لەگەڵ هەڵسوکەوت نەکرێ کە نەوێرن بچنە نێو ئەو گۆڕەپانە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ پرسی وتووێژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا تیشکی خستە سەر ئەوەی کە حیزبی دێموکڕات دانیشتن لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیدا ڕەت ناکاتەوە. کاک خالید عەزیزی پێی لەسەر ئەوە داگرت کە داواکانی کوردو حیزبی دێموکرات سیاسی، مەدەنی، قانوونیو حقووقینو هەر لە ڕێگای وتووێژەوە چارەسەر دەبن. بۆیە ئەگەر دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی داوای وتووێژ لەگەڵ حیزبی دێموکرات لەسەر پرسی کورد بکا، دەبێ حیزبی دێموکڕاتو هەموو حیزبە سیاسییەکانی کوردستان وەڵامی ئەرێنی بەو داوایە بدەنەوە.

# پەیامی ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەبۆنەی ٧٠ ساڵەی دەرچوونی ڕۆژنامەی «کوردستان»

٢٠ی بەفرانباری ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی (١٠ی ژانویەی ١٩٤٦) یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان زمانحاڵی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان چاپ کراو بڵاو بۆتەوەو ٢٠ی بەفرانباری ١٣٩٤، واتە ئەمڕۆ ٧٠ ساڵ تەمەنی پڕ لە شانازی خۆی پڕ دەکاتەوە.

بە هۆی وەزعییەتی سیاسی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە ماوەی ئەو ٧٠ ساڵەدا ڕۆژنامەی کوردستان بۆ چاپو بڵاو بوونەوەی توشی گەلێک کەندو کۆسپ بووە بەڵام بە هەوڵو هیمەتی بەرێوەبەرانی ڕۆژنامەو تێکۆشەرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان درێژەی بە ئەرکی پیرۆزی خۆی کە گەیاندنی پەیامی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانو ڕوشنگەری و گەشەپێدانی زمانو ئەدەبیاتو فەرهەنگی خەڵکی کوردستان بووە، داوەو بەو ئەرکانەی کە لە سەروتاری یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەدا لە ژێر ناوی "ئامانجی ئێمە"دا هاتووە؛ پابەندو وەفادار ماوەتەوە.

ڕۆژنامەی کوردستان لە ماوەی ئەو ٧٠ ساڵەدا هەموو کات هەوڵی داوە لە نووسینو بڵاوبوونەوەی بابەتەکانیدا زمانێکی پاراو و خاوێنو دوور لە بێڕێزی بە کار بێنێ بۆ ئەوەی ئاوێنەی باڵانوێنی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بێ.

ڕۆژنامەی کوردستان لەگەڵ ئەوەدا بەشی زۆری تەمەنی بە هۆی هەلو مەرجی سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان گوێزەگوێزو لە تاراوگەدا بووە، بەڵام بە هەوڵو هیمەتی بەرێوەبەرانی چاپو بڵاوبۆتەوەو بە دەستی هۆگرانی گەیشتۆتەوەو هەموو کاتێک ئەخلاقی ڕۆژنامە نووسی کردۆتە بەردی بناخەی کاری خۆی، هەر بۆیە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان شانازی بە ڕۆژنامەی کوردستان دەکاو بۆتە جێگای باوەر و متمانەی خەڵکی کوردستان.

بەو بۆنە پیرۆزەوە لە لایان ناوەندی راگەیاندنی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە پیرۆزبایی لە هەموو ئەو خۆشەویستانە دەکەین کە لە ماوەی ٧٠ ساڵی ڕابردوودا لە هەلو مەرجی سەختو دژواری خەباتدا هاوکارو پشتیوانو دۆستی ڕۆژنامەی کوردستان بوونو هەوڵ کوششی زۆریان کردوە بۆ ئەوەی ڕۆژنامەی کوردستان لە ساتو کاتی خۆیدا دەربچێو ئومێد دەخوازین کە لەوە بەدواش ڕۆژنامەی کوردستان هەروا خۆشەویستو جێگای متمانەی حیزبی دێموکڕاتو خەڵکی کوردستان بێ.

**ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان**
**٢٠ ی بەفرانباری ١٣٩٤ ی هەتاوی**

# بەڕێوەچوونی سێمینارێک بە بۆنەی یادی ٧٠ ساڵەی کۆماری کوردستان

لە سێمینارێکدا لە زانکۆی کۆیە کە بە بۆنەی یادی ٧٠ ساڵەی کۆماری کوردستان گیرا، باس لە چەند ڕەهەندێکی مێژوویی‌و سیاسیی کۆماری کوردستان کرا.

لەو سێمینارەدا کە ڕۆژی پێنجشەممە، ١ی ڕێبەندان لەلایەن یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کوردو یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە زانکۆی کۆیە ڕێکخرابوو، لە چەند ڕەهەندی جۆراوجۆرەوە دەسکەوتەکانی کۆمار، گرینگیی ئەو دەسەڵاتە کوردی‌یە لەو سەردەمەدا، پێگەی قانوونیی کۆمارو سەمبۆلە نەتەوەیی‌یەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان خرانە بەر باس.

لە بڕگەی یەکەمی سمینارەکەدا دوکتور هۆشمەند عەلی مەحموود، مامۆستای مێژوو لە زانکۆی کۆیە لە بابەتێکدا لە ژێر ناوی "دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان لە ماوەیەکی کورتی مێژوویی‌دا" تیشکی خستە سەر گرینگیدانی کۆمار بە بوارە جۆراوجۆرەکانی بەڕێوەبەریی کۆمەڵگاو بە تایبەت بواری ڕووناکبیری.

دوکتور هۆشمەند وێڕای ئاماژە بە هەستیاری بارودۆخی ئەوکاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو بەرز نرخاندنی هەوڵەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانو شەخسی قازی محەممەد لە دامەزراندنی کۆماردا، بەشی زۆری باسەکەی تەرخان کرد بۆ بایەخدان بە لایەنی ڕووناکبیریی هەوڵەکانی کۆمار لە ماوەی ٣٣٠ ڕۆژ تەمەنی ئەو دەسەڵاتە کوردی‌یەدا.

دوکتور هۆشمەند لە بەشێکی دیکەی قسەکانی‌دا گوتی کۆماری کوردستان جگە لە دانانی وەزارەتێکی تایبەت بۆ ئەم بوارە، چەند بنیاتێکی دیکەشی بە مەبەستی گەشەی ڕووناکبیری لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کۆماردا پێکهێنا، کە لە گرینگترین کارەکانیان بە ڕەسمی‌کردنی زمانی کوردی لە دامودەزگاکانی کۆماردا، گۆڕینی ناوی قوتابخانەکان بۆ ناوی کوردی‌و خوێندن تێیان‌دا بەو زمانە، دانانی فەرهەنگستانی زمانی کوردی، چاپو بڵاوکردنەوەی چەند ڕۆژنامەو گۆڤار لە شارەکانی مەهابادو بۆکان بە زمانی کوردی، دامەزرانی ئێزگەی رادیۆی کوردی، وەڕێ‌خستنی شانۆی سەرشەقامو سینەمای گەڕۆک بۆ بردنە سەرێی ئاستی ڕووناکبیریی خەڵکو کۆمەڵێک کارو چالاکیی دیکە لەو بوارەدا بوو.

بەڕێزیان لە درێژەی باسەکەی‌دا پێکهێنانی سوپای کوردستانو ناونانی جەنگاوەری کورد بە "پێشمەرگە"ی وەک دەسکەوتێکی گرینگی دیکەی کۆمار ناساند.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو سمینارەدا ئارەزوو نستانی، مامۆستای زانکۆو شارەزا لە قانوونی نێودەوڵەتی بابەتێکی پێشکەش کرد لە ژێر ناوی "کۆماری کوردستان بە پێودانگی پڕەنسیپەکانی قانوونی نێودەوڵەتی".

ناوبراو هەوڵی دا بە پشتبەستن بە بنەما پەسندکراوە نێودەوڵەتی‌یەکانو هەڵسەنگاندنی گوتاری ڕێبەرانی کۆمار بە تایبەت پێشەوا قازی محەممەد لە وتارەکانی لە بۆنە فەرمییەکان‌داو پێوانی ئەو گوتارە بە پێودانگی یاساو ڕێسا نێودەوڵەتی‌یەکان، کۆماری کوردستان وەک دەسەڵاتێکی سەربەخۆ بناسێنێ.

ئارەزوو نستانی گوتی: کۆماری کوردستان سەرجەم ڕەگەزەکانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی لە خۆی‌دا کۆ کردبۆوەو خاوەنی هەر سێ ڕەگەزی هەرێمو جەماوەرو دەسەڵاتی سیاسی بوو. کە ئەم سێ ڕەگەزە لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتی‌یەکاندا وەک مەرجی بوونی دەوڵەتی سەربەخۆ دانیان پێدا نراوە.

بەڕێز نستانی لە درێژەدا ئاماژەی بەوە کرد کە کۆماری کوردستان هەوڵی داوە پرسی کورد لە چواچێوەیەکی بەرتەسکی نێوخۆیی ڕزگار بکاو دەنگی کورد بە دنیای دەرەوە بگەیەنێ‌و بە پەیوەندی گرتن لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر وەک یەکیەتیی سۆڤیەتو کۆماری ئازەربایجانو هەروەها مەترەح کردنی کێشەی کورد لەگەڵ نوێنەرانی وڵاتان بەرگری لە مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کورد بکاو بیان‌کاتە پشتیوانی کۆمار.

بەڕێزیان لە درێژەی باسەکەی‌دا بە ئاماژەدان بە دیدی بەربڵاوی سەرانی کۆمار بە نیسبەت سیاسەتی ناوچەیی‌و جیهانی، گوتی ٧٠ ساڵ لەمەوبەر راگەیەنە موعتەبەرەکانی وڵاتانو کۆڕو کۆمەڵی نێودەوڵەتی گرینگیان بە کۆماری کوردستان داوەو بە شێوەی ئەرێنی و نەرێنی لە سەر کۆمار دواون کە لە ڕۆژنامەی "کوردستان"ی سەردەمی کۆماردا بە بایەخەوە ئاوڕیان لێ دراوەتەوە.

لە بڕگەیەکی دیکەی سێمینارەکەدا پێشەوا عەلیپوور، سکرتێری یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وتارێکی بە ناونیشانی "کۆماری کوردستانو کاریگەرییەکانی دوای ٧٠ ساڵ" پێشکەش کردو لە بەشێکی وتارەکەی‌دا گوتی: کۆماری کوردستان بەرهەمی ئەقڵییەتی شەڕخوازانەو تێکهەڵچوون نەبوو، کۆماری کوردستان کۆمارێکی مەدەنی‌و دێموکراتیکو بەرهەمی ئەقڵییەتێکی مۆدێرن بوو کە لە ئاکامی قۆستنەوەی دەرفەت‌داو لە بۆشایی دەسەڵات لە بەشێکی کوردستان پێک هاتبوو.

سکرتێری یەکیەتیی لاوان لە بەشێکی دیکەی وتارەکەی‌دا پەڕژایە سەر لایەنێکی مێژوویی کۆمارو گوتی: دوای دامەزرانی کۆماری کوردستان، هەردوو دەسەڵاتی فیرقەی ئازەربایجانو ئازەربایجانی سوڤیەتی پێشوو هەوڵیان دەدا کە کۆماری کوردستان ببێتە بەشێک لە حکومەتی میللیی ئازەربایجان، بەڵام قازی محەممەد بە مەنتیقی خۆی‌و بە موزاکەرەو دانوستان لەگەڵ تەورێزو باکۆ، هەروەها لەگەڵ نوێنەرانی سووڤیەتی پێشوو، پێیان دەڵێ "نەخێر"و؛ پێیان دەسەلمێنێ کە کورد حکوومەتی کۆماری کوردستان دادەمەزرێنێ‌و نابنە پاشکۆی هیچ دەوڵەتو هێزێک."

دوایین کۆڕگێڕی سێمینارەکە ڕەحمان سەلیمی، سکرتێری یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد بوو کە باسێکی لە ژێر ناوی "سەمبۆل سازی لە کۆماری کوردستان‌دا" پێشکەش بە ئامادەبووان کرد. ڕەحمان سەلیمی بوونی ڕەمزو سەمبۆلی بۆ هەر کۆمەڵێکی مرۆیی سیاسی، فەرهەنگی یان کۆمەڵایەتی بۆ مانەوەو بەردەوامی ئەو کۆمەڵەیە بە زەروری وەسف کردو ئاماژەی بەوە دا کە کاتێک ئەو سیمبۆلانە گرینگی‌یەکەیان زیاتر دەردەکەوێ کە تایبەت بن بە نەتەوەیەک. هەر بۆیە کۆماری کوردستان وێڕای دەرک کردن بەو زەروورەتە، کۆمەڵێک سەمبۆلی بەنرخی پێشکەش بە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد کردووە کە بوونەتە ڕەمزی هاوبەشی نەتەوەکەمانو هەستی هاوچارەنووسی لە نێو کوردان‌دا بەهێز کردووە.

سکرتێری یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە درێژەی باسەکەی‌دا ئەو سەمبۆلانەی بە ملکی هەموو کورد زانی‌و گوتی: بە داخەوە لە نەبوونی دەسەڵاتێکی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەرچاوەی ئەو سەمبۆلانە تۆزی فەرامۆشی‌یان لێ نیشتووەو بەو شێوەیە غەدر لە دەسکەوتەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کراوە، بە تایبەت لە باشووری کوردستان بە هۆی بوونی دەسەڵاتێکی سیاسی بە جۆرێک هەوڵی قۆرغکاری دەبینرێ‌و ئەوەش شعووری میللیی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بریندار کردووەو ئەگەر بە وشیارییەوە مامەڵە بەو پرسەوە نەکرێ وێدەچی بەرەوڕووی مەترسی لێکترازانی نەتەوەیی ببینەوە.



# دەربارەی «ڕوونکردنەوە»یەک

دوای بێ‌ئاکاممانەوەی وتووێژەکانی دوولایەنی دێموکڕات و پاش چەند مانگ بێدەنگی و بێخەبەری، ڕۆژی ١٥ی بەفرانباری ١٣٩٤ (٥ی ژانویەی ٢٠١٦) حدکا بەناوی سکرتاریاوە "ڕوونکردنەوە"یەکی بڵاو کردۆتەوە کە لەودا هەوڵی داوە ئۆباڵی سەرنەکەوتنی وتووێژەکان و بێ‌ئاکام‌مانەوەی هەوڵی یەکگرتنەوە بخاتە ئەستۆی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان. دەگەڵ ئەوەی هیچ نیشانەیەک لە هەوڵێکی جیددی بۆ چارەسەری گیروگرفتەکانی نێوان ئەم دووحیزبە لەو "ڕوونکردنەوەیە"دا بەدی ناکرێ و بەتایبەتی هەڵبژاردنی زەمانی بڵاوکردنەوەی بابەتێکی لەو جۆرە پرسیارخولقێنە، پێویستە بۆ ئاگاداریی تێکۆشەرانی دێموکڕات و حیزب و لایەنە سیاسی‌یەکان و تێکڕای خەڵکی کوردستان ڕابگەیەنین کە:

* بەدرێژایی ساڵانی دانیشتن و وتووێژی دوولایەنە ئەو هاوڕێیانە نەک هەر هیچ‌وەخت گەڵاڵە و نەخشەرێگایەکی نووسراوو فۆرمووڵەکراویان بۆ چارەسەری ناکۆکی‌یەکان نەخستۆتە بەر چاو، بەڵکوو لە کۆبوونەوە دووقۆڵی‌یەکانیش‌دا بەدەگمەن نەبێ باسێکیان لە میکانیزمی یەکگرتنەوە نەکردوە و وەختی دانیشتنەکانیان پتر بە باسی مەسایلی لاوەکی تێپەڕ کردوە، لە حاڵێک‌دا حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە تێگەیشتنی ئەو ڕاستی‌یە کە کۆمەڵانی خەڵک پاش هەر کۆبوونەوەیەک چاوەڕێن خەبەری هەوڵەکانی یەکگرتنەوە ببیسن، نەک بۆچوونی دوولایەن لەسەر مەسەلە ناوچەیی و نێونەتەوەیی‌یەکان، -هەرچەند ئەمانە هەموویان لەجێی خۆیان‌دا گرنگن- هەم پڕۆژەی نووسراوی پێشکەش کردوە و هەم پێی لەسەر باسی میکانیزمەکانی یەکگرتنەوە داگرتوە.

* ئەگەرچی هەموو ئەو بابەتانەی لە "ڕوونکردنەوە"کەدا هاتوون قسەیان لەسەرەو وەڵامی ڕوونیان لەلای حیزبی دێموکڕات هەیە، بەوحاڵە هێندێ خاڵی موسبەت لەو نووسراوەدا دەبینرێن کە ئەگەر ئەو هاوڕێیانەش بیانەوێ بە هەردووک لامان حیزبی دێموکڕاتی ئایندە دروست بکەینەوە، بۆ ئەوە دەبن کە بۆ گەیشتن بە نوختەنەزەری هاوبەش و سەرەنجام بەدی‌هێنانی ئامانجە گەورەکە کە بنیاتنانەوەی حیزبی دێموکڕاتێکی بەهێز و یەکپارچەیە، بێنە بەرباس و قسەیان لەسەر بکرێ. بەڵام لەبەر ئەوەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە هەلومەرجی ئێستادا سەرقاڵی خۆئامادەکردن بۆ بەستنی گۆنگرەی شازدەهەمی خۆیەتی، وا بە باش دەزانێ کە بەدواداچوونی ئەو بابەتە هەڵبگرێ بۆ دوای کۆنگرە، کە دڵنیاشە ڕێبەرایەتیی هەڵبژێراوی کۆنگرەی شازدەیەم لەسەر سیاسەتی یەکڕیزی‌خوازانەی تائێستای حیزب بەردەوامو پێداگر دەبێ.

* داوا لە تێکڕای تێکۆشەرانی دێموکڕات دەکەین لە هەموو جێگایەک و بەتایبەتی لە فەزای مەجازی‌دا خۆیان لە هەر کارێک کە فەزای تێک‌گەیشتن و پێک‌گەیشتن بشێوێنێ بپارێزن و تەنانەت ئەگەر هاوڕێیانی لایەنی بەرامبەریش شتی دەمارگرژانەیان بڵاو کردەوە، هاوڕێیانی کادرو ئەندام و لایەنگری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان خۆ لە وەڵام‌دانەوە ببوێرن. ئەرکی هەمووان خوڵقاندنی فەزای سالم و پێوەندیی سالمەو دەبێ هەموو هەوڵ و تواناکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی دوژمنانی ماف و ئازادی‌یەکانی گەلی کورد زەخیرە بکرێن.

**سکرتاریای حیزبی دێموکڕاتی کوردستان**
**١٣٩٤/١٠/٢٠ (٢٠١٦ /١٠/ ٠١)**

# پەیام بۆ کۆنگرەی پارتی دیموکراتیکی گەلان(H.D.P)

**بەڕێزان سەلاحەدین دەمیرتاش و فیگەن یوکسەکداغ، هاوسەرۆکانی H.D.P!**
**دۆستانی بەڕێز لە کۆنسەی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتیکی گەلان!**
**بەشدارانی بەڕێزی کۆنگرە!**

لە لایەن ڕێبەری‌و هەموو تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە، بە بۆنەی بەستنی کۆنگرەی ئاساییتان، گەرمترین پیرۆزباییتان پێشکەش دەکەین.

کۆنگرەی ئێوە لە کاتێکدا پێک دێ کە خەڵکی بەشێک لە شاروگوندەکانی باکووری کوردستان، یەکێک لە ناخۆشترین هەلومەرجەکانی ئەم ساڵانەی دوایی تێپەڕ دەکەن. هەر ڕۆژەی ژمارەیەک لە لاوان و ژنان و منداڵان گیانیان لێ دەستێندرێ‌و، بنکەو بارەگاکانو کەسایەتییەکانو ئەندامانو لایەنگرانی ئێوەش، بوون بە ئامانجی هێرشو گوشاری هێزە ئەمنیەتییەکان. لە لایەکی دیکەشەوە بە هۆی زاڵکرانی ڕێوشوێنی نیزامی و بارودۆخی نائاسایی، خەڵک بۆ دەستڕاگەیشتن بە سەرەتاییترین پێویستییەکانی ژیانیان، لە گەڵ بەربەست بەرەوڕوون.

حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە ڕێگای ئێوە و کۆنگرەکەتانەوە، هاوسۆزی‌و هاوپێوەندیی خۆی لە گەڵ گەلی کورد لە باکووری کوردستان دووپات دەکاتەوە. خەباتی هێمنانەو ئاشتیخوازانەو جەماوەریی خەڵکی باکووری کوردستان کە لە شێوەی ڕێپێوانو متینگو مانگرتن یا بەشداریی هەراو لە هەڵبژاردن و سوود وەرگرتن لە خەباتی پارلمانی دا، خوی نواندوە، هەموو کات جێگای پشتیوانیمان بووە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان هەموو کات لە گەڵ ئەوە دابووە کە هەم دەوڵەتی تورکیە و هەم ئۆپۆزیسیۆنی کورد، ڕێگای دیالۆگ و ئاشتیخوازانە بۆ چارەسەری پرسی ڕەوای کورد لە تورکیە بگرنە بەر. لە گەڵ ئەوەی پێمان وایە کۆتایی هێنان بە بارودۆخی نائاسایی ئێستا لە پلەی یەکەم دا لە ئەستۆی دەوڵەتو حیزبی یەکەمی وڵاتە، هیوامان ئەوەیە ئەم کۆنگرەیەی ئێوەش بە نۆرەی خۆی هەوڵی ژیاندنەوەی ڕەوتی دیالۆگو ئاشتی‌و دۆزینەوەی ڕێگاکانی دەرچوون لەم بارودۆخە دڵتەزێنەی ئێستای خەڵکی باکووری کوردستان بدا.

دۆستانی بەڕێز! وێڕای دووپاتکردنەوەی پشتیوانیی خۆمان لە داوا ڕەواکانی گەلی کورد لە باکووری کوردستانو خەباتو خۆڕاگریی ئێوە لە پێناوی بەرەوپێشبردنی پرسی کورد لە تورکیە، بۆ کۆنگرەکەتان زۆرترین سەرکەوتن بە ئاوات دەخوازین.

حیزبی دیموکراتی کوردستان
دەفتەری سیاسی
٢٠ی ژانویەی ٢٠١٦

سیاسی

# ڕەفتاری دووفاقەی کۆماری ئیسلامی و حوکمی ئیعدام



عومەر باڵەکی

ماوەیەک لەوە پێش «شیخ نمرباقرالنمر» کەسایەتیی شیعە لەگەڵ ٤٦ کەسی دیکە بە تاوانی مەترسی بۆ سەر ئەمنیەتی نەتەوەیی لەلایەن دەسەڵاتدارانی عەرەبستانی سعوودی‌یەوە حوکمی ئێعدامیان لەسەر جێبەجێ کرا. بەدوای بڵاو بوونەوەی هەواڵی ئێعدامی «شیخ نمر» دژکردەوەیەکی توند و بەربەرین لە نێو دنیای شیعەدا بەدژی دەسەڵاتدارانی عەرەبستانی سعوودی دروست بوو کە پاڵنەر و وەگەڕخەری ئەو حەرەکەتە کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو.

دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە ئایەتوڵلاکانەوە بگرە هەتا فەرماندەکانی سپا و نوێنەرانی مەجلیس هەرکام بە نۆرەی خۆیان لێدوانیان دا و بە توندی ئێعدامی «شیخ نمر»یان مەحکووم کرد کە سەرەنجام کۆمەڵێک بەسیجی و حیزبوڵلایی هێرشیان کردە سەر باڵوێزخانەی عەرەبستانی سعوودی لەتاران و کونسوولگەریی ئەو وڵاتە لە مەشهەد و زیان و خەسارێکی زۆریان بەو دوو شوێنە گەیاند. حەرەکەتێک کە لەگەڵ هیچ یاسا و ڕێسایەکی نێونەتەوەیی تەبا نیە و لەڕاستی‌دا پێشێل‌کردنی هەموو ئەو ڕێکەوتننامانەیە کە بۆ پاراستنی شوێنە دیپلۆماسی‌یەکان و گیانی دیپلۆماتەکان لە لایەن دەوڵەتەکانەوە پەسەند کراون و ئێران یەکێک لەو دەوڵەتانەیە کە ئەو ڕێکەوتننامانەیان واژۆ کردوە .

ئەوەی لە تاران و مەشهەد بەدژی ناوەندە دیپلۆماتی‌یەکانی عەرەبستان ڕووی دا، بوو بە هۆی نیگەرانیی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و لە ناوچەکەش‌دا کۆمەڵێک لە دەوڵەتانی عەرەبی بۆ پشتیوانی لە عەرەبستانی سعوودی پێوەندی‌یە سیاسی‌یەکانی خۆیان لەگەڵ ئێران پچڕاند.

بەو پێشەکی‌یە دەمانەوێ بچینە نێو باسێک بۆ ئەوەی ڕوخساری کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی دەگەڵ ئێعدامی «شیخ نمر»، هاونیشتمانی عەرەبستانی سەعوودی‌دا، کە گەیشتە جێگایەک پێوەندی‌یە دیپلۆماسی‌یەکانی خۆی لە گەڵ وڵاتانی دەوروبەر بپچڕێنێ، دەر بخەین. ئەو نارەزایەتی‌دەربڕینە لە حاڵێک‌دایە کە لە نێوخۆی ئێران‌دا ساڵانە بە سەدان کەسی بێ‌تاوان لەژێر ناوی دژایەتی لەگەڵ خوا و نیزام‌دا ئێعدام دەکرێن بەبێ ئەوەی هیچ دەسەڵاتێکی ناوچەیی وە دەنگ بێ یان لە نێوخۆی وڵات‌دا ئیزن بەخەڵک بدرێ بەشێوەی مەدەنی‌یانە نارەزایەتیی خۆیان لەو ئێعدامانە دەر ببڕن.

هەموو شارەزایان ئاگادارن کە بە پێی قانوونی بنەڕەتیی ئێران سەرکۆماری ئەووڵاتە بەرپرسی ئیجرا و چاوەدێری بەسەر جێبەجێ‌کردنی بڕگە و مادەکانی قانوونی ئەساسی‌دایە، بەڵام ڕۆژانە دەبینین سەرەڕای کەم‌وکورتیی قانوونی ئەساسی دیسان بە ئاشکرا لە ژێر ناوی جۆراوجۆر دا ئەو ئەسڵ و بڕگانەی لە بەشی سێهەم «حقوق ملت»دا هاتوون لە بەر چاوی سەرکۆمار و دەوڵەتەکەی‌پێشێل دەکرێن. بەڵام جەنابی سەرکۆمار، ئاغای ڕووحانی لە دیدارێک دا کە لە تاران دەگەڵ وەزیری دەرەوەی دانمارک هەیبوو لە پێوەندی دەگەڵ ئێعدامی «شیخ نمر»دا دەڵێ «وەڵامی ڕەخنەگرتن سەرپەڕاندن نیە« و لە درێژەی قسەکانی‌دا دەڵێ « هیوادارین وڵاتانی ئورووپایی کە هەموو کات لەسەر مەسائێلی مافی مرۆڤ هەڵوێستیان هەبووە، لەو بابەتەش‌دا ئەرکی خۆیان بەجێ بگەیەن».

ئەو دووخاڵە لە وتەکانی ڕووحانی‌دا جێگای سەرنجن و جێگای خۆیەتی ڕووبەڕووی خۆی و دەسەڵات و حکوومەتەکەی بکرێنەوە و بیری بخرێتەوە، پێش ئەوەی قسە لەو بابەتە بکا پێویستە مێژووی ٣٧ساڵەی کۆماری ئیسلامی بێنێتە بەرچاوی خۆی و پرسیار لە خۆی بکا، ئایا بەڕاستی هەموو ئەوانەی لە ژێر سێبەری دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی‌دا ملیان بە پەتی سێدارەوە کراوە یان بە کۆمەڵ گوللەباران کراون ،تاوانبار بوون و ئێعدام کردنیان وەک سزا لە گەڵ تۆمەتەکانیان هاوسەنگ بوو؟

لەماوەی ٣٧ ساڵی ڕابردوودا بە پێی ئامارە ڕەسمی‌یەکان بە هەزاران کەس لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی ئێران تەنیا لەسەر ڕەخنەگرتن لە شێوەی بەڕێوەبەریی وڵات یان داوای ژیانێکی باشتر لە سێدارە دراون و گیانیان لێ ئەستێندراوە.

ئێعدام لە نیزامی کۆماری ئیسلامی‌دا بە شێوەیەک بە دژی نەیارانی بەکار هێنراوە کە لە کۆمەڵگەی ئێران دا بۆتە کردارێکی عادی بە جۆرێک کە لەداردانی مرۆڤەکان لەبەر چاوی خەڵک کە ئەو شێوە ئێعدام‌کردنە پێچەوانەی هەموو یاسا و ڕێسا نێو نەتەوەیی‌یەکانە بۆتە نەریت و فەرهەنگ .

مێژووی کۆماری ئیسلامی پڕە لە زەبروزەنگ و تۆقاندن و ئەگەر لاپەڕەکانی مێژووی کۆماری ئیسلامی هەڵدەدەینەوە دەردەکەوێ کە بە قەد هەموو ڕۆژەکانی ساڵ و بگرە زۆر جار لە ژمارەی ڕۆژەکانیش پتر خەڵک ئێعدام کراون، بەبێ ئەوەی پێیان گوترابێ لە سەر چی و بە چ هۆکارێک حوکمی ئێعدامیان بەسەردا سەپاوە.

بۆ ئەوەی زیاتر قووڵایی و پانتایی تراژیدیای ئێعدام لە کۆمەڵگەی ئێران لە سەر دەمی کۆماری ئیسلامی‌دا دەر بخەین پێویستە بەراوردێک لە نێوان حکوومەتی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیدا بکەین. هەر چەند نیزامی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی لە زۆر خالی جەوهەری‌دا کۆپیی یەکترن، بەڵام نیزامی پاشایەتی لەگەڵ ئەوەی لە نێوخۆی ئێران‌دا مافی مرۆڤی پ‌ءشێل دەکرد هەمووکات هەوڵی دەدا روخسارێکی سەردەمیانە لە خۆی نیشانی دنیای دەرەوە بدا. بە پێی ئامارەکان لە ماوەی ٣٧ساڵ پاشایەتیی محەممەد ڕەزاشای پەهلەوی‌دا لە سەر یەک ٦٢١کەس ئێعدام کراون کە بە شێوەی نێونجی دەتوانین بڵێین لە ساڵ‌دا لە نێوان ١٦ بۆ ١٧کەس ئێعدام کراون. بەڵام ڕێژەی ئێعدامەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی‌لە ماوەی ٣٧ساڵ دەسەڵاتدارەتی‌دا سەر لە هەزاران کەس دەدا بۆ نموونە بە پێی ئاماری ڕێکخراوەکانی پارێزگاری لە مافەکانی مرۆڤ لە نێوان ساڵەکانی ٦٠ هەتا ٦٧ی هەتاوی‌دا ١٠٧٨٧کەس سزای ئێعدامیان لە سەر جێبەجێ کراوە و هەر لە نێوان ئەو ساڵانەدا بە پێی ئامارەکانی بەردەست ٨٣٢کەس لە خۆرهەڵاتی کوردستان ئێعدام کراون. ئەگەر لەو دەورانە تێپەڕ بین و بەراوردی ڕێژەی ئێعدامەکان لە نێوان ساڵەکانی ٧٤ هەتا ٩٤ی هەتاوی بکەین دەبینین ئاماری ئێعدام لە کۆماری ئیسلامی‌دا ساڵ بە ساڵ ڕووی لە زیادبوون کردوە. بە پێی ڕاگەیاندنی دەوڵەت لە ساڵی٧٤ی هەتاوی‌دا ٩٤ کەس سزای ئێعدامیان بەسەردا جێبەجێ کراوە کە لە ساڵی ٩٤ی هەتاوی‌دا ڕێژەی ئێعدام خۆی لە ٩٠٠کەس نزیک کردۆتەوە.

ئێستا پێویستە بۆ جارێکی دیکە ئەو پرسیارە ڕووبەڕووی ئاغای ڕووحانی بکەینەوە، کە چۆنە لە پلەی سەرکۆماری‌دا ڕێوشوێن بۆ دەوڵەتێکی دیکە دادەنێ و دەڵێ «وەڵامی ڕەخنەگرتن ئێعدام نیە« بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژ ڕێژەی ئێعدام لە ژێر سێبەری دەسەڵاتەکەی ئەودا ڕوو لە زیادبوونە؟ یان تەحەممولی ڕەخنەگرتن بۆ دەولەتانی دیکە بە ئەرک دەزانێ، بەڵام بۆ خۆیان تەحەممولی ڕەخنە ناکەن و یان لە پلەی کەسی یەکەمی دەزگای ئیجرایی کۆماری ئیسلامی‌دا قەت بۆی نەبۆتە پرسیار کە بۆچی و بە چ هۆکارێک ڕێژەی ئێعدام لە ئێران‌دا بەو شێوە تۆقێنەرە چۆتە سەرێ. ئەگەر ئەو دیاردەیە نیشانەی زیادبوونی تاوان و تاوانکاری بێت ئەوە خۆی دەرخەری ئەو ڕاستی‌یەیە کە شێوەی بەڕێوەبردنی وڵات لە سیستمی کۆماری ئیسلامی‌دا لە سەر پایە و بناخەیەکی نادروست دانراوە و لە ماوەی ٣٧ساڵی ڕابردوودا کۆماری ئیسلامی لە بواری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی‌دا نەیتوانیوە مۆدێلێکی سەرکەوتوو نیشان بدا.

بەشێکی دیکەی قسەکانی ڕووحانی ڕووی لە وڵاتانی ئورووپایی و وەزیری دەرەوەی دانمارک بوو کە دەڵێ: «ئێوە وڵاتانی ئورووپایی هەمووکات لەسەر پێشێل‌کردنی مافی مرۆڤ وەدەنگ هاتوون و هەڵوێستتان هەبووە و ئێستاش لەسەرتانە ئەو کردارەی عەرەبستانی سعوودی (ئێعدامی شێخ نەمر) مەحکووم بکەن». لە حاڵێک دا سەرکۆماری ئێران ئەو قسەو داخوازی‌یە ڕووبەڕووی وەزیری دەرەوەی وڵاتێکی ئورووپایی دەکاتەوە کە خۆیان واتە کۆماری ئیسلامی سەردەمانێک خاکی ئورووپایان کردبوو بە مەیدانی ڕمبازێنی تیرۆرو تیرۆریستە دەست‌پەروەردەکانیان و لەوکاتەدا وڵاتانی ئورووپایی بە دوای دەرچوونی حوکمی دادگای میکونوس‌دا هەڵوێستی ئێستای وڵاتانی عەرەبی و موسوڵمان واتە پچڕاندنی پێوەندی‌یە دیپلۆماسی‌یەکانیان لەگەڵ ئێرانیان ڕەچاو کرد و هەر ئەوە وای کرد کە کۆماری ئیسلامی واز لە تیرۆری دژبەرانی لە وڵاتانی ئورووپایی‌دا بهێنێ. بێجگە لەوە وا دیارە ئاغای ڕووحانی ئاگای لەوە نیە کە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی هەموو ساڵێ لە لایەن ڕێکخراوە جیهانی‌یەکانی مافی مرۆڤەوە بەهۆی پێشێل‌کردنی مافی مرۆڤەوە مەحکووم دەکرێ و بڕیارنامەی لەسەر پەسەند دەکرێ.

لە کۆتایی‌دا پێویستە ئەوە بگوترێ کاتێک گەلانی ئێران دەتوانن پشوویەکی ئاسوودە بدەن کە یان کۆماری ئیسلامی ڕووخابێ و لە دەسەڵات‌دا نەمابێ و بە جێگای ئەو حکوومەتێکی دیموکراتیک و خەڵکی جێگیر بووبێ و یان کۆماری ئیسلامی وازی لەو خەونە گەورەیەی خۆی هێنابێ کە بە کوشتار و تیرۆر و تۆقاندن و پەروەردەکردنی تیرۆریست، «شۆڕش» هەناردەی وڵاتان دەکا و دەتوانێ ئیمپراتووریەتی ئیسلامی بە ڕێبەری ولایەتی فەقیه و ناوەندیەتیی ئێران دابمەزرێنێ، کە وازهێنان لەو خەونەش بۆ دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی مەحاڵە، چونکە کۆماری ئیسلامی لە سەر ئەو فەلسەفەیە دامەزراوە کە دەبێ ڕێبەریی «امت واحدة»ی ئیسلامی بکا.

---

سیاسی

# بەڵێنی ئێران بە بەشار ئەسەدو حیزبوڵلا

## بۆ دابین‌کردنی پێداویستی‌یە دەرمانی‌و پزیشکی‌یەکانیان



عەلی بداغی

ماوەیەک بوو کەمتر باسی یارمەتی‌یەکانی ئێران بە سووریە و حیزبوڵلای لوبنان و ڕێکخراوە تێرۆریستی‌یەکانی سەر بەو ڕێژیمە لە ناوچە دەکرا، کە دیارە بەشێکی لەبەر قورسایی گەمارۆ ئابووری‌یەکانی سەر ئێران و دۆخی تێکتەپیوی ئابووریی ئەو وڵاتە بوو؛ بەڵام ئێستا کە گەمارۆکان شل کراون و قەرارە زیاتر لە ١٠٠ میلیارد دۆلار پووڵی ئێران ئازاد بکرێ، هەواڵەکان باس لەوە دەکەن کە ئێران دەیەوێ دەست پێ‌بکاتەوە.

هەواڵەکان باس لەوە دەکەن کە کۆماری ئیسلامیی ئێران دابین‌کردنی پێداویستی‌یە دەرمانی و پزیشکی‌یەکانی سووریە و لوبنانی گرتۆتە ئەستۆ.

وەزیری بێهداشتی کۆماری ئیسلامی کە لە بەرەبەری هەڵگیرانی گەمارۆ جیهانی‌یەکان و زۆربوونی داهاتی کۆماری ئیسلامی‌دا سەردانی سووریە و لوبنانی کردبوو، لە دیدار و چاوپێکەوتن لەگەڵ کاربەدەستانی پایەبەرزی سووریە و لوبنان‌دا بەڵێنی پێدان کە پێداویستی‌یە دەرمانی و پزیشکی‌یەکانی ئەوان لەلایەن ئێرانەوە دابین دەکرێن.

حەسەن هاشمی هەروەها گوتی کە کۆماری ئیسلامی بە دانی بوورسیە بە خوێندکارانی سووری و حیزبوڵلاهیی لوبنان، خوێندکارە پزیشکی‌یەکانیان لە زانکۆ وەردەگرێ و دوو زانکۆی پزیشکییش لە لوبنان دەکاتەوە.

دابین‌کردنی پێداویستی‌یە دەرمانی و پزیشکی‌یەکانی سووریەو لوبنان لەلایەن ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە لە حاڵێک‌دایە کە لە ئێران کاربەدەستانی دەوڵەت لەگەڵ ئەوەی ئاماژە بە نەبوونی بوودجەی ئاوەدان‌کردنەوە دەکەن، دەڵێن کە بۆ تەواوکردنی نەخۆشخانە نیوەچڵەکانی ئێستا چاویان لە دەستی خێرخوازانە.

دوکتور سەید محەممەد ئەیازی، قایمقامی وەزیری بێهداشتی ئێران ماوەیەک لەمەوبەر ڕای‌گەیاند کە ٢٦٧ نەخۆشخانەی نیوەچڵیان بەسەر دەستدا ماوەتەوە، بەڵام پووڵیان نیە و بۆ تەواوکردنیان تەنیاو تەنیا چاویان لە هیممەتی خێرخوازانە.

ئەو هەروەها گوتبووی بێت و بۆ تەواوکردنی ئەو پڕۆژانە تەنیا پشت بە بوودجەی دەوڵەت ببەسترێ، ئەوا تەواوکردنی ئەو کۆمەڵە نەخۆشخانەیە هەر نەبێ ٢٠ ساڵی کات دەوێ.

دوکتور محەممەدڕەزا نەورۆزی، ڕاوێژکاری وەزیری بێهداشتیش دەڵێ دروست‌کردنی نەخۆشخانە لە وڵات‌دا تێچووی یەکجار زۆری هەیە و بەپێی بەراوردی ئەو وەزارەتخانەیە هەر تەختێکی نەخۆشخانە ٥٠٠ میلیۆن تمەنی تێ‌دەچێ و ئەو تێچووە لە شارە گەورەکان بەهۆی گرانبوونی نرخی زەوی لە یەک میلیارد تمەنیش نیزیک دەبێتەوە. بە قسەی ئەو نەخۆشخانەیەکی ٢٠٠ تەختی لە شارە گەورەکان هەر نەبێ ٢٠٠ میلیارد تمەن هەڵ‌دەگرێ.

لەلایەکی دیکەوە تەخشان‌پەخشانی سامان و دارایی خەڵکی ئێران بۆ دەستو پێوەندەکان ڕێژیم لە ناوچە لە حاڵێک‌دایە کە هەژاری و بێکاری بینەقاقای خەڵکی ئێرانی گرتوە.

هەر لە ماوەی ٢ ساڵی ڕابردوودا کە حەسەن ڕووحانی هاتۆتە سەرکار، ١٥ هەزار کارگە و یەکەی ئابووری داخراون و یەکە بەرهەم‌هێنەکانیش بەهۆی بانکەکانەوە تووشی ڕاوەستان هاتوون.

ماوەیەک لەوە پێش بوو کە گۆڤاری بیزینێس ئینسایدێر، لیستی ١٨ وڵاتی بەڵالێدراوی بڵاو کردەوەو، ئێران لە ڕیزی دەیەمی ئەم ڕیزبەندییەدا جێی گرتبوو.




بیزینێس ئینسایدێر ئەم ئامارەی لە سەر بنەمای ئاماری ساڵی ٢٠١٥ی «دەفتەری ڕاستی‌یەکان»ی سەر بە ڕێکخراوی هەواڵگریی ناوەندیی ئەمریکا بڵاو کردۆتەوە. ئێران لە ڕیزبەندیی جیهانیی پێوانەی نەهامەتی لە ساڵی ٢٠١٣دا لە نێو ٩٠ وڵاتدا، لە ڕیزی دووهەم‌دا جێی خۆش کردبوو.

بەپێی ئەم لیستەیە، پێوانەی نەهامەتی‌و داماوی لە ئێران سەدی ٢٦، نرخی ئاوسان سەدی ١٦و ڕێژەی بێکاری سەدی ١١ دیاری کراوە. پێوانەی نەهامەتی لە نێو سەرجەم ڕێژەی بێکاری‌و نرخی ئاوسان دەست دەکەوێ.

ئەم ڕاپۆرتە پێشبینیی ئەوەی کردوە کە هەڵگیرانی گەمارۆکان لە سەر ئێران دەتوانێ ببێتە هۆی پێکهاتنی گەلێک دەرفەتی ئابووری لەم وڵاتە، ئەوە لە حاڵێک‌دایە کە بەم زووانە ٤ وەزیری کابینەی حەسەن ڕووحانی، لە بابەت گۆڕانی شکست بۆ قەیرانی ئابووری دەوڵەتی ناوبراویان وریا کردۆتەوە.

مەسعوود خانساری، سەرۆکی ژووری بازرگانیی تاران دەڵێ لە نیوەی یەکەمی ئەمساڵ‌دا گەشەی ئابووریی ئێران زۆر لە کزی داوە، ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی کە نوشوستی‌یەکی زۆر قورس باڵ بەسەر ئابووریی ئێران‌دا بکێشێ بە شێوەیەک کە لە ٣٠ ساڵی ڕابردوودا شکستی وا وێنەی نەبووە و هەر ڕۆژەو چاوەڕوانیی داخرانی کارخانەیەک دەکرێ.

سیاسی

# کۆتایی هاتنی گەمارۆئابووری‌یەکان و چەند قسەیەک!



ڕەزا محەممەدئەمینی

هەر وەک ئاگادارین درەنگانی شەوی شەممە ٢٦ی بەفرانبار(١٦ی ژانویە) فدریکا موگرینی، سەرۆکی پێوەندی‌یەکانی دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپا و محەممەد جەوادی زەریف، وەزیری کارو باری دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بە دەرکردنی بەیاننامەیەکی هاوبەش، دەستپێکردنی ڕێکەوتنی نێوان وڵاتانی ١+٥ و ئەو وڵاتە، ناسراو بە»بەرجام» یان ڕاگەیاند. دوا بەدوای ئەو ڕاگەیاندنە، باراک ئۆباما سەرۆک کۆماری ئەمریکا دەستووری هەڵوەشانەوەی گەمارۆ ئابووری‌یەکانی تایبەت بە دۆسیەی ناوکیی ئێرانی دەرکرد. هەروەها یەکیەتیی ئورووپاش گەمارۆ ئابووری‌یەکانی سەر ئێرانی هەڵوەشاندەوە. لە تارانیش حەسەنی ڕووحانی سەرکۆماری ڕێژیم، لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانی‌دا، وێڕای پیرۆزبایی دەستپێکردنی بڕگەکانی ڕێککەوتنی بەرجام و ناوبردنی ئەو ڕێککەوتنە وەک سەرکەوتنێک بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران!!، ڕایگەیاند یەکێک لە گەورەترین بەڵێنی‌یەکان، هەڵوەشانەوەی گەمارۆکان بوو کە ئەمڕۆ بە کردەوە دەستی پێ‌کردوە.

هاوینی ڕابردوو لە ٢٣ی پووشپەڕ(١٤ ژووئیە) ڕێککەوتنی ناوکیی نێوان کۆماری ئیسلامی و وڵاتانی١+٥ لەپاش نیزیکەی ١٣ ساڵ وتوویژ و دانوستان و سەپاندنی گەمارۆ ئابووری‌یەکان، واژۆ کرا. بەپێی ئەو ڕێککەوتنە کۆماری ئیسلامی دەبا هەموو چالاکی‌یەکانی خۆی لەبواری وزەی ناوکی‌دا بەرتەسک کردبایەوە و خستبایە بەر چاوی پسپۆڕ وکارناسانی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی و ئەو ئاژانسە لەوە دڵنیا بووبایەوە کە چالاکی‌یە ناوکی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی ئاشتیخوازانە و بەدوور لە تێکۆشان بۆ دەستڕاگەیشتن بە چەکی ناوکین. لەبەرانبەریش‌دا ئەمریکا و یەکیەتیی ئورووپا هەموو گەمارۆ ئابووری‌یەکانی پێوەندی‌دار بەو کێشەیە هەڵوەشێننەوە و پارە و سامانەکانی ڕێژیم لە دەرەوە کە لەلایەن ئەو وڵاتانەوە دەستیان بەسەردا گیرابوو، ڕادەستی کۆماری ئیسلامی بکەنەوە.

سەرەڕای واژۆکردنی ڕێککەوتنی نێودەوڵەتی بەرگری لە بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی چەکی ناوکی ناسراو بە ئێن پی تی لە لایەن ئێرانەوە لە ساڵی ١٣٤٧دا ،کۆماری ئیسلامی چ لەسەردەمی شەڕی ٨ ساڵەی ئێران و عێراق و چ پاش ئەو شەڕەماڵوێرانکەرە، هەمیشە تێ‌کۆشاوە دەستی بە تێکنۆلۆژیی پیتاندنی ئۆرانیۆم ڕابگا و چەکی ناوکی بەرهەم بێنێ. لە ساڵی ١٣٨١ بەملاوە بۆ ئەمریکا و وڵاتانی ئورووپایی دەرکەوت کە کۆماری ئیسلامی بە نهێنی خەریکی پەرەپێدانی چالاکی‌یە نایاسایی‌یە ناوکی‌یەکانیەتی. هەرچەند کاربەدەستانی ڕێژیم ئەو گومانەیان بەدوور لە ڕاستی دەزانی و جەختیان لە پاکی چالاکی‌یە ناوکی‌یەکانیان دەکردەوە، بەڵام پسپۆڕان و کارناسانی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ناوکی، پاش سەردان و پشکنینەکانیان زۆر نیشانە و بەڵگەیان لە ناوەندە ئەتۆمی‌یەکانی ئێران‌دا دیتەوە کە دەیان‌سەلماند چالاکی‌یە ناوکی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی ناقانوونین و ئەو ڕێژیمە بەتەمای بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی‌یە. هەربۆیەش ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بە لەبەرچاوگرتنی نێورۆک و سیاسەتی ئاژاوەگێڕانە و شەڕخوازانەی کۆماری ئیسلامی و مەترسیی بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی لەلایەن ئەو ڕێژیمەوە بۆ ئاسایشی کۆمەڵگای جیهانی، گوشاری سیاسیی و گەمارۆ ئابووری‌یەکانیان بەسەردا سەپاند.

بەمچەشنە سەرەڕای بەردەوامبوونی دانوستانە بێ‌ئاکامەکان کە لەڕاستی‌دا بەفیڕۆدانی کات بە قازانجی کۆماری ئیسلامی بوون، لەگەڵ نیزیکبوونەوەی خێرای ڕێژیم لە بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی، بەتایبەت لە دەورەی دووهەمی سەرکۆماریی ئەحمەدی‌نەژاددا، تەحریم و گەمارۆ ئابووری‌یەکان بەربڵاوتر و هەمەلایەنەتر کرانەوە و ئەو ڕێژیمە زیاتر لە پێشوو کەوتە ژێر فشاری ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی و ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان. ئەمریکا و وڵاتانی ئورووپایی بە پشت‌بەستن بە بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش و بە داسەپاندنی گەمارۆ ئابووری‌یە «هۆشمەندەکان» جومگە و شاڕەگە ئابووری‌یەکانی کۆماری ئیسلامی‌یان لە هەموو بوارەکان‌دا تووشی ئیفلیج‌بوون کرد و ڕێگا سەرەکی‌یەکانی دابین‌کردنی داهاتەکان، بەتایبەت داهاتی هەنارده و فرۆشتنی نەوتیان لێ‌گاڵەدا.

هەروەک دیتمان سەرەڕای بەژان‌بوونی ئەو گەمارۆیانە بۆ چین و توێژە هەژار و دەستکورتەکان و بەرزبوونەوەی بێ‌وێنەی قەیران و گیروگرفتە ئابووری و کۆمەڵایەتی‌یەکان و داتەپینی ئابووریی ئێران، ئەو گەمارۆیانە ڕێژیمیان بەچۆک‌دا هێنا و ناچاریان کرد بەشێوەی کاتییش بێ دەست لە خولیای بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی هەڵبگرێ و ملکەچی بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵگەی جیهانی بێ. سەیر ئەوەیە ڕووحانی لەکاتێک‌دا ئەو ڕێککەوتنە بە سەرکەوتن بۆ ڕێژیمەکەی لەقەڵەم دەدا!! کە لە ڕاستی‌دا کۆماری ئیسلامی هەرلە سەرەتاوە دەی‌توانی بە چاوپۆشیی لە بیرۆکەی بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی، خۆی و کۆمەڵانی خەڵکی ئێران تووشی قەیرانێکی وەها نەکا کە لەو ماوەیەدا جگە لە داتەپینی ئابووری و هەژاری و بێ‌کاری و ماڵوێرانیی بێ‌وێنە و بەفیڕۆ دانی سەدان میلیارد دۆلار لە سامانە گشتی‌یەکان و لەکۆتاییش‌دا پاشەکشە و سەرشۆڕی بۆ ڕێژیمەکە هیچی دیکەی بەدواوە نەبوو. بەوحاڵەش سروشتی‌یە کە هەڵوەشانەوەی گەمارۆکان لەباری ئابووری و سیاسی‌یەوە، دیارە بەپێی کردەوە و سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی چ لەنێوخۆی وڵات و چ لەدەرەوە کاریگەریی خۆی دەبێ و لانی‌کەم لە درێژخایەن‌دا دەتوانێ کەم و زۆر بەشێک لە ئازارو مەینەتی‌یەکانی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران ساڕێژ بکاتەوە.

هەر چەند بە هەڵگرتنی گەمارۆ ئابووری‌یەکان کۆماری ئیسلامی دەتوانێ نەوت هەناردەی دەرەوە بکا و بفرۆشێ، بەڵام لەلایەک بەهۆی بەرهەمهێنانی لەڕادەبەدەری نەوت لەلایەن وڵاتانی بەرهەمهێن و ئەندامانی ڕێکخراوی ئۆپێک و لەلایەکی دیکە لەبەر کەمبوونەوەی کڕیار و پێداویستیی بازارەکان، نرخی نەوت لە ماوەی ١٣ ساڵ لەمەوبەرەوە گەیشتۆتە نزم‌ترین ئاستی خۆی (هەر بەرمیلێک کەمتر لە ٣٠ دۆلار) و شیمانە دەکرێ زۆرتریش دابەزێ. هەربۆیەش کاریگەریی لابردنی گەمارۆکان ڕەنگە نەتوانێ لە ئاست چاوەڕوانی‌یەکانی ڕووحانی و کۆماری ئیسلامی‌دا بێ کە لەسەر ئەو ڕایەن گەشەی ئابووریی ئێران لەپاش هەڵگیرانی گەمارۆکان خۆی لە سەدا شەش دەدا. لەبەرانبەردا کۆماری ئیسلامی دەتوانێ پێداویستی‌یەکانی خۆی لەدەرەوە دابین بکا، ئەرز و دراوی پێویست بخاتە بازارەکانەوە، هەروەها ناردنی بەرهەمە نێوخۆیی‌یەکان بۆ بازاڕەکانی دەرەوە دست پێ‌بکاتەوە و بەوجۆرە تاڕادەیەک دۆخەکە بگەڕێنێتەوە پێش ١٣ ساڵ لەمەوبەر و بەر لە گەمارۆ ئابووری‌یەکان کە دیارە لە ڕوانگەی سەرکۆماری ڕێژیمەوە سەرکەوتنە!!

هەروەها کۆماری ئیسلامی بۆی هەیە بەشێک لە پارە و دارایی‌یە بلۆکەکراوەکانی ئێران لە ئەمریکا و بانکەکانی دەرەوە وەربگرێتەوە. ئەو بڕە پارەیە ڕێژەکەی بەڕوونی دیار نیە و هەرلایەن و سەرچاوەیەک باس لە ڕەقەمێک دەکا (لەنێوان ٣٠ هەتا ١٢٠میلیارد دۆلار). شک لەوەدا نیە کە ئەگەر کۆماری ئیسلامی ئەو دەیان میلیارد دۆلارە بەشێوەیەکی دروست و زانستی لە بەشە جیاوازەکانی ئابووریی ئێران‌دا وەگەڕ بخا، ئابووریی ئێران گەشەیەکی (هەرچەند کەم) بەخۆوە دەبینێ؛ بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری لە کۆماری ئیسلامی‌دا و ئەو بنکە و بنیاتە بەهێزانەی سەر بە ڕێبەر وسپای پاسداران کە دەستیان بەسەر ئابووریی وڵات و دەسەڵاتی ڕاستەقینەی حکوومەت‌دگرتوە و گەندەڵی و دزی و بەرتیل‌خۆریی میلیاردی کە جارناجارێک هەڵلا و هەنگامەیەکی ئابڕووبەرانەی بۆ ڕێژیم لێ دەکەوێتەوە، پێ‌ناچێ هەمووی ئەو بڕە پارەیە لە پێناو گەشەسەندنی ئابووریی وڵات و کەم‌کردنەوەی قەیران و بێکاری و نەهێشتنی نەهامەتیی زەحمەتکێشان مەسرەف بکرێ. جگەلەوەش کۆماری ئیسلامی ناچارە تێچووی بەشداریی چالاکانە لە شەڕووئاژاوە ناوچەیی‌یەکان وەک یەمەن و عێراق و سووریە و لوبنان و یارمەتی بە دەوڵەتی بەشار ئەسەد و دەستە و تاقمە گوێ‌لەمستەکانی خۆشی دابین بکا. کەوابوو بێگومان کۆمەڵانی خەڵکی ئێران کورد گوتەنی «شەریک و برابەش» یان هەیە و نابێ چاوەڕوان بن لانی زۆری پارە بلۆکەکراوەکانیان لە خزمەت گەشەکردنی ئابووریی وڵات و نەهێشتنی هەژاری و بێکاری‌دا خەرج بکرێن.

دیارە بازارەکانی ئێران و وەگەڕخستنی سەرمایە و بەشداری لە بەشە جۆراوجۆرەکانی ئابووریی ئێران بۆ کۆمپانیا و کارتێل و شیرکەتە بەناوبانگە جیهانی‌یەکان گرینگیی تایبەتیی خۆی هەیە و دەتوانێ سوود بە کەرتی گشتی و کەرتی تایبەتیی ئابووریی ئێران بگەیەنێ، بەڵام هەرچەشنە سەرمایە وەگەڕخستن و گەڵاڵەیەکی ئابووری، بەتایبەت لە قەبارەی گەورە و لە ماوەی درێژخایەن‌دا، بەرلە هەموو مەرجێک پێویستی بە زەمانەت و ئەمنیەتی ئابووری هەیە کە ئەویش خۆی لە سەقامگیری سیاسی و سیاسەت و کردەوەی بەرپرسانەی ئەو وڵاتە لەئاست دەرودراوسێ و لە ئاستی جیهانی‌دا دەبینێتەوە. هەر بۆیەش دیسان بە لەبەرچاوگرتنی هەڵسوکەوتی ئاژاوەگێڕانەو قەیران‌خوڵقێنەرانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە گۆڕەپانی سیاسەتی ناوچەیی و جیهانی‌دا و ئەوگرژی و ململانەیەی لەگەڵ دراوسێکانی، بەتایبەت وڵاتی عەرەبستان هەیەتی، پێ‌ناچێ زۆربەی کۆمپانی و کارتێلە ناودارەکان بە ڕیسکێکی وەها بەرز، لەئاستی سەرمایە و گەڵاڵەی گەورەدا، خۆ لە بازاڕەکانی ئێران بدەن.

لەپێوەندی لەگەڵ کاردانەوەی هەڵوەشانەوەی تەحریمەکان، لە ئاستی سیاسی لەنێوخۆی دەسەڵات‌دا، زۆر دیار و ڕوونە کە خامەنەیی و سپای پاسداران و باڵی -لەڕاستی‌دا- دەسەڵاتداری ڕێژیم، لەگەڵ ڕاگرتنی چالاکی‌یە ناوکی‌یەکان‌دا نەبوون و ئەوە کە ناچار بوون مل بۆ ئەو ڕێککەوتنە ڕاکێشن، ڕێک وەبیرهێنەرەوەی پەرداخە ژەهرەکەی خۆمەینی لە کاتی قەبووڵکردنی کۆتایی شەڕی ٨ ساڵە لەگەڵ عێراقە. خامەنەیی وەک ڕێبەری کۆماری ئیسلامی و سپای پاسداران و باڵی دەستڕۆیشتووی نێو حکوومەت بەردەوام دژایەتیی خۆیان لەگەڵ گەڵاڵەی بەرجام ڕاگەیاندوە لەسەرئەو ڕاستی‌یە پێداگر بوون کە ئەو گەڵاڵەیە و قەبووڵکردنی لەلایەن کۆماری ئیسلامی‌یەوە نەک هەر هیچ‌چەشنە سەرکەوتنێکی بۆ ڕێژیم لە تەواویەتی خۆی‌دا تێ‌دا نیە، بەڵکوو ئەو ڕێککەوتنە، شکستێکە بۆ کۆماری ئیسلامی- نەک بەرژەوەندی‌یەکانی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران- لەڕووی ناچاری‌یەوە ملکەچی بوون.

ڕەنگە ئەگەر ڕووحانی لەپاش هەڵگرتنی گەمارۆکان گوتبایەی ئەوە سەرکەوتنێکە بۆ دەوڵەتەکەی و باڵی بەناو ریفۆرمخواز، زۆر لەڕاستی لای نەدابایە، چونکە لەلایەک یەکێک لە دروشم و بەڵێنی‌یەکانی ڕووحانی لە کاتی هەڵبژاردنی سەرکۆماری‌دا تێکۆشان بۆ لابردنی گەمارۆ ئابووری‌یەکان بوو، لەلایەکی دیکەش، بەکردەوەبوونی ئەو بەڵێنی‌یە،سەرەڕای ڕەددی شیاوبوونی زۆربەی هەرەزۆری بەربژێرەکانی چاکسازی‌خواز بۆ مەجلیسی ڕێژیم، دەتوانێ جێگە و پێگەی بەناو ئیعتدالیوون و ریفۆرمخوازەکان لە مەجلیس و پەیکەرەی دەسەڵات و هەروەها هەڵبژاردنەکانی داهاتووی ڕێژیم‌دا بەهێز بکا. ڕووحانی کە خۆی یەکەم سەرۆکی دەستەی دانوستانەکانی ڕێژیم لە کێشەی ناوکی لەگەڵ ئەمریکا و یەکیەتیی ئورووپا بووە، وێڕای باڵی ریفۆرمخواز بەباشی بەو ئاکامە گەیشتوون و کە پێداگریی لەوە زیاتر لە کێشەی ناوکی لەلایەن ڕێژیمەوە، نەک هەر سوود و ئاکامێکی دڵخوازی کۆماری ئیسلامیی لێ شین نابێتەوە، بگرە بە لەبەرچاوگرتنی سووربوونی کۆمەڵگەی جیهانی بۆ پێشگرتن بە دەستڕاگەیشتنی ئەو ڕێژیمە بە هەرتێچوویەک تەنانەت وەشاندنی گورزی سەربازی، ڕەنگە دەسەڵات و حکوومەتەکەیان بەرەو تەریک‌بوونەوەی زیاتر لە دەرەوە و تووشبوون بەشەڕێکی یەکلاکەرەوە لەگەڵ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی ڕاکێش بکا و لەنێوخۆش بەرزبوونەوەی نارەزایەتیی کۆمەڵانی برسی و هەژاری خەڵکی ئێرانی لێ‌بکەوێتەوە. هەربۆیەش خامەنەیی و باڵی دەستڕۆیشتووی نێو دەسەڵاتیان ناچار بە قەبووڵکردنی ئەو پاشەکشەیە کرد.

ڕاستە کۆماری ئیسلامی لە تەواویەتی خۆی‌دا لەژێر گوشاری گەمارۆ ئابووری‌یەکان‌دا ناچار کرا لەو بارودۆخەدا واز لە پیتاندنی ئۆرانییۆم و خولیای بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی بێنێ، بەڵام ئەو ڕێژیمە بێ‌گومان لە سیاسەتەکانی بۆ پڕچەک‌کردنی خۆی و هەوڵی دەستڕاگەیشتن بە چەکە پێشکەوتووەکان بەردەوام دەبێ و ئەمریکا و یەکیەتیی ئورووپا و ئاژانسی وزەی ناوکیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێ زۆر بە هەستیاری و وریایی‌یەوە بڕواننە چالاکی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی. هەر ڕۆژێک دوای هەڵگیرانی گەمارۆ ئابووری‌یەکان لەسەر ئێران، ئەمریکا تەحریمی دیکەی لە پێوەندی لەگەڵ بەرنامەی مووشەکە دوورهاوێژەکان‌دا بەسەر کۆماری ئیسلامی‌دا سەپاند. ئەوە نیشاندەری ئەو ڕاستی‌یەیە کە ئەو ڕێژیمە بۆ متمانە پێکردن نابێ و هەتا شتێک بەناوی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەسەر تۆپی زەوی هەبێ، مەترسی‌یەکانی سەر ئەمنیەتی جیهان و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەلایەک و لەلایەکی دیکەش شەڕو کێشە و ئاژاوە و کێبەرکێی بەرهەمهێنانی چەک و چۆڵ، بەتایبەت چەکە کۆمەڵکوژەکان هەر دەمێنێ.



ڕاستە کۆماری ئیسلامی لە تەواویەتی خۆی‌دا لەژێر گوشاری گەمارۆ ئابووری‌یەکان‌دا ناچار کرا لەو بارودۆخەدا واز لە پیتاندنی ئۆرانییۆم و خولیای بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی بێنێ، بەڵام ئەو ڕێژیمە بێ‌گومان لە سیاسەتەکانی بۆ پڕچەک‌کردنی خۆی و هەوڵی دەستڕاگەیشتن بە چەکە پێشکەوتووەکان بەردەوام دەبێ

سیاسی

# کوردایەتی کردن لە فەزای هەڵبژاردندا



ڕێبوار مەعرووفزادە




**بەرەی یەکگرتووی کورد ئەگەر لە حەوزەیەکی هەڵبژاردنیشدا کاندیدی نەبێ، پێویستە لە سەر فەزای هەڵبژاردن و لە چوونی کاندیداکانی دیکە بۆ پارڵمان کاریگەریی هەبێ. ئامانجی سەرەکی و ستراتژیکی بەرە پێویستە ئەوە بێ کە شێوازی خەبات و ئەقڵانیەتی خەباتگێریی کورد بگۆڕێ و لە هەر فەزایەك بۆ هێنانەئارای داخواز و گرفتەکانی کۆمەڵگەی کورد کەڵك وەربگرێ**

تاکوو ئێستا زۆربەی کاندیداکانی خولی دەیەمی پارلمانی ئێران لە پاڵوێنەی شۆڕای نیگابان تێپەڕ بوون. ڕێژەی پالێوراوانی پەسندکراو بەگشتی لە پارێزگا کوردەکان بە بەراورد دەگەڵ پارێزگای تاران و هێندێک پارێزگای ناوەند کەمترە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەکی بەرچاو لە کاندیداکان ڕێگەیان پێدراوە کە بۆ بوون بە نوێنەری پارلمان هەوڵ بدەن.

جێگەی ئاماژەیە کە لیوەشایی ژمارەیەک لە پالێواراوانی بەرەی یەکگرتووی کورد ڕەت کراوەتەوە. پالێوراوانێکی بەرەی یەکگرتووی کورد وەک حاسڵ داسە لە ناوچەی سەردەشت ـ پیرانشار، عەبدوڵلا سوهرابی لە ناوچەی مەریوان ـ سەوڵاوا و دوکتور ڕەئووف کەریمی لە شاری سنە ڕەت کراونەوە. هەروەها لیوەشایی خالید تەوەککولی پالێوراوی ڕیفورمخوازی شاری سەقزیش ڕەت کراوەتەوە. ڕەتکردنەوەی ئەو پالێوراوانە وای کردوە کە بەشێک لە چالاکانی سیاسی باسی بایکۆتی هەڵبژاردن بێننە ئاراوە. ئەو وتارە جەخت لەسەر چۆنیەتیی پێکهاتنی فەزایەکی کوردانە لە ڕەوتی هەڵبژاردنی پارلمانی ئێران دەکا.

خەباتی پارلمانی و گیروگرفتەکانی

کۆماری ئیسلامی بۆ بەشداریی سیاسیی کەسانێک وەک ڕەفسەنجانی کە لە دامەزرێنەرانی ئەو ڕێژیمە بووە، لەمپەر و گرفت دروست دەکا. ئەگەر سەیرێکی باکووری کوردستانیش بکەن، دەوڵەتی تورکیە لەمپەری ١٠ ٪ی دەنگەکانی بۆ هەر حیزب یان قەوارەیەکی سیاسی داناوە و کورد پاش ساڵانێک ئەو لەمپەرەی تێپەڕاند. ئەمەش بە ئاسانی بەدەست نەهاتوە، پارلمانتارێکی کوردی وەک لەیلا زانا لەسەر لێدوان و کردەوەیەک ١٠ ساڵ چۆتە زیندان بەڵام کوردی باکوور وازیان لەوشێوە خەباتە نەهێناوە تا بەم ئاکامە گەیشتوون. خەباتی پارلمانی وەک بەشێک لە خەباتی مەدەنی و سیاسی بێ کێشە و گیروگرفت نابێ. ڕەتکردنەوەی چەند پالێوراوێکیش نابێ ببێتە هۆی ئەوەی کورد لە ئێران واز لەوە بێنێ کە لە ڕێگەی هەڵبژاردن پێگەی ئیداری، حقوقی، سیاسی و ئابووری کورد بەهێزتر بکا. فەزای هەڵبژاردن پێویستە دەرفەتێک بێ بۆ ئەوەی پرس و داخوازیەکانی کورد بێنە بەر باس. بە واتایەکی دیکە چالاکان و پالێوراوانی کورد پێویستە فەزای هەڵبژاردن بە باسکردن لە ماف و گرفتەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەرم بکەن. لە ڕوانگەی ستراتژیکیش فەزای هەڵبژاردن دەبێ دەرفەتێک بێ بۆ ئەوەی خەباتی مەدەنی پەرە پێ بدرێ و ببێتە شێوازی زاڵی خەبات لە خۆرهەڵاتی کوردستان.

هەڵبژاردن و مەشرووعیەتی کۆماری ئیسلامی

ئێران لەخۆیدا ڕێژیمێکی نادێموکراتیکە، بەڵام ئاخۆ کاری سیاسیکارێک تەنیا ئەوەیە ئەو قسەیە بەردەوام دووبارە بکاتەوە. سیاسەتی دەرەوەی ئێران گۆرانهەڵگرە و هەر کات پێویست بێ، لەگەڵ وڵاتانی دیکە دەست بە سازان و ڕێککەوتن دەکا. وتووێژەکانی ئێران و ئەمریکا باشترین نموونە ئەو «انعطاف» و گۆرانهەڵگربوونەی سیاسەتی دەرەوەی ئێرانن. کەوایە چالاکانی کورد نابێ بە هیوای دەستی دەرەکی و دووپاتبوونەوەی سناریۆی عێراق لە ئێراندا بن. لە باسی نێوخۆشدا، کورد لە نێو چەند نەتەوەی دیکەدا تەنیا ماوەتەوە و پێوەندی یەکی خەباتگێرانەی توندوتۆل لە نیوان ئەو نەتەوانەدا نیە.لە باروودخێکدا کە داهاتووی کورد لە دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامییش ڕوون نیە، پێویستە کوردی خۆرهەڵات دەستەوستان دانەنیشێ ولە بوونی کۆماری ئیسلامییشدا هەوڵ بدا پێگەی خۆی بەهێزتر بکا. کەسانێک وەک عەبدوڵلا سوهرابی، حاسڵ داسە، جەلال جەلالیزادە و ... لە فیلتێری کۆماری ئیسللامی تێپەر بوون بەڵام پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی باشیشیان بەدەست هێناوە. لەراستیدا ئەو کەسانە لە ڕێگەی بوون بە پارلمانتار بوون بە چالاکێکی سیاسیی کورد. با ئەو دەرفەتە لەدەست نەدەین کە کۆمەڵێک پارلمانتاری باشمان لە تاران هەبێ و هاوکات داوا لەو پارلمانتارانەش بکەین کە پرسی کورد لە ڕێگەی تریبۆنی پارلمانی ڕێژیمەوە بۆ سەرانسەری ئێران شۆڕ بکەنەوە.

کەمایەسیيە کانی بەرەی یەکگرتووی کورد

بەرەی یەکگرتووی کورد لە نێوخۆی وڵات دامەزراوە و لە نێوخۆی وڵاتدایە؛ واتە ئەو ڕێکخراوەیە مەیدانێکی واقیعیی بۆ سیاسەتکردن لەبەر دەستدایە و ئەوە گرینگترین خاڵی جیاکەرەوەی ئەو بەرەیە لە حیزبەکانی دیکەی خۆرهەڵاتی کوردستانە. بەرە لەو ساڵانەی دواییدا نەیتوانیوە بە شێوەیەکی بەربڵاو روخساری تازە و گرووپی کۆمەڵایەتیی تازە ـ بەتایبەتی لە ژنان و خەڵکی ئاکادیمیک ـ بێنێتە نێو فەزای سیاسەت. هەروەها بەرە کەمتەرخەم بووە لەوەی سیاسەتێکی جەماوەریی هەبێ و لەجیاتی ئەوەی لەسەر سایت و فەزای مەجازی بێ زیاتر لەگەڵ دەرد و خەمەکانی خەڵک بێ و ببێتە سووژەی میدیایی،نەک ئەوەی شەقام چۆڵ بکا . بە واتایەکی دیکە سیاسەتی بەرە لاقێکی کۆمەڵایەتی و جەماوەریی بەهێزی نەبووە. با نموونەیەک بۆ ئەو ڕەخنەیەم بێنمەوە. لە جەریانی سووتانی هوتێل تارا لە مەهابادداا، نارەزایەتیی مەدەنیی خەڵک بەرەو توندوتیژی و سووتاندنی هوتێل تارا رویشت. هۆکارێک کە ئەو نارەزایەتیيە نەیتوانی هەر ئاشتیخوازانە و سیاسی بمێنێتەوە، ئەوە بوو کە بەرەی یەکگرتووی کورد ـ ئەندامەکانی دیاری ئەو ڕێکخراوەیە لە مەهاباد ـ نەچوون بۆ خۆپیشاندان و نەیانتوانی خۆپیشاندانیش ڕێبەری بکەن. دەبێ بەرە لەوە تێبگا کە خەباتی مەدەنی مانای هەزینەنەدان و نەوێربوون نیە. وێنەیەکی ئەحمەد تورکم قەت لە یاد ناچێ کاتێک لە ڕیزی پێشەوەی خۆپێشاندان لووتی پر ببوو لە خوێن. بەرە دەبێ لە ئەرزی واقیعدا بێ و بوێرانە شەقامی کوردی بکاتە پشتوانەی سەرەکیی سیاسەتکردنی خۆی.

جگە لەوە باسی سیاسەت باسی زانیارییە، واتە دەبێ دەرد و گرفتەکانی وڵات و چارەسەرەکان بزانی. بەرە تاکوو ئێستا راپۆرتێکی لەسەر کارنامەی شووڕاکانی شار بڵاو نەکردۆتەوە کە لەودا باسی ئەو کاریگەری و خزمەتگوزارییانە بکا کە ئەو شوورایانە پێشکەشیان کردوە. بە نیسبەت هەڵبژاردنیش تاکوو ئێستا بەرە نەیتوانیوە گۆتارێکی هاوبەش یان لانیکەم هەر دروشمێکی هاوبەش لە نێو کاندیداکانی دروست بکا. کاندیداکانی بەرە نیشانیان نەداوە کە دەرد و گرفتەکانی حەوزەی خۆیان دەزانن و کۆمەڵێک ڕێگەچارەشیان هەیە.

بەرە ئەگەر لە حەوزەیەکدا نوێنەریشی نەبێ، پێویستە هەڵبژاردن بە هێند بگرێ. مەسەلە تەنیا چەند نوێنەر نیە، مەسەلە گۆرینی شێوازی خەبات و ئەقڵانییەتی خەباتگێریی کوردییە. بەرەی یەکگرتووی کورد ئەگەر لە حەوزەیەکی هەڵبژاردنیشدا کاندیدی نەبێ، پێویستە لە سەر فەزای هەڵبژاردن و لە چوونی کاندیداکانی دیکە بۆ پارلمان کاریگەریی هەبێ. ئامانجی سەرەکی و ستراتژیکی بەرە پێویستە ئەوە بێ کە شێوازی خەبات و ئەقلانیەتی خەباتگێریی کورد بگۆڕێ و لە هەر فەزایەک بۆ هێنانەئارای داخواز و گرفتەکانی کۆمەڵگەی کورد کەڵک وەربگرێ.

سەرچاوەکان:

ـ صلاحیت ٣٩٧ نفر از داوطلبان انتخابات مجلس در آذربایجان غربی تایید شد، سایت خبرگزاری جمهوری اسلامی ایران

ـ آخرین وضعیت کاندیداهای مجلس دهم، خبرگزاری دانشجویان ایران

---

## ڕۆژەڤی ئێران

# ڕەتکردنەوەی لێوەشاوەیی پاڵێوراوان و چەند خاڵی گرنگ



حەسەن شێخانی

١–لە جێدا دیاریکردنی لێوەشاوەیی پاڵێوراوان دژایەتیی لەگەڵ پرەنسیپی بنەڕەتیی دێموکڕاسی هەیە. دێموکراسی لە سەر ئەم بنەمایە دامەزراوە کە تاک بۆخۆی بڕیار دەدا و چارەنووسی خۆی دیاری دەکا. لە ئێراندا شووڕای نیگابان لێوەشاوەیی پاڵیوراوان بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا دیاری دەکا. بە کردەوە شووڕای نیگابان بە خەڵکی ئێران دەڵێ ئێوە عەقڵی ئەوەتان نیە کە نوێنەری لێوەشاوە هەڵبژێرن. بۆیە لە نێو ئەو کەسانەدا کە ناونووسی دەکەن کۆمەڵێک کەسیان بۆ جیا دەکەنەوە و دواجار خەڵکی ئێران دەبێ نوێنەرانی خۆیان لە نێو کەسە جیاکراوەکانی شووڕای نیگابان هەڵبژێرن. دیاردەیەک کە لە هیچکام لە وڵاتانی دێموکراتیکدا بەدی ناکرێ. لەو وڵاتانە تەنیا هەندێک پێوەری گشتی بۆ پاڵێوراوان دیاری کراون و ئەوە تاکەکانی کۆمەڵگەن کە بڕیار دەدەن کێ و چ کەسانێک لێوەشاوەیی هەڵبژێرانیان هەیە. لە وڵاتانی دێموکراتیکدا هیچ دەزگایەکی هاوچەشنی شووڕای نیگابان لەئارادا نیە. لە راستیدا بوونی ئەو دەزگایە لە ئێراندا سووکایەتیکردنە بە عەقڵ و شعووری خەڵکی ئێرانە.

٢– ڕەتکرانەوەی لێوەشاوەیی زۆربەی کاندیداکان لە رابردوودا لە لایەن شووڕای نیگابانەوە، بە هۆکاری سیاسی بووە. مەسەلەیەک کە ئەمجارەش بۆ هەڵبژاردنەکانی مانگی ڕەشەمە لە لایەن دەستەکانی چاوەدێریی سەر بە شووڕای نیگابانەوە بە تینوتەوژمێکی زیاتر دووپات بۆتەوە. لە زیاتر لە ١٢ هەزار کەس کە ناونووسییان بۆ هەڵبژاردنی مەجلیسی دەیەم کردبوو تەنیا ٤ هەزاریان لێوەشاوەییان پەسند کراوە. واتە لێوەشاوەیی دوولە سەر سێیان پەسند نەکراوە. کە ئەم ڕێژە زۆرە لە مێژووی هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامیدا بێوێنەیە. هەڵبەت ئەمجاریش وەک هەموو جارەکانی دیکە تێبینیی سیاسی سەرەکیترین هۆکاری ڕەتکردنەوەی بەربڵاوی پاڵێوراوانە. ئەو کەسانەی لێوەشاوەییان پەسند نەکراوە بە دوو دەستە دابەش دەبەن: بەشێکیان هیچ هۆکارێک بۆ ڕەتکردنەوەیان نەبووە، بەڵام دەستەکانی چاوەدێری دڵنیا نەبوون کە ئەو کەسانە مەرجەکانی بوون بە نوێنەریان هەیە یان نا. ئەم دەستەیە (بەڕواڵەت) دەتوانن ئیعتراز بکەن و شووڕای نیگابانیش تاووتوێی ئیعترازەکەیان دەکا. لێوەشاوەیی بەشەکەی دیکەش بە تەواوی رەت کراوەتەوە و ئیدی مافی دەربڕینی هیچ چەشنە ناڕەزایەتییەکیان نیە.

٣–پەسندکرانی لێوەشاوەیی ٤ هەزار کەس لە پاڵێوراوانی مەجلیسی دەیەم بە مانای هەڵبژاردنێکی رەکەبەریی نیە. پێویستیی هەڵبژاردنێکی رکەبەریی، فرەچەشنی سیاسییە نەک زۆربوونی پاڵێوراوانی سەر بە قۆڵێک . زۆربەی رەتکراوەکان سەر بە قۆڵی ریفۆرمخوازن. بە چەشنێک کە لە زۆر بیاڤی هەڵبژاردندا تاقە نەفەرێکیشان لێوەشاوەیی پەسند نەکراوە. ڕێژەی رەتکراوەکان بە رادەیەکە کە پارێزگاری تاران گوتوویەتی: خۆ دەبێ کەسانێک هەبن تا خەڵک دەنگیان بداتێ! ریفۆرمخوازەکان تووشی شۆک بوون ئەگەرچی گوتوویانە ئەگەر بە شێوەیەکی بەربڵاویش رەت بکرێنەوە لە هەڵبژرانەکاندا هەر بەشدار دەبن بەڵام ناچارن کە لە تاکتیک و ریزبەندیی هەڵبژاردنیاندا ئاڵوگۆڕ پێک بێن. پێشتر حوسێن نەجابەت بریکاری فەرهەنگیی سوپای پاسداران گوتبووی: دەستەکانی جێبەجێکەری سەر بە وەزارەتی نێوخۆ ئەرکی خۆیان بە دروستی بەجێ نەگەیاندوە و دەبێ شووڕای نیگابان قەرەبووی بکاتەوە. یان ئەحمەدی جەننەتی دەبیری شووڕای نیگابان گوتبووی کە هەندێک لە دەستە جێبەجێکەرەکان بە گوێرەی دڵخوازی ئێمە نەجووڵاونەوە و هەمووئەر کەکەیان خستۆتە ئەستۆی شووڕای نیگابان! ئەم قسانە ئاماژەیەک بوون بۆ ئەو رەتکردنەوە بەربڵاوەی لێوەشاوەیی ریفۆرمخوازەکان، کە لەو رادەیەدا چاوەڕێیان نەدەکرد. بەم شێوەیە ئەوە پاڵێوراوانی کەموزۆر وەکیەکی سەر بە قۆڵی بنئاژۆخوازن کە لەگەڵ یەکتر ڕکەبەری دەکەن!

٤–رەتکردنەوەی بەربڵاوی لێوەشاوەیی پاڵێوراوان دەتوانێ نیشانەی ئەوە بێ کە هەرچەند کرانەوەیەک روو بە دنیای دەرەوە بە تایبەت لە مەڕ پرسی ناوکی هاتۆتە گۆڕێ، بەڵام فەزای نێوخۆیی هەروا بە داخراوی دەمێنێتەوە. ئەمەش سیاسەتی سڕینەوەی قۆڵێکە لە لایەنتوندئاژۆکان و بنیاتە سیاسی–ئەمنییەتییەکانەوە؛ کە هەوڵی ڕیفۆرمخوازەکان بۆ متمانەدروستکردن لەگەڵ سیستم بە تاکتیک و بە نیشانەی لاوازیی ئەوان لێکدەدەنەوە. دەرەنجامی ئەو سیاسەتەی تاقمی سیاسی و ئەمنییەتی و مەزهەبیی کۆماری ئیسلامی زیاتربوونی بێمتمانەیی خەڵکە بە سیستمە و، کەلێنی نێوان سیستم و خەڵک قووڵتر دەکاتەوە.

تاقمی سیاسی–ئەمنییەتیی کۆماری ئیسلامی بەم کارەی دەیەوێ چەشنێک دڵساردی لە نێو ریفۆرمخوازەکاندا دروست بکا. راستە هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامی قەت بێلایەنانە و ئازاد نەبوون بەڵام ئەگەر رکەبەرییەک لە هەڵبژاردنەکاندا هەبێ خەڵک زیاتر بەشدار دەبن و شانسی سەرکەوتنی ئوسوولگەرا توندئاژۆکان کەم دەبێتەوە.

حەسەن رووحانی سەرکۆماری ئێران لە کاردانەوە بەرامبەر رەتکرانەوەی بەربڵاوی پاڵێوراواندا گوتویەتی کە لە هەموو دەسەڵاتەکانم کەڵک وەردەگرم بۆ ئەوە کە شووڕای نیگابان پێداچوونەوەیەک بکا و لێوەشاوەیی هەندێکیان پەسند بکاتەوە. ئەگەرچی سەرکۆمار جێبەجێکەری قانوونی بنەڕەتییە و بە پێی سیستمی کۆماری ئیسلامی ئەگەر لادانێک لە قانوونی بنەڕەتی روو بدا، دەتوانێ وریایی بە دەسەڵاتەکانی دیکە بدا. بەڵام لەبەرئەوەی شووڕای نیگابان لە دەرەوەی ٣ دەسەڵاتەکەیە و بۆخۆی بنیاتێکی دانراو و جیایە، رووحانی ناتوانێ کارێکی ئەوتۆ بکا. بە تایبەت کە رووحانی کەسایەتییەکی سەر بە سیستمە و کەمتر لە خەمی خەڵک و کۆمەڵگەی مەدەنیدایە.

کوردستان ژمارە: ٦٧٢ ● ڕۆژنامەی



# فەرهەنگ، ئاڵقەی ونبووی ناسنامە

سیاسی

مەنوچێهر پوردێل

هێژمۆنیی فەرهەنگی ڕەنگە یەکێک لە ڕەهەندە سەرەکییەکانی خۆسەپاندنی وڵاتان بەسەر وڵاتانی دراوسێ و تەنانەت نێوخۆی وڵاتیشدا بێ، کەم نین ئەو وڵاتانە کە خۆیان خاوەنی پێشینەیەکی ئەوتۆی فەرهەنگی مێژوویی نین بەڵام لە لانیکەمی مەوجوودییەکانی خۆیان بە باشترین شێوە کەڵک وەردەگرن، ڕەنگە وەک نموونە شۆڕبوونەوە بە ناخی نەتەوەی تورک و وڵاتی تورکیەدا کە تەمەنی لە سەد ساڵ تێنەپەڕیوە، بۆ شرۆڤەی باسەکە سوودمەند بێ.

تورکیە کە ئێستا بە میراتگری فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و مێژوویی ئیمپراتووریی عوسمانی دێتە ئەژمار، هەوڵی ئەوە دەدا کە لانیکەم لە نێوخۆی وڵاتدا هێما مێژووییەکانی سەردەمی عوسمانی ببووژێنێتەوە و لە چاردەساڵی ڕابردوودا بەتایبەتی لەو کاتەوە کە حیزبی داد و گەشەپێدان دەسەڵاتی ڕەهای وڵاتی بەدەستەوە گرتوە و لە سەر بنەمای «دکتۆرینی قووڵایی ستراتێژیک»ی ئەحمەد داودئۆغڵوو و گەیاندنی گرژیی سیاسی لەگەڵ دەرودراوسێکان تا ئاستی «سفر» دەیەوێ وەک کارەکتێرێکی سەرەکی لە ناوچەدا، تەنانەت جڵەوی سیاسەتی هەموو ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین بەدەستەوە بگرێ. مەبەستی من لەو کورتە باسەدا هەڵسەنگاندنی ئاستی سەرکەوتوویی و ناسەرکەوتوویی ئەم وڵاتە لە بواری سیاسی و ئابووریدا نیە، بەڵکوو دەمەوێ بەدەر لە دنیای سیاسەت و شێوە ڕوانینێکی بایەخدارانە بۆ چەند ساتێ ئەم کەشوهەوایە جێ بێڵین و لە ڕوانگەی فەرهەنگ و هونەرەوە سەیری هەوڵەکانی ئەم دەوڵەتە بۆ سەلماندن و سەپاندنی ناسنامەی نەتەوایەتیی خۆی بکەین. حاشا لەوە ناکرێ کە لەم وڵاتەدا دێموکراسییەکی ڕێژەیی بەتایبەتی لە ناوچە تورک نشینەکاندا بەدی دەکرێ (بەدەر لە زەخت و گوشارەکانی سەر باکووری کوردستان کە باسێکی جیاوازە).

ئەوەی وەک خاڵێکی جێگای سەرنج لەبەر چاوی چاوەدێرانی سیاسی ون بووە کە لە ڕاستیدا دەورێکی سەرەکییش لە سیاسەتەکانی دەوڵەتی تورکیەدا دەگێڕێ، ئاوڕدانەوەی جیدیی پێکهاتەیی و ناوەرۆکییە بۆ سەر کەلتووروو هونەرو ئەدەبی ئەم وڵاتە، بەجۆرێک کە وەک لە ئەزموونی شەخسی خۆم بەدیم کردوە لە بچووکترین پۆتانسییەل بۆ زەقکردنەوەی هێما فەرهەنگی، هونەری و ئەدەبییەکانی خۆیان کەڵک وەردەگرن، هەردەڵێی ئەم حکوومەتە لە سەرەتای پرۆسەی دەوڵەت - نەتەوەسازیدایە، بە جۆرێک کە لە هەموو پرسێکی نێوخۆ و دەرەکی بۆ وروژاندنی هەستی ناسیۆنالیستی کەڵک وەردەگرێ و لەم پەیوەندییەدا نموونەی بەرچاو گرژییەکانی ئەم دواییەی نیوان ڕووسیا و تورکیە بوو کە تەنانەت دوو حیزبی دژبەری دادو گەشەپێدان واتە پارتی کۆماری گەل و پارتی حەرەکەتی میللی،هاوتەریب لەگەڵ پارتی دادو گەشەپێدان بە دژی سیاسەتەکانی ڕووسیا وەستانەوە، هەروەها تەرخانکردنی بوودجەیەکی زەبەلاحی فەرهەنگی لەلایەن دەوڵەتەوە بەرهەمی شێوەڕوانینی ئەم دەوڵەتە بۆ دۆزە فەرهەنگییەکانە.

گرینگیدان بە مۆزەخانەکان، فیلم و سریاڵ، شانۆ، پەیکەرسازی، مۆسیقا و... کە هەموویان لە پێناوی زەقکردنەوەی کەسێتیی تورکو نیسبەت خۆیانەوە سەرکەوتوو بوون،کاتێ کە دەبینین حەجمێکی بەربڵاو لە بەرهەمە فەرهەنگی و هونەرییەکانی تورکیە وەک زنجیرە دراما،فیلم و مۆسیقا خۆرهەڵاتی ناوین و وڵاتانی کەنداوی داگرتوە، ئەم هێژمۆنییە فەرهەنگییە چەشنێ گوتاری زاڵی فۆکۆیی بەم وڵاتە بەخشیوە. ئەوەی دەمەوێ ئاماژەی پێبدەم ئەوەیە کە نەتەوەی کورد کە لە سەرەتای ویستی بەدەوڵەتبووندایە بەو هەمووە ئاسەوارە مێژوویی و فەرهەنگییەوە،بەداخەوە زۆر لەم



سەرلەنوێ بووژانەوەی ڕابردوو و مێژووی ئەم وڵاتەدان، واتە لە ڕێگەی فەرهەنگ و هونەرەوە هەوڵێکی بەردەوام و بێپسانەوە لە گۆڕێدایە بۆ ئەوەی ئەم شانازی و غروورە نەتەوەیییە ببێتە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی ئاسایی. لەم پەیوەندییەدا لە هیچ شتێکیش سڵ ناکاتەوە، بۆ وێنە دێنێ شەقام و مەیدان و نەخۆشخانە بە ناوی مەولەوی و ئەبوو عەلی سیناوە دەکا کە فریان بەسەر تورکەوە نیە،یان بە پاراستنی ئاسەوارەکانی سەردەمی سەلاحەددینی ئەیێووبی و ئاسەوارەکانی سەردەمی سەلجووقییەکان و دانانیان لە مۆزەخانەکاندا بۆ نیشاندانی گشتی، یاخود گۆڕانکاریهێنان بەسەر کەنیسەکاندا و گۆڕینیان بە مزگەوت ئەم هەوڵانەی چڕتر کردۆتەوە. ئەگەر بمهەوێ نموونەیەکی دیکەی زۆر بەرچاو بێنمەوە دەتوانم ئاوڕ بدەمەوە چەند ساڵ لەمەوبەر کاتێک کە مەحموود عەباس سەردانی ئەنکەرەی کرد و لە لایەن ئەردۆغانەوە لە کۆشکی کۆماری پێشوازیی لێکرا. لە کۆشکەکە ١٦ سەرباز بە جلی جۆراوجۆر ڕاوەستابوون کە نمادی ١٦ دەوڵەتی تورک بوون لە سەردەمی دەسەڵاتی هون و سەلجووق و گورکانەوە تا سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانییەکان و لێرەدایە کە زۆر بە ڕوونی هەوڵی سەرلەنوێ سازدانەوەی مێژووی تورک و تەنانەت بە جۆرێ نیووعوسمانیزم دەردەکەوێ.

خۆ ڕەنگە ئەمە ڕاست بێ کە بەجۆرێک لە جۆرەکان ڕەگەیەکی فاشیستی بەسەر ئەم گەشەو پەرەپێدانە فەرهەنگییەوە دیارە، بەڵام وەک سیاسەتێکی فەرهەنگی دەکرێ بڵێین بە پرسە گرینگە غافڵ بووە، خۆ ئەمە ڕاستە کە نەتەوەی کورد بەدرێژایی مێژوو کەوتۆتە بەر شاڵاوێکی هەمەلایەنەی سڕینەوەی کەلتووری، بەڵام لەم سەردەمەدا بە هۆی بوونی سۆشیال میدیا و کەرەسەکانی دیکەی پێوەندی پێویستە بە کەڵکوەرگرتن لەم پۆتانسییەلە بەهێزە فەرهەنگی و مێژووییەی خۆی، سیمایەکی تازە لە خۆی بنوێنێ!

> **نەتەوەی کورد بەدرێژایی مێژوو کەوتۆتە بەر شاڵاوێکی هەمەلایەنەی سڕینەوەی کەلتووری، بەڵام لەم سەردەمەدا بە هۆی بوونی سۆشیال میدیا و کەرەسەکانی دیکەی پێوەندی پێویستە بە کەڵکوەرگرتن لەم پۆتانسییەلە بەهێزە فەرهەنگی و مێژووییەی خۆی، سیمایەکی تازە لە خۆی بنوێنێ!**



---

## لە ڕۆژهەڵاتەوە...

# میدیا و ڕۆڵی لە گەشەسەندندا!



خالید محەممەدزادە

لە سەر پەیوەندیی نێوان میدیا و گەشەپێدان دوو ڕای جیاواز هەن، هەندێک میدیا بە ئامرازێک لە خزمەت گەشەسەندنی هەمەچەشنەی کۆمەڵگی و ڕەوتی مۆدێڕنەکردنی ناو دەبەن و لە بەرامبەردا کەسانێک هەن کە دەڵێن میدیا خۆی بەرهەمی گەشەسەندنە. هەر کام لەم ڕایانەش پێوانەی سەرەکی بن، یان تەواوکەری یەکتر بن، گرنگ ڕۆڵی شوێندانەری میدیایە لە کۆمەڵگەدا. بە جۆریک کە کەسانی وەک «کازنو» پێیانوایە ئەوە میدیایە کە کەلتووری کۆمەڵگە دەچەسپێنێ و وا لە خەڵکی دەکات ڕەچاویان بکەن و تەنانەت قەناعەت بە خەڵکی بێنێ کە بایەخە هاوردەکانی دەستی میدیاش بپارێزن و ببێ بە ئادابێکی جێگرتوو لە کۆمەڵگەداو لاسایی میدیا بکەنەوە. «لورنیر» لە تیۆریسیەنەکانی مەکتەبی گەشەپێدان، میدیا بە مۆتۆڕی ئاڵوگۆڕی کەلتوور و باوەری کۆمەڵگە دادەنێ. مارک پاستەر لە کتێبی «سەردەمی میدیا»دا تەنانەت دەڵێ ئەمە فەزای مەجازی و میدیایە کە ناسنامەی کەسەکان دەستنیشان دەکا.

کارتێکەریی میدیا لە گەشەپێدانی هەمە چەشنەی کۆمەڵگەو باسە تیۆرییەکانی پەیوەندیدار بەم دوو چەمکە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی دەیەی (٥٠)ی زایینی لە ئوروپا و دوای کۆتاییهاتنی شەری دووهەمی جیهانی کە ئەم شەڕە ویرانییەکی زۆری لە ئوروپا بە دیاری هێنابوو. قۆناغی دوای شەڕ، قۆناغی ئاوەدانی و بنیاتنانەوەی ئوروپا بوو کە لێرەدا پێویستیی بوونی میدیا بۆ گەشەپێدان و بنیاتنانەوە هاتە گۆری. لەو سەردەمەدا گەشەپێدانی ئابووری بە پلەی یەکەم هات لە بنیاتنانەوە و بە پێی تیۆریی گەشەپێدان و نوێکردنەوە میدیا دەیتوانی ڕۆڵی گەورە لە هاندانی هاونیشتمانان بۆ بنیاتنەوەو دروستکردنی هەستی بەرپرسیارەتی بگێڕێ. یەک لە تیۆریسیەنەکانی ئەم بوارە «دانیەل لورنێر» بوو کە رایگەیاند:» میدیا دەتوانی ڕۆڵی مۆدێڕنەکردنی کۆمەڵگە بگێڕێ و ئۆلگووی نوێ، پێشنیار بکا و بۆ بنیاتنانەوە بەرنامەی نوێ بخاتە پێش چاوی هاونیشتمانان.

میدیا ڕۆڵێکی گرنگی لە ئوروپا و شۆرشەکانی ئوروپا و بیداریی خەڵکیدا هەبووە، ئەلیکسی دو توکویل لە کتێبێکدا دەربارەی شۆڕشی فەرانسە ئەوە روون دەکاتەوە کە چۆن میدیا کۆمەڵگەی فرەدەنگ و پرشو بڵاو و فرە کەلتووری فەڕانسەی یەکخست و بوو بە هۆی سەرکەوتنی شۆرش.

کاردینال نیومەن(Cardinal Newman) دەنووسی:» ناپلیۆن بە جوانی زمانی تۆپخانەی دەزانی« وەک ئاماژەیەک بە گرنگیدانی ناپلیۆن بە ڕۆژنامەکان و بە کارهێنانیان بەرامبەر بە دوژمن لە شەڕی ڕاگەیاندندا. ئەم قسەیە لە ناپلیۆن دەگێڕێتەوە کە گوتوویەتی سێ ڕۆژنامە لە سێسەد سەربازی پڕچەک زیاتر دەمترسێنن«

تیۆریی بەرامبەر ئەم تێزە، ئەم بۆچوونە کە میدیا دەتوانێ ڕۆڵی لە گەشەسەندنی ئابووری و سیاسیی کۆمەڵگەدا هەبێ، بە بۆچوونێکی گەشبینانە دادەنێ و میدیا بە بەرهەمی پەرەپێدانی سیاسی و ئابووری ناو دەبا. ئەم تیۆرییە دەڵێ میدیا دەتوانێ ڕۆڵی لە گواستنەوەی زانیاریدا هەبێ بەڵام گەشەنەسەندنی کۆمەڵگە، ئەو کاراییەش لە میدیا دەستێنێ و ئەوە گەشەسەندنە کە دەتوانێ ڕۆڵ بە کاریگەریی میدیا بدا.

ئێستا پرسیارەکە ئەوەیە: ئاخۆ میدیای ئێمە لە چ کۆمەڵگەیەکدا کار دەکا؟ ئەم میدیایە بەرهەمی گەشەسەندنی کۆمەڵگەیە یان نا؟ کۆمەڵگەی ئێمە لە ژێر کاریگەریی میدیادا ڕەوتی گەشەسەندنی خۆی دەباتە پێش؟ و میدیا لە ژێر کاریگەریی دۆخی سیاسی و ئابووریی کۆمەڵگەدایە؟ و ئەم دۆخە چ ڕۆڵێکی بە میدیای کوردی داوە و میدیا چ کاریگەرییەکی لە سەر کۆمەڵگەی ئێمە هەیە؟

ڕەنگە ئاسان نەبێ وەڵامی یەکلاکەرەوە بەم پرسیارانە بدرێتەوە بە تایبەت کە کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەیەکی لە حاڵی تێپەڕبوون لە دۆخێکی ناهەمواردایە و گەشەسەندن لەودا ڕەوتی سروشتیی خۆی ناپێوێ.

بە سەرنجدان بە گرنگیی میدیا لە بڵاوکردنەوەی هوشیاری و گەشەسەندندا، ڕەنگە تییۆرییەکەی شیلر و ڕاجێرز بۆ کۆمەڵگەی ئێمە گونجاوتر بێ کە باس لە پێویستیی بوونی گەشەسەندنی هەمەچەشنە لە شکڵگرتنی میدیا دەکەن. واتە بۆ بوونی میدیایەکی کاریگەر لە ڕەوتی گەشەسەندندا، دەبێ ژێرخانی کۆمەڵگە و ڕەوتی گەشەسەندنی کۆمەڵگە بگاتە ئاستێک کە پێویستیی میدیا بۆ خێراترکردنی کەرتی گەشەسەندن هەستپێکراو بێ. دۆخی کۆمەڵگەی ئێمە دۆخی گونجاوی میدیا نیە، لە ڕاستیدا وەک چۆن ڕەوتی گەشەسەندنی کۆمەڵگە ڕەوتێکی سروشتیی نیە، هەربەو شێوەیە ڕەوتی شکڵگرتنی میدیاش لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ڕەوتێکی ئاسایی نەبووە.

کۆمەڵگەی ئێمە (ڕۆژهەلات) یەک لە بنەماکانی گەشەسەندنی غایبە کە ئەویش میدیایە. غایببونی میدیا لە کۆمەڵگەی ئێمە بە مانای نەبوونی میدیا نیە، بەڵکوو غایببونی میدیا لە ناکارایی میدیا لە سەر پرۆسەی پێشخستنی کۆمەڵگەدا دەبینرێ. ئێمە لە ساڵانی ڕابردوودا زیاد لە میدیایەکمان هەبووە بەڵام میدیا ئەو ڕۆڵەی لە کۆمەڵگەکانی دیکەدا بۆ پێشخستنی کۆمەڵگە گێڕاویەتی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا پێی نەدراوەو نەیگێڕاوە یان لە ئاستی چاوەڕوانییەکاندا نەبووە. لە ڕاستیدا ئەوەی لە وڵاتی ئێمە پێویستیی بە پێشخستن و هاوکاریکردنو دەستگرتنە، بە پلەی یەکەم خودی میدیایە، دەکرێ لە هاوکاریکردنی میدیاوە قسە لە سەر کۆی گەشەسەندنەکانی کۆمەڵگەش بکەین. گەشەسەندنێک کە بە بێ بەشداریی میدیا ناتەواوە.

سیاسی

# پرسی کورد و چاوەدێریی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ لە ئێران

## وتووێژی «ئێران ترانسپیێرنسی» لەگەڵ د. ئاسۆی حەسەنزادە

دیمانە : جەماڵ ئیختیار
لە ئینگلیسییەوە وەرگێڕراوە

**«ئێران ترانسپیێرنسی»: شەفافیەتی مافەکان لە ئێران پڕۆژەیەکی نوێیە بۆ تیشکخستنەسەر پرسی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران و چاوەدێریی نێودەوڵەتیی بارودۆخی مافی مرۆڤ لەو وڵاتە. سەرەڕای قسە و باسی زۆر لەسەر ئەم بابەتە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، دۆخی مافەکانی مرۆڤ لە ئێراندا باشتر نەبووە. راتان لەسەر ئەو پڕۆژەیە چیە و بە باوەڕی ئێوە ئایا شەفافیەتی پێویست لەو بوارەدا چ لە ئاستی نێوخۆی ئێران و چ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا هەیە؟**

ئاسۆ حەسەنزادە: سەرەتا سوپاستان دەکەم کە دەعوەتتان کردووم بۆ ئەم وتووێژە. هەروەها بۆ تەرخانکردنی وێبسایتێک بۆ پرسی چاوەدێریی نێودەوڵەتیی مافی مرۆڤ لە ئێراندا دەسخۆشیتان پێ دەڵێم. هەڵبژاردنی چەمکی شەفافیەت بۆ ئەو کارە لەلایەن ئێوەوە بەتایبەتی سەرنجی راکێشام. لە یەکەم روانیندا هیچ شتێک لەوە سروشتیتر نایەتە بەرچاو کە لە بوارێکی وەک مافی مرۆڤدا باسی شەفافیەت بکەین. چونکە کاریگەرترین رێگە بۆ رێژیمە سەرەڕۆکان بۆ بەردەوامبوون لەسەر پێشێلکردنی مافی مرۆڤ بەبێ هیچ لێپرسینەوەیەک نەبوونی شەفافیەتە. بەو حاڵەش پێویستە بڵێم شەفافیەت وەک خۆی نە مافێکی مرۆڤە و نە تەنانەت چەمکێکی حقووقییشە. لە ئاستی نێودەوڵەتیدا زۆرتر باوە کە لە پێوەندی لەگەڵ خەبات بەدژی گەندەڵی و باشحوکمڕانیدا(Good Governance) باسی شەفافیەت دەکەن. ئەمانە بابەتگەلێکن کە بۆ مافەکانی مرۆڤیش ماناو گرینگییان هەیە. تەنیا کاتێک حکوومەتەکان بەرپرسیار و وەڵامدەر دەبن کە رێز لە مافی دەستڕاگەیشتن بە زانیارییەکان و ئازادیی رادەربڕین ـ کە ئەمانە لە ریزی مافە سەلمێندراوەکانی مرۆڤدان ـ بگرن. ئەمن بەکاربردنی کانسێپتی شەفافیەتم لەو کارەی ئێوەدا راست بۆیە پێ سەرنجڕاکێشە کە پرسی مافی مرۆڤ راستەوخۆ بە کوالیتەی حوکمڕانییەوە دەبەستێتەوە.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر ئێران، سەرەڕای رواڵەتی قانوون و رێوشوێنەکان، لەم بوارەدا وەک لە هەموو بوارەکانی دیکەدا، سانسۆر و تەمومژ زاڵە. لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بێگومان دەکرێ هەموو جۆرە ساتوسەودایەکی ژێر بە ژێر لەگەڵ ئەو رێژیمانەی مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکەن و یەک لەوان لەگەڵ رێژیمی ئێراندا هەبێ. بەڵام کێشەکە پێش هەمووان لە نێوخۆی ئێراندایە. ئەگەر ئێمە لە ئێران رێژیمێکی بەرپرسیارمان هەبا کە رێگەی دابایە کێشە و گیروگرفتەکانی وڵات بە کراوەیی و بە بەشداریی هەمووان تاوتوێ و چارەسەر بکرێن، ئەودەم رەفتاری بەرپرسانە و شەفافی حکوومەت لە ئاستی نێوخۆییدا رەنگدانەوەی لە سیاسەتی دەرەوەیدا و لە بواری هاوکاری لەگەڵ بنیاتە نێونەتەوەییەکانی چاوەدێریی مافی مرۆڤیشدا دەبوو.

**«ئێران ترانسپیێرنسی» : دواتر دەگەڕێینەوە سەر باسی سیاسەتی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەربارەی دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران. بەڵام ئایا لە روانگەی ئێوەوە وەک شارەزایەکی کورد سەرەکیترین کێشەکانی مافی مرۆڤ چ لە ئێراندا بە گشتی و چ بەتایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ میللیەتە ژێردەستەکانی ئەو وڵاتەدا بۆ نموونە کوردەکان کامانەن؟**

ئاسۆ حەسەنزادە: پرسی نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران بۆخۆی بەشێکە لە پرسی گشتیی مافی مرۆڤ لەو وڵاتەدا. لەبەرامبەر یەکتردانان یان تەنانەت جیاکردنەوەی توندی ئەم دوو بابەتە بەزیان تەواو دەبێ. لە ئێران وەک لە هەر وڵاتێکی دیکەی جیهان، دەبێ قبووڵ بکرێ کە تاکەکان نەک هەر تەنیا وەک هاونیشتمان، بەڵکوو لە بەستێنی ئێتنیکیشدا خاوەنی مافن. بۆ سادەکردنەوە دەتوانین بڵێین پرسی مافی مرۆڤ لە ئێراندا دوو رەهەندی پێکەوەگرێدراوی هەیە : یەکەم، بە هۆی سیاسی و ئیدئۆلۆژی، هاونیشتمانان لە جەوهەری مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان ـ بەو جۆرەی لە ستانداردە نێودەوڵەتییەکانی ئەو بوارەدا قبووڵ کراوە ـ بێبەش کراون. دووهەم، بە هۆی بنەمایەکی قەومیی ئینحیساری کە بۆ ناسیۆنالیزمی ئێرانی (لە رووە نێوخۆییەکەیدا) دانراوە، فرەیی و جۆراوجۆریی پێکهاتەی ئێتنیکیی کۆمەڵگای ئێران وەبەر چاو نەگیراوە و رەنگدانەوەی لە بەستێنی گشتیدا نیە. لە ئاکامدا ناسنامەی دەزگای حکوومەتی لەگەڵ واقیعی فەرهەنگیی کۆمەڵگەدا یەک ناگرێتەوە. دیارە هەروەک گوتم ئەم دوو کێشەیە بەر وپشتی یەک میداڵن. چ ئەمڕۆ و چ لە رابردوودا، بێبەشکردنی هاونیشتمانان لە جەوهەری مافەکانی مرۆڤ و بێبەشکردنی نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران لە مافە تایبەتییەکانیان هەردووکیان بۆ یەک مەبەستی سیاسی بەکار هاتوون کە بریتییە لە هێشتنەوە و سەقامگیرکردنی نەزمێکی سیاسیی لەڕادەبەدەر سەرەڕۆ و ناوەندگەرا.

**«ئێران ترانسپیێرنسی»: ئێمە باسی دۆخی ئێستا دەکەین، بەڵام گەلانی ژێردەستە لە ئێران بە درێژایی مێژوو چ لە سەردەمی پاشایەتیدا و چ لە سەردەمی ئاخوندەکاندا هەر چەوساونەتەوە. کێشەی ئەم سیستمە لە چیدایە، ئایا کێشەکە پێکهاتەییە یان گرێبەستی کۆمەڵایەتی یان شتێکی دیکە؟**

ئاسۆ حەسەنزادە: لە فەلسەفەی سیاسیدا باوە دەڵێن تیئۆریی گرێبەستی کۆمەڵایەتی شتێکی خەیاڵییە. مەبەستیان ئەوەیە کە لە سەرەتای دروستبوونی کۆمەڵگە سیاسییەکاندا ئەو دەمەساتەی لەودا هاونیشتمانان هەر بەڕاستی لەنێوان خۆیاندا یان لەگەڵ حوکمڕانان گرێبەستێکیان ئیمزا کردبێ بۆ ئەوەی بڵێن دەیانەوێ لە سایەی چ نەزمێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بژین، رووی نەداوە. ئەو لێکدانەوەیە ئەگەر بۆ کۆمەڵگە سەرەتایی و دێرینەکان راستە، بۆ کۆمەڵگە مۆدێرنەکان دروست نیە. لەبارەی ئێرانەوە زۆر فاکتەری پێکهاتەیی (ساختاری)ی تایبەت بە کۆمەڵگەی ئەو وڵاتە هەن کە دەتوانن لانیکەم بەشێک لە هۆکاری سەرهەڵدان و مانەوەی نەزمێکی سیاسیی نەگونجاو و ناسەردەمی لەو وڵاتەماندا بۆ روون بکەنەوە . بەڵام پێم وایە مەترسیدار دەبێ ئەگەر بڵێین کۆمەڵگەی ئێران هەر لەجێدا توانای وەرگرتنی سیستمێکی دێموکراتیک یان مۆدێلەکانی پێکەوەژیانی بنیاتنەری نیە. هەر کاتێک کەلێنێکی ئەوەندە گەورە لەنێوان ویست و ئارەزووی خەڵک لەلایەک و بنەما و ئاقاری سیاسەتە گشتییەکان لەلایەکی دیکەوە دروست بوو، پێویستە بیر لە دارشتنەوەی سەرلەنوێی سیستمەکە بکرێتەوە. ئەو کارەش بە پێناسەکردنەوەی سەرلەنوێی بنەماکانی شەرعییەتی سیستم دەست پێدەکا. کەوابوو بەڵێ، گرێبەستێکی دیکەی کۆمەڵایەتی.

**«ئێران ترانسپیێرنسی»: بزووتنەوەی میللیەتەکان لە ئێران خۆیان بە دێموکراتیک دادەنێن. لەلایەکی دیکەوە دەوڵەت ئەوان بە بەکاربردنی توندوتیژی و تێرۆریزم تاوانبار دەکا. کێ راست دەکا؟ کێ تێرۆریستە و کێ قوربانییە؟**

ئاسۆ حەسەنزادە : هەم حکوومەتەکان و هەم ئەو بزووتنەوانەی لەدژی حکوومەتەکان شکڵ دەگرن، بۆ ئەوەی ئامانج و مێتۆدەکانی خۆیان پاساو بدەن، زۆربەی کات پەنا بۆ تیئۆری و چەمکی وەها دەبەن کە بەڕواڵەت رەوا و بەجێن. تەنانەت جاری وایە حکوومەتەکانیش و ئەو هێزانەش کە بەدژیان خەبات دەکەن لە چەمک و تیئۆریی وەکیەک یان هاوشێوە کەڵک وەردەگرن. ئەوە کە هێزێک بەدژی رێژیمێکی نادێموکڕات خەبات دەکا بەو مانایە نیە کە ئەو هێزە حەتمەن بۆخۆی دێموکراتە. هەرلەوکاتەدا ئەوە کە گرووپەکانی ئۆپۆزیسیۆن پەنا بۆ شێوازی توند و چەکدارانە دەبەن هیچ لە بەرپرسایەتیی دەوڵەت بۆ دروستکردنی فەزایەکی سیاسی کە لەودا کێشەکان لە رێگەی دیالۆگ و ئالیەتی سیاسییەوە چارەسەر بکرێن، ناگۆڕێ. حاشای لێناکرێ کە لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن دەتوانن نەخشێکی گرینگ لە دیاریکردنی قانوونەکانی گەمەی سیاسیدا بگێڕن. بەڵام لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ئەوە حکوومەتەکانن کە شێوازەکانی خەبات بەسەر نەیارانیاندا دەسەپێنن.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر تێرۆریزم، دەزانین کە ئەم تۆمەتە زۆر جار لەلایەن رێژیمە سەرەڕۆکانەوە لە موخالیفانیان دەدرێ. زۆر بزووتنەوە و سەرکردەی ئۆپۆزیسیۆن هەبوون کە پاش ئەوەی سەردەمێک بە تێرۆریست لە قەڵەم دراون، دواتر وەک پارتنێری سیاسیی بێئەملاوئەولا دانیان پێدا نراوە و تەنانەت هێندێکیان خەڵاتی ئاشتیی نۆبێلیشیان وەرگرتوە. سەرەڕای رێکنەکەوتنی گشتی لەسەر پێناسەی تێرۆریزم، مەسەلەکە زۆر سادەیە : تێرۆریزم بریتییە لە بەئامانجگرتنی خەڵکی مەدەنی یان بەکاربردنی چەک بەبێ جیاوازیدانان لەنێوان ئەوانەدا کە دەبنە ئامانجی هێرشەکە. ئەمن هیچ بۆم سەخت نیە کە هەر کەس یان هەر هێزێک کە کاری وا بکا، بە تێرۆریست لە قەڵەم بدەین. چونکە دەزانم هیچ هێزێکی بەرپرسیار لە وڵاتی ئێمەدا بەتایبەتی لەنێو کوردەکاندا نە قەت کاری وای کردوە و نە قەتیش کاری وا دەکا. لە هەرحاڵدا نە خەباتی چەکدارانە (کە ئەمن لە بەرامبەر ئەو رێژیمانەدا کە سەرکوتکەرن و دەرەتانی خەباتی ئاشتیخوازانە ناهێڵنەوە بە مەشرووعی دەزانم) و نە تەنانەت تێرۆریزم (کە بێگومان دەبێ مەحکوومی بکەین)، لە شەرعیەتی ئەو ویست و ئامانجانە کەم ناکەنەوە کە ئەم یان ئەو شێوە لە خەباتیان لێ

> **ئەگەر قەرار بێ ئێمە دیکتاتۆرەکانمان بۆ خەڵک نەوێن، هیچ هۆیەک نابینم بۆ ئەوەی دیکتاتۆرەکانمان بۆخۆمان بوێن**

# Iran Rights Transparency

**Efforts for Human Centered and Transparent Human Rights for Iran**

Facebook - Twitte

IRT | UN Rights on Iran | UN Protection on Iran | World on Iran | Interviews | Articles | From Media

## Record of Special Rapporteur Dr. Ahmed Shaheed is positive compared to his predecessors

› Thursday, 7th January, 2016



*Iranian Kurdish academic and activist Dr. Asso Hassan Zadeh*

**Dr. Hassan Zadeh: The international community divided toward the Islamic Republic for economic and security related interests**

**Interviewed by:** Jamal Ekhtiar

**Iran Rights Transparency:** The issue of human rights in Iran is seen and discussed from different angles, but like other public spheres transparency of human rights policies has its importance and necessity. To discuss the situation in Iran and the situation of Kurds, rights transparency, ethnicity topics, Iran Rights Transparency invited Dr. Asso Hassan Zadeh for an interview and IRT is pleased to share his views with readers.

Dr. Asso Hassan Zadeh is an Iranian Kurdish academic and activist. He received his PhD in international law from the Graduate Institute of International Studies (Geneva). He has been involved in teaching and

کەوتوتەوە. پرسیاری سەرەکی شێوازی بەکارهاتوو لەلایەن ئەم گرووپ و ئەو گرووپەوە نیە. ئەو شێوازانە تەنیا دەرەنجامی بوونی کێشەیەک لە بناخەدا یان دەرەنجامی شێوەی مامەڵە لەگەڵ کێشەکەن. ڕێژیمەکان ناتوانن بە خۆشاردنەوە لە پشت مێتۆدەکانی بەکارهاتوو لەلایەن نەیارانیانەوە سوورەتی کێشەکان بسڕنەوە.

**«ئێران ترانسپێرنسی»: ئایا شوناسخوازی و هێڵی بەرگریکارانەی ناسیۆنالیستی دەتوانن یەک بگرنەوە؟ وەک باسمان کرد، پێش ئەوەی پرسەکە پرسی ناسیۆنالیزم بێ کە هەمیشە پرۆنەکتیڤە، قسە لەسەر مافی حاشاهەڵنەگری کوردەکان لە بواری ناسنامەدایە. ئەگەر نەتوانین ئەم دووانە پێکەوە ئاشت بکەینەوە، لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاستێکدا کە دەوڵەتی بەناو مۆدێرن یان دەوڵەت-نەتەوەی دێموکراتیک قەت سەرنەکەوتووە، ئایا ئێوە مافی دیاریکردنی چارەنووسی کوردەکان چۆن دەبینن؟ ئەگەرچی ڕەنگە ئەوە سەیر بێتە بەر چاو، بەڵام ئایا کوردەکان مافی ئەوەیان نیە کە ئەوانیش وەک گەلانی دیکە ببنە خاوەنی دیکتاتۆرەکانی خۆیان؟ ئەمە لانیکەم لەو سەرکوت و چەوسانەوەیە کەم دەکاتەوە کە بە تاوانی کوردبوونەوە بەرەوڕووی دەبنەوە.**

**ئاسۆ حەسەنزادە:** لەپێشدا با بڵێم ئەمن لەگەڵ ئەو بارە مەنفییە نیم کە سیستماتیک دەخرێتە گەڵ چەمکی ناسیۆنالیزم. بەهۆی تێکەڵکردنێکی بەئەنقەستی جەوهەری ویست و ئارەزووی ناسیۆنالیستی لەلایەک و هێندێک دەربڕین یان ئاکامی توندوتیژی ئەو ویست و ئارەزووانە لەلایەکی دیکەوە (بۆ نموونە نازیسم یان شەڕی یووگۆسلاڤی)، دیسکۆرسی زاڵ لە ئێراندا هەمیشە ناسیۆنالیزمی قەومیی وەک شتێکی ترسناک و بێزراو نیشان داوە. بەچەشنێک کە زۆر لە هێزە کوردییەکانیش لەوە کە خۆیان وەک ناسیۆنالیست پێناسە بکەن دوودڵن. لە ڕوانگەی منەوە، ناسیۆنالیزم ئیدئالێکی سیاسییە وەک هەر ئیدئالێکی دیکەی سیاسی. تا ئەو کاتەی ئێمە لە داوی ناسنامەخوازیی دەمارگرژانە و توندڕەوانە ناکەوین و بەمەرجێک دێموکڕات بین و ڕێز لە مافی مرۆڤ و کەمایەتییەکان بگرین، پێموایە نابێ لەوە شەرم بکەین کە بە خۆمان بڵێین ناسیۆنالیست. خۆ قسە لەسەر شتێک نیە غەیری داواکردنی مافێک بۆ گەلی خۆمان کە لەمێژە بۆ گەلانی دیکە بەڕەسمی ناسراوە. ئەوەش کە بۆ گەلانی دیکە بەڕەسمی ناسراوە، هەروەک بۆخۆت ئاماژەت پێکرد، مافی دیاریکردنی چارەنووسە.

بۆ نەتەوەیەکی وەک نەتەوەی کورد کە لەڕووی فەرهەنگییەوە ئەوەندە جیاواز بێ، لەڕووی شوناسخوازییەوە ئەوەندە وشیار بێ و بەدرێژایی مێژووش ئەوەندە سەرکوت کرابێ، چ شتێک لەوە ڕەواتر کە داوای مافی دیاریکردنی چارەنووس بکا؟ بەڵام کە گوتمان داوای مافی چارەنووس دەکەین ئەوە بەو مانایە نیە کە بێئەملاوئەولا دەمانەوێ ئەو مافە لە پێشکەوتووترین شکڵیدا واتە سەربەخۆیی وەدی بێنین. سەرەڕای هەموو ئەو چەوسانەوە و سەرکوتە کە ئێستاش لەدژی کورد لە ئێراندا لە ئارادایە و سەرەڕای هەموو ئەو ئاڵوگۆڕە کە لەپێوەندی لەگەڵ مافی گەلان لە جیهاندا ڕووی داوە، پێموایە ئێلیتی سیاسیی ئێمە ئێستاش حازرە لە چوارچێوەی ئێراندا بیر لە داهاتووی گەلەکەمان بکاتەوە، بە مەرجێک کە ئێران چیدیکە بۆ کوردەکان زیندانێک نەبێ و ئێرانێکی دێموکراتیک بێ کە لەودا تایبەتمەندیی ئێمە وەک کورد لەبەرچاو گیرابێ. ئەگەریش ڕۆژێک کوردەکان داوای دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان کرد، ئەوە سروشتیترین مافی ئەوانە. بەڵام ئایا ئەوە بۆ ئەوەیە کە ئەوانیش ببنە خاوەنی دیکتاتۆرەکانی خۆیان؟ بەبێ دوودڵی دەڵێم نەخێر. ئەگەر قەرار بێ ئێمە دیکتاتۆرەکانمان بۆ خەڵک نەوێن، هیچ هۆیەک نابینم بۆ ئەوەی دیکتاتۆرەکانمان بۆخۆمان بوێن. خەبات بۆ مافی نەتەوەیی و بۆ دێموکراسی لە هەموو ئاستەکاندا دەبێ هاوکات و هاوشان لەگەڵ یەکتر بچنە پێش.

**«ئێران ترانسپێرنسی»: هێندێک لە کوردەکان بارودۆخی خۆیان تەنیا لە گۆشەنیگای ئێتنیکییەوە چاو لێدەکەن و بەو جۆرەی پێویستە سەرنج نادەنە ڕوانگەی مافی مرۆڤ. بۆچی وایە و ئایا دەرەتانی پێکەوەگرێدانی ئەم دووانە هەیە؟**

**ئاسۆ حەسەنزادە :** ئەگەر کوردەکان بارودۆخی سەختی خۆیان زۆرتر لە ڕوانگەی ئێتنیکییەوە لێک دەدەنەوە، ئەوە لەخۆڕا نیە. هۆیەکەی ئەوەیە کە وشیاریی شوناسخوازانەی ئەوان و قبووڵنەکردنی زوڵم و ژێردەستەیی لەلایەن وانەوە هانی داون کە خۆیان ڕێک بخەن و بۆ مافە ڕەواکانیان خەبات بکەن. خەباتی ئەوان کە لە جەوهەردا خەباتە بۆ ئازادی (بە هەموو ئەو دەرەنجام و لق و پۆپانەوە کە لە ئازادی دەکەونەوە) لەلایەن حکوومەتی ناوەندییەوە وەک مەترسییەکی سەرەکی بۆ مانەوەی حاکمیەتی سەرەڕۆیانەی بەسەر تەواوی کۆمەڵگەی ئێراندا چاو لێدەکرێ. هەر بۆیەشە حکوومەت تەنیا لە گۆشەنیگای ئەمنیەتییەوە لە پرسی کوردستان دەڕوانێ. تایبەتمەندیی ئێتنیکیی کورد یان باشتر وایە بڵێم حاشاکردن لەو تایبەتمەندییە سروشتی هەموو سیاسەتەکانی حکوومەت لەپێوەندی لەگەڵ گەلەکەماندایە. ئەوەش نەکهەر لە جیاوازیدانانی سیستماتیک لە دژی کوردەکاندا خۆی دەردەخا، بەڵکوو چەوساندنەوەی ئەکتیڤیش دەگرێتە خۆی. کوردبوون تەنیا نابێتە هۆی ئەوە کە منداڵەکانتان لە مافی خوێندن بە زمانی کوردی بێبەش بن. تەنیا هەلی خۆ کاندیدکردن یان دیاریکران بۆ پۆستە باڵاکان لە ئێوە زەوت ناکا. هەر ناوچەکەتان لە بەجێمانی ئابووری و پیشەسازیدا ناهێڵێتەوە. کوردبوون هەروەها ئێوە بەرەوڕووی قورسترین سزاکانیش دەکاتەوە، تەنانەت ئەو کاتەی بە ئاشتیخوازانەترین ڕێگا بۆ مافە هەرە سەرەتاییەکانی خۆتان تێدەکۆشن. کوردەکانی ئێران تەقریبەن مۆنۆپۆلی ئێعدامە سیاسییەکانیان لە ئێراندا هەیە. هێزە ئەمنیەتییەکانی ئێران تەنانەت زۆر بە ئاسانی تەقە لەو خەڵکە هەژارە دەکەن کە بەهۆی نەبوونی داهات و هەلی کار ناچارن بۆ پەیداکردنی پارووەنانێک لەنێوان سنوورەکاندا کۆڵکێشی بکەن.

ئێستا ئایا ئەوە کە ئێمە پێش هەموو شتێک بەهۆکاری ئێتنیکی دەچەوسێینەوە دەبێ هانمان بدا کە هەموو شتێک تەنیا لە گۆشەنیگای ئێتنیکییەوە چاو لێبکەین، وەڵامەکەم بێگومان «نا»یە. هەروەک لە سەرەتادا گوتم، تەعەللوقی ئێتنیکی سروشتێکی بنەڕەتیی هەر مرۆڤێکە. بەڵام هەر کەس ئیددیعا بکا کە هۆگری ئازادی و لێبووردەیییە، دەبێ هەوڵیش بدا خاڵە هاوبەشەکان لەگەڵ ئەوانی دیکە بدۆزێتەوە و پێویستە لە وڵاتدا لەنێوان گرووپەکانیشدا پرد هەبن. پێکەوەگرێدانەوەکە مومکینە ئەگەر قبووڵ بکەین کە گەڕان بەدوای یەکێتی و یەکسانیدا تەنیا بە ڕێزگرتن لە فرەچەشنیمان و ئاکامگیریی بەکردەوە لە

**ئەوە کە دەرەتانی خەباتی مەدەنی یان خەبات لە ڕێگەی سندووقەکانی دەنگدانەوە لە ئێراندا یەکجار زۆر بەرتەسکە، نابێ ببێتە هۆی ئەوە کە ئێمە کۆمەڵگەی مەدەنی پشتگوێ بخەین**

جیاوازییەکانمان جێبەجێ دەبێ. ئەمە دەبێ بمانهێنێتە سەر ئەوە کە دێموکڕاسی لەسەر پرەنسیپی دوو کۆڵەکەی سەرەکی بنیات بنێین؛ یەکسانیی نێوان هاونیشتمانان و یەکسانیی نێوان ئەو گرووپانەی کۆمەڵگە پێک دێنن.

**«ئێران ترانسپێرنسی»: چالاکانی مەدەنیی کورد دەڵێن حکوومەت ناهێڵێ کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان بەشێوەیەکی سروشتی گەشە بکا. ئەوان فشاریان زۆر لەسەرە و زۆریان ناچارن وڵات بەجێ بێڵن. ئایا ئێوە ڕۆڵی کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردستان لە خستنەبەرباس و بردنەپێشی پرسەکانی مافی هاونیشتمان و مافی نەتەوەییدا چۆن دەبینن؟**

**ئاسۆ حەسەنزادە:** ئەمن پێموایە ئەو دابڕان و مەودایە کە کۆمەڵگەی سیاسیی ئێرانی دابەش کردوە تەنیا لەسەر ئاستی پێوەندیی نێوان خەڵک و حکوومەت نیە، بەڵکوو لەسەر ئاستی پێوەندیی نێوان خەڵک خۆیان یان پێوەندیی خەڵک لەگەڵ ئەو بژاردانەشدایە کە بۆ گۆڕینی بارودۆخەکە خەبات دەکەن. ئەوەش تەنیا لەلای ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی کە زۆر پەرش و بڵاوە و زۆریش لە واقیعی مەیدانیی کۆمەڵگەی ئێران دوور کەوتۆتەوە نابینرێ. بەڵکوو لەلای ئۆپۆزیسیۆنی کوردیش بەدی دەکرێ کە ئەویش بەداخەوە پارچە پارچەیە و ڕوانینێکی هاوبەشی بۆ چۆنیەتیی خەبات لەگەڵ ڕێژیم و چۆنیەتیی ئەرکدارکردن و هێنانەمەیدانی خەڵک لەو خەباتەدا نیە. لە بەرامبەر ڕێژیمێکدا کە هەموو جومگەکانی دەسەڵات لە نێوخۆ و هەموو ئەهرومەکانی سیاسەتی دەرەوە بۆ پایەدارکردنی حاکمیەتی ئاسنینی خۆی بەسەر کۆمەڵگەدا بەکار دەبا، لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستە نەخشەڕێگای خەباتێکی فرەڕەهەند و هەمەلایەنە بکێشین کە هەموو شێوازەکانی تێکۆشان و هەموو پۆتانسیەلەکانی کۆمەڵگە بەشێوەی هەماهەنگ لەپێناوی ئەو ئامانجەدا بەکار ببا کە بریتییە لەوەی ڕێگا بۆ گۆڕانی سیاسی یان هەرنەبێ باشترکردنی بارودۆخ خۆش بکرێ.ئەوە کە دەرەتانی خەباتی مەدەنی یان خەبات لە ڕێگەی سندووقەکانی دەنگدانەوە لە ئێراندا یەکجار زۆر بەرتەسکە، نابێ ببێتە هۆی ئەوە کە ئێمە کۆمەڵگەی مەدەنی پشتگوێ بخەین. کۆمەڵگەی مەدەنی نەک هەر لە بنیاتنانی کۆمەڵگای سبەینیدا پارتنێرێکی چارەنووسسازە، بەڵکوو لە مۆبیلیزەکردنی جەماوەریشدا کە بۆ بووژانەوە و بەمەیدانیکردنی خەبات پێویستە، فاکتەرێکی یەکلاکەرەوەیە.

**«ئێران ترانسپێرنسی»: دەگەڕێمەوە سەر باسی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئێران. ئایا ئێوە کاریگەریی سیاسەت و چاوەدێریی نێودەوڵەتی لەپێوەندی لەگەڵ ئێراندا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ ئایا ئەو سیاسەت و چاوەدێرییە سەرکەوتوو بووە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەو بوارەدا لە ئاستی بەرپرسیارەتیی خۆیدایە؟**

**ئاسۆ حەسەنزادە:** کێشەکە پێش هەموو شتێک ئەوەیە کە بە هۆکاری پێوەندیدار بە قازانجی ئابووری یان چالێنجی ئەمنیەتی هەتا ئەم دوایانەش کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا تەواو دابەش ببوو. جیاوازیی قازانجەکان و نەبوونی ڕوانگەیەکی هاوبەش بەڕووی ئەم ڕێژیمەدا هەمیشە بە قازانجی تەواو بووە. لەلایەکی دیکەوە، هەڵکەوتی ستراتژیکیی ئێران و توانای ڕێژیم بۆ ئاژاوەنانەوە لە ناوچەدا هەمیشە وایان کردوە کە زلهێزەکان لەوە دوودڵ بن کە هەڵوێستێکی توند و پایەداریان لە بەرامبەر ئێراندا هەبێ. وەک ئاکامێکی هەموو ئەمانەش، لە پێناسەی هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە بەرامبەر ئێراندا هەمیشە فایلە سیاسی و ئەمنیەتییەکان (دوێنێ پرسی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی نزیک و ئەمڕۆ پرۆگرامی ناوکیی ئێران) وەپێش پرسی مافی مرۆڤ و دێموکڕاسی لەو وڵاتەدا خراون. هەربۆیە سەرەڕای ڕیتۆریکی بەردەوامی ڕەخنەگرتن و مەحکوومکردنی ڕێژیم بەهۆی پێشێلکردنی مافی مرۆڤەوە، هەتا

**لە بەرامبەر ڕێژیمێکی وەک ئێراندا دیالۆگ و وشەکان کافی نین، بەڵکوو هەنگاوی کۆنکرێت و زۆریلێکردن پێویستە**

ئێستاش ئەولەوییەتی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا چارەسەری ئەو پرسانەی سەرەوە بووە و ئەوەش هەمیشە بە زیانی ماف و ئازادییەکانی خەڵک لە ئێراندا بووە. کەواتە لە کەیسی ئێراندا وەک لە هی زۆر ڕێژیمی سەرەڕۆی دیکەدا، هەنگاوی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی زۆر لەوە کە بە خوێندنەوەی پرەنسیپ و بایەخەکانی نێو پەیماننامە نێونەتەوەییەکان بەتایبەتی مەنشووری مافی مرۆڤ لێی چاوەڕوان دەکەین، شلتر و لاوازترە.

**«ئێران ترانسپێرنسی»: ئێوە چاوەدێریی دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە چۆن هەڵدەسەنگێنن و چۆن دەڕواننە کارنامەی ئەحمەد شەهید ڕاپۆرتۆری تایبەتیی یوو ئێن بۆ ئێران؟**

**ئاسۆ حەسەنزادە :** ئەگەر ئێمە کاری تا ئێستای د. ئەحمەد شەهید لەگەڵ هی ڕاپۆرتۆرەکانی پێش خۆی بەراورد بکەین، پێویستە بڵێین کارنامەی ناوبراو پۆزەتیڤە. ئەو پیاوێکی بەتوانا و بەبیروباوەڕە کە وێڕای پاراستنی پرۆفشنالیزم لە کارەکەیدا، زەرفیەتەکانی مەئمووریەتەکەی تا ئەوپەڕی خۆی بەکار بردوە هەتا بە ڕاشکاوانەترین شێوە تیشک بخرێتە سەر بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێراندا. دیارە ئەحمەد شەهید لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکەیدا کەند و کۆسپی گەورەی لەسەر ڕێگان، چونکە حکوومەتی ئێران هاوکاریی ناکا. ڕێژیم، هەروەک لەپێوەندی لەگەڵ میکانیزمەکانی دیکەی چاوەدێریی نێونەتەوەییدا دەیکا، لەوەشدا وا دەنوێنێ کە گەمەکە یاری دەکا و حازرە لەگەڵ ڕاپۆرتۆری تایبەتی دیالۆگ بکا. بەڵام ئەم ڕێژیمە لە سەرەتاوە تا ئێستا ئەو بڕیارنامەیەی ڕاپۆرتۆرێکی تایبەتیی بۆ کەیسی مافی مرۆڤ لە ئێراندا پێ دیاری کراوە ڕەت کردۆتەوە و هەرگیز ڕێی نەداوە ئەحمەد شەهید سەردانی ئێران بکا. سەرەڕای ئەوەش، زۆر خاڵی پۆزەتیڤ لە کارنامەی ئەحمەد شەهید دا هەن. ئەو توانیویەتی بابەتی مافی مرۆڤ لە ئێراندا بەشێوەیەکی بەردەوام لەبەر زووم و سەرنجی مێدیای جیهانیدا ڕابگرێ و ڕۆئیەتی تەواو بە بەجێگەیاندنی ئەرکەکەی بدا. هەروەها زۆر زیاتر و ئاسانتر لە ڕاپۆرتۆرەکانی پێش خۆی ڕێگە بە چالاکانی دەرەوەی وڵات و نەیارانی ڕێژیم دەدا کە دەستیان وێی ڕابگاو زانیارییان لێ وەربگرێ. لە گۆشەنیگای خۆشمانەوە وەک کورد، ئێستا لە ڕاپۆرتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا سەرنجێکی هەرچەند ناکافی بەڵام زیاتر و باشتر لە ڕابردوو دەدرێتە پرسی سەرکوتی میللییەتەکان و کەمایەتییەکان لە ئێراندا. هەر ئەوەکە کۆماری ئیسلامی بەردەوام ڕەخنە لە ناوبراو دەگرێ کە گۆیا لە کارەکەی خۆیدا بێلایەن نیە، بەڵگەی ئەوەیە کە کاربەدەستانی ڕێژیم زۆری پێ قەڵسن و ناوبراو لە کارەکەیدا سەرکەوتوویە.

هەمووی ئەمانەی گوتم بەو مانایە نیە کە ئەحمەد شەهید دەتوانێ ڕێژیم ناچار بکا کە ڕەفتاری خۆی لەو بوارەدا بگۆڕێ. کێشەکە کەیفیەتی کاری ڕاپۆرتۆری تایبەتی نیە، بەڵکوو کێشە کاریگەریی مێکانیزمەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ چاوەدێریی مافی مرۆڤ بەگشتییە. سەرەڕای هەموو ئەو پێشکەوتنانە کە لە سایەی شووڕای مافی مرۆڤدا (بە بەراورد لەگەڵ کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ) وەدی هاتوون، مێکانیزمی نوێش هەروا مێکانیزمێکی نێوان حکوومەتەکانە و بەستراوەتەوە بە هەڵکشان و داکشان و ئەگەر و ئەممای باڵانسە سیاسییەکان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا. هەتا ئەو کاتەی لێپرسینەوە لە بارودۆخی مافی مرۆڤ لە وڵاتێکی وەک ئێراندا تەنیا لە گەڵاڵەکردنی کۆمەڵێک ڕاسپاردە و لە باشترین حاڵەتدا مەحکوومکردنی دەوڵەتی پێشێلکاردا خولاسە بێتەوە، نابێ چاوەڕوانی هیچ موعجزەیەک بین. لە بەرامبەر ڕێژیمێکی وەک ئێراندا دیالۆگ و وشەکان کافی نین، بەڵکوو هەنگاوی کۆنکرێت و زۆریلێکردن پێویستە. ئەو ڕۆژە کە ڕاپۆرتەکانی ئەحمەد شەهید تەنیا نابنە بنەمای ڕاسپاردەکانی شووڕای مافی مرۆڤ یان ڕاپۆرتەکانی سکرتێری گشتی، بەڵکوو دینامیزمێکی سیاسییشیان لێ دەکەوێتەوە کە فایلی مافی مرۆڤ لە ئێراندا بخاتە سەر مێزی شووڕای ئەمنیەت، ئەودەم دەتوانین هیوادار بین کە بارودۆخەکە بەرەو باشی بڕوا. دیارە دەزانین کە هێندێک کەس لە بەرامبەر فکرێکی وەهادا زۆر بەربەستی حقووقی دێننە گۆڕێ، بەڵام ئەگەر ئیرادەی سیاسی هەبوو، قانوونیش بەدوایدا دێ.

**ڕۆژنامەی «کوردستان» یادگاری سەردەمی کۆماری کوردستانە کە ئەمساڵ پێ نایە تەمەنی ٧٠ساڵەیی خۆی و بۆوە بە هۆی ئاوردانەوەیەک لەم ڕاگەیاندنە کوردییە و خستە بەرباس و ڕاڤە کردنی لایەنەکانی چ لە باری دەسکەوت و چ لە سۆنگەی خەسارناسانەوە. بەم بۆنەوە چەند کەس لە ئەندامانی دەستە نووسەران وهاوکارانی کۆن و نوێی ڕۆژنامە «کوردستان» وڵامدەری چەند پرسیاری ئێمەن کە بەم چەشنە دەیخەینە بەر دیدەی خوێنەران.**

**ـ بە لەبەرچاوگرتنی مێژووی ٧٠ساڵەیی «ڕۆژنامەی کوردستان» وەکوو یەکەمین ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەم ڕۆژنامەیە لە دەستپێکەوە تاکوو ئێستا لە قوناخە جیاجیاکانی خەباتی مافخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چ ڕۆڵ ودەورێکی هەبووە؟**



## عومەرباڵەکی:

کاتێک حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لەساڵی١٣٢٤ی هەتاوی لە سەر بناخەی کۆمەڵەی «ژێ. کاف» و بە پێی پێویستی و زەرورەتی مێژوویی هاتە نێو گۆرەپانی خەباتی گەلی کورد بۆ وەدەست هێنانەوەی ماف و ئازادی‌یەکان، پێویستی بە مینبەرێک هەبوو بۆ بانگەشەی سیاسەتەکانی خۆی و لە هەمان کاتدا تێگەیاندن و پێگەیاندنی کۆمەڵگەی کوردەواری، پێویستی بەرێوەچوونی خەبات بۆ وەدەستهێنانەوەی مافەکانیان و هەوڵدان بۆ گەشە کردنی کۆمەڵگە لە بواری زانستی و فەرهەنگی‌یەوە. هەر لەسەر ئەو پێویستی‌یە حیزبی دێموکرات بڕیاری‌دا ڕۆژنامەیەکی ئەگەر ڕۆژانەش بە پێی هەلومەرج ودەرفەتی ئەوکات دەرنەچێ، لانیکەم لە حەوتوودا دوو یان سێ ژمارەی بڵاوبێتەوە، دابمەزرێنێ.

دوای بڕیاری حیزبی دێموکراتی کوردستان یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان لە ٢٠بەفرانباری ١٣٢٤ی هەتاوی چاپ و بڵاوبۆتەوە وەک لەسەری نووسراوە «زمانحاڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان»ە و لە سەروتارەکەی لە ژێر عینوانی «ئامانجی ئێمە« بە باشی ئیشارەی کردوە بە ئەرک و وەزیفەکانی ڕۆژنامە و باس لە دروستکردنی قەڵایەکی ئاسنین لە ئیعتماد وبرایەتی دەکا کە لە سەر بناخەی زانست وهونەر و لەش ساغی و نیشتمان پەروەریی دامەزرابێ. ئەگەر چاو بە لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی کوردستان‌دا بخشێنین دەبینین بە تەواوی بەو ئامانجەی کە بۆی دامەزراوە وەفادداربووە. لە هەمان کاتدا هەوڵی داوە وەک ڕۆژنامەیەکی سەردەمیانە دەربکەوێ و لە کاتی خۆی دەربچێ و بەزووترین کات بگاتە دەستی خوێنەران.

ڕۆژنامەی کوردستان هەوڵی داوە بابەتی جۆرواجۆری سیاسی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، نیشتمانپەروەری و ئەدەبی لە خۆ بگرێ. واتە ڕۆژنامەیەک بێ بۆ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری.

دوای ٧٠ساڵ و بڕینی قوناغی جۆرواجۆری سیاسی و فەرهەنگی دەبینن ڕۆژنامەی کوردستان بە ڕەچاوکردنی پێویستی‌یەکانی هەر قۆناخێک لە ڕێچکەی ئەسڵی خۆی لای نەداوە و ئێستاشی لەگەڵ بێ هەر زمانحاڵی حیزبی دێموکراتی کوردستانە کە حیزبی خۆشەویستی کۆمەلانی خەڵکی کوردستانە.

جێ خۆیەتی لێرەدا لە گەڵ پیرۆزبایی خۆمان بە بۆنەی ٧٠ساڵەی دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان، یادێک لە هەموو ئەوکەسانە بکەینەوە کە هەرکامیان لە بەشە جۆربەجۆرەکانی ڕۆژنامەی کوردستان‌دا کاریان کردوە بۆ دەرچوونی ڕۆژنامە، ڕێز و ئەمەگناسی خۆمانیان پێشکەش بکەین بۆ فیداکاری و ماندووبوونیان کە بە کەمترین ئیمکانات و هەموو کەند و کۆسپەکانی سەرڕێگایان لە جەریانی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، نەیانهێشتوە ڕۆژنامەی کوردستان لە چاپ و بڵاوبوونەوە بکەوێ.

ئاماژە بەو ڕاستی‌یەش بکەین کە«کوردستان» بە لە بەرچاوگرتنی زۆربوونی ڕێژەیی ڕوژنامە و گۆڤار و سایتە ئینتەرنیەتی‌یەکان، دەبێ زۆر زیاتر لە پێشوو هەوڵبدات خۆی لەگەڵ هەلومەرجی سەردەم خۆی ڕێک بخات، دیارە ئەمە بە گشتی هەموو ڕاگەیاندنە سیاسی وحیزبیەکان(تلوفیزیون و سایت و...) دەگرێتەوە.

لەکۆتایی‌دا بەم بۆنە پیرۆزەوە، سەری ڕێز دادەنوێنم بۆ شەهیدانی «کوردستان» و دەسخۆشی و ماندوو نەبوونی دەکەم لە هەموو ئەو هاورێیانەی لە خزمەت ئەم ڕۆژنامەیەدا بوون.

**ــ وەکوو ڕاگەیاندکارێکی کورد، چۆن دەروانە مێژووی «ڕۆژنامە کوردستان»و بەتایبەتی ڕاگەیاندنی حیزب چۆن دەتوانێ لەم قوناخە جیاوازەکانی خەباتەدا ،دەوری هەبێ و بتوانێ بە باشی لە بارەی گوتاری حیزبیەوە بۆ خەڵک وبەردەنگەکانی سەرنجڕاکێش بێ؟**



## ڕەزا محەممەدئەمینی:

ڕۆژنامەی «کوردستان» مێژوویەکی پڕ هەوراز و نشێوی بڕیوە و لاپەرەکانی تێکەڵ بە مێژووی خەباتی حیزبەکەی، حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بوە. ئەو ڕۆژنامەیە وەک زمان‌حاڵی حیزب هەمیشە تێکۆشاوە ئامانج و سیاسەتەکانی حیزبەکەی بە زمانێکی پاراو و بەدوور لە وشە و واتای زبر، بەرێتە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و بە پێی قۆناغەکانی خەباتی حیزب و نەتەوەکەمان و بارتەقای توانای خۆی، لەسەر بردنەسەری ئاستی هۆشیاری تاکی کورد، شوێن‌دانەر بووە.

بە لەبەرچاوگرتنی هەل‌ومەرجی تێکۆشانی حیزب و ژیانی تاراوگە، بەر لە پەرەسەندنی ئینتەرنێت و تۆرەکۆمەڵایەتی‌یەکان، «کوردستان» زۆر بە زەحمەت دەکەوتە بەر دەستی خوێنەران و ڕەنگە بەباشی نەیتوانیبێ ئەرکەکەی وەک ڕۆژنامەیەکی حیزبی بەرێوە بەرێ. بەڵام ئێستا ئەو ڕۆژنامەیە بەکەڵکوەرگرتن لە ئینتەرنێت و پێشکەوتنەکانی دوو دەیەی ڕابردوو لە بواری پێوەندی‌یەکانەوە، زۆر بە باشی توانیویەتی بچێتە نێو کۆمەڵانی خەڵک و بابەتەکانی بگەیێنێتە بەر دەستی خوێنەرانی.

هەروەها جێی خۆیەتی



## هیدایەت جاف:

ڕۆژنامەی کوردستان بە درێژایی مێژووی ٧٠ ساڵەی خۆی سەرباری ئەوەی زمانحاڵی حزبی دیموکرات بووە، بەڵام بەردەوام بە زمانێکی نەرم و ئاشتیخوازانە هەوڵی داوە پرسە سیاسیی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی و... تاووتوێ بکات، ئەوەش یەک لەو خاڵانەیە بەپێی ئێتیکی کاری ڕۆژنامەگەری دەچێتە خانەی پاراستنی ئەخلاقی میدیایی.

ئێستا دوای ٧٠ ساڵ تێپەڕبوون بەسەر چاپی بەردەوامی ئەو ڕۆژنامەیە و گۆڕانکاری بەسەر مۆدێل و شێوازەکانی ڕاگەیاندن، بەداخەوە لە چەند ڕووەوە دەردەکەوێت ڕۆژنامەی کوردستان نەیتوانیوە بەپێی سەردەم خۆی لەگەڵ فەزای میدیاییدا بگونجێنێت، هەم لەڕووی دیزاین و هەم تەکنیکی داڕشتنی هەواڵ و ڕاپۆرت و چاوپێکەوتنەکان، واتا تا ئێستاش بەو شێوازە کار دەکرێت کە لە شەستەکاندا باو بوو، ڕەنگە ئەمەش بەهۆی نەبوونی کادری نوێ و ئاشنا بە میتۆدەکانی ئەمرۆی ڕۆژنامەگەری بێت یان ئەوەی بڕیاربەدەستی ئەو ڕۆژنامەیە دەستی ئەو لاوانەی واڵا نەکردبێت بە میتۆدی خۆیان کار لەو ڕۆژنامەیەدا بکەن، هاوکات بۆ بڵاوبوونەوەی ئەو ڕۆژنامەیە و گەیاندنی بە دەستی بەردەنگ، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی لەنێوخۆی ڕۆژهەڵات وەک میدیایەکی قەدەغە هەژمار دەکرێت، بەپێی پێویست بیر لە دەور لێدانەوە بەو بەربەستە نەکراوە و سود لە کاناڵە جۆراوجۆرەکانی دنیای مەجازی وەرنەگیراوە.

هیوای بەردەوامی و نوێبوونەوە لە میتۆدی کارکردن بۆ سەرجەم ستافی ڕۆژنامەی کوردستان دەخوازم.



## خالید محەممەدزادە:

ڕۆژنامەی کوردستان ئەگەرچی لە ئیستا و لە نێو بڵاوکراوە کوردییەکان بە ئەزموونترین بڵاوکراوەیە لە ڕووی کارکردنی زەمەنیەوە، بەڵام هیچ کاتێک لە دۆخێکی ئاسایی چاپو بڵاونەبوتەوە، ئەم دۆخە ناهەموارە لە هەندێک قوناغ تەنانەت کاری لە سەر بڵاونەکردنەوە و شوێن گواستنەوەشی کردوە لە کوردستانەوە تا ئۆرووپاش. بە جۆریک دۆخی ڕۆژنامەکە بەستراوەتەوە بە دۆخی بزووتنەوەی کوردی لە ئێران و بە تایبەت دۆخی حیزبی دێموکرات.

کەواتە لە ڕەخنەی بەراوەرد کاری میدیایی ڕەنگە بە وڵامیکی دڵخواز لە سەر کارکردی ڕۆژنامەکە نەگەین بەڵام لە گەڵ ئەوەش

ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان
کوردستان

ڕۆژنامەی کوردستان لە بازنەی کارکردی‌دا و لە نیو بڵاوکراوە هاوشێوەکانی یەک لەو بڵاوکراوانە بووە کە شایانی خویندنەوە بێ.

لە بیرمان نەچی ئەزموونی ڕۆژنامەنوسی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەزموونیکی جێی ڕەخنەیە و کەرتی میدیا لای ئێمە کەرتی جێ سەرنج پیدانی کۆمەڵگا نەبووە. هاوکات هەموو کارکردیکی ڕۆژنامەوانی بەستەریکی میدیای دەوێ کە لای ئێمە بەستەری میدیای لە غاییبوونی بەردەوام دا بووە. دۆخی ناسەقامگیری سیاسی و نەبوونی ئازادی و ... کاریگەری گەورەی لە سەر کەمخوێنی میدیای کوردی لە ڕۆژهەڵات جێ هێشتووە، هەر ئێستا زور حیزب و لایەنی سیاسی هەن کە بێ توانان لە کارکردی میدیایی و چەندین کاناڵی میدیایی یان داخران. و هیچ جوڵەیەکی میدیایی‌یان نیە. لە دۆخیکی وادا بڵاوکردنەوەی «ڕۆژنامەی کوردستان» و هاوشانی چەند کەناڵی دیکەی میدیایی جێگەی دەستخوشییە. بەڵام گرفتەکە ئەوەیە ڕەنگە لە پرۆسەی دەرکردنی ڕۆژنامەی کوردستان سوود لە هەموو توانا و زەرفییەتەکان وەرنەگیرابێ کە دەکرێ ئەم بۆشاییە پڕ بکریتەوە.

**ــ بەرێزت وەکوو ژنێکی قەڵەم بەدەست کە ماوەیەکیش بەرپرسی ڕۆژنامەی کوردستان بووی، بەڕای جنابت ئەم ڕۆژنامەیە بە پێی توانای چەندە هەوڵی داوە کە کێشەی سیاسی وفەرهەنگی وکۆمەلایەتی‌یەکانی ژنان بە تایبەتی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بخاتە بەر باس؟**



## کوێستان فتووحی:

بە بۆنەی حەفتاساڵەی تەمەنی ڕۆژنامەی کوردستان، پیرۆزبایی لە یارانی «کوردستان» لە هەموو دەورانەکانی ژیانی ئەم ڕۆژنامەیە دەکەم. لە وڵامی ئەو پرسیارەتان دا دەڵێم: قەڵەمەکانی دەستەی نووسەران کەمتر تەرخان کراون بۆ نووسین لەبارەی پرسی سیاسی، کۆمەلایەتی و فەرهەنگی ژنان لە رۆژهەلاتی کوردستان. هۆیەکەشی ئەوەیە زۆربەی هاورێیانی دەستەی نووسەرانی ئەو ڕۆژنامەیە لە هەموو دەورانەکاندا لە پیاوان پێک هاتوون و زۆربەشیان پێیان وابووە ئەم پرسە (ژنان) هەر دەبێ ژن لە بارەیانەوە بنووسێ، ئەمە خۆی یەکێکە لەو هۆیانەی کە ڕۆژنامەی کوردستان نەیتوانیوە لە ئاست چاوەڕوانیەکان دا بێ. کۆمەلگەی کوردستان بە هۆی بوونی دەسەلات و سیستمیکی دواکەوتوو و دژە ژنی کۆماری ئیسلامی، پڕە لە کیشەی سیاسی، کۆمەلایەتی و فەرهەنگی. ئەم رۆژنامەیە کە تریبوونیکی حیزبیکی سیاسیی رۆژهەلاتی کوردستانە، خەلک چاوەروانیی زیاتری لێی هەیە، هەڵویستی، روانینی لە پێوەندی لەگەل ئەو مەسەلانەوە روون و دیار بی. دیارە بە بڕوای من پرسی ژن لە سیاسەت جیا ناکرێتەوە، ئەوە سیستمی دەسەلات و کەلتوورە بوارەکانی ژنانەو پیاوانە کردوە و ئەم جیاکارییەی دروست کردوە. ئەو پرسیارە کۆبوونەوەکانی دەستەی نووسەرانی وەبیرهێنامەوە کە هەرکات سووژەکان هەلدەبژێردران، کەم هاورێ هەبوون روو لەوبابەتانە بکەن کە پێوەندییان بە پرس و کێشانە کە ناوی لێنراوە پرسی ژنان، ئەگەر سووژەیەکیش بووبێ هەموو جارێ روو لەو تاک و تەرا ژنانە دەکرا کە لەوێ بوون. هیوادارم ئەم پرسیارەش لەبەر ئەوەی ژنم لە من نەکرابێ. ئەرکی نووسەری رووناکبیر ئەوەیە قسە لە ناهاوسەنگیەکان بکات بۆ هاوسەنگ کردنەوە، نەک دابەش کردنی بوارەکان بە ژنانە و پیاوانە کردن. بەڵام لەهەرحالدا ئاوڕنەدانەوە لە پرس و کێشەکانی ژنان لە ئێران و کوردستان، بە هەر بیانوویەک کەموکوورییەکە، پاساو هەلناگرێ.

**- وەک ئاگادارن «ڕۆژنامەی کوردستان» هەرلەسەرەتاوە گرینگی زۆری داوە بە پرسی زمانی کوردی کە شوناسێکی نەتەوەیی‌یە. هەروەها خاوەنی بەشی هونەر وئەدەبی کوردیش بووە. بە ڕای بەرێزت چ لەباری زمانەوانی و چ لە باری نواندنی ئەدەب و هونەری بەرگریی تا چ ڕادەیەک سەرکەتوو بووە؟**



## مستەفا شێخە:

ئەگەر بڵێم ڕۆژنامەی کوردستان کۆڵەکەی هەرە گرنگی پاراستن و گەشەپێدانی زمانی کوردی بووە، ڕەنگە زێدەڕۆییم نەکردبێ. ئەگەر چاوێک بە مێژووی ڕۆژنامەی کوردستان لە سەرەتای دامەزراندنیەوە بخشێنین، هەر لە سەردەمی کۆماری دیموکراتی کوردستانەوە تا ئێستا، بەڕوونی دەتوانین گۆڕانکاری و گەشەکردنی زمانی کوردی لە بوارەکانی ڕێنووس و ڕێزمانەوە لە ڕۆژنامەی کوردستاندا هەست پێبکەین. دیارە «کوردستان» وەک ئۆرگانی حیزب بەردەوامە و ڕابردووی سیاسیشی بۆ سیاسەتی حیزب لە کاتە جیاوەزەکاندا دەگەڕێتەوە، بەڵام ئیستاشی دەگەڵدابێت، نووسەرە ڕەسەنەکانی باشووریش لە کاتە دیاریکراوەکاندا چاوەڕوانی دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستانن. لێرەدا ناکرێت بە وردی باس لە کاریگەرییەکانی ڕۆژنامەی کوردستان لە خزمەت کردن بە پاراستن و گەشەسەندنی زمانی کوردی بکەین و پێویستی بە کات و نووسینی زۆرە.

ئەوندەی بۆ بەشی ئەدەب دەگەڕێتەوە، بە گشتی ناکرێ ئەدەب تەنیا لە چیڕۆک و شێعر و ڕەخنەی ئەدەبی بخوێنینەوە. ئەگەر داڕشتنی بابەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت هەواڵیش بە هەستێکی ئەدیبانە نەنووسرێت، وشک و لە شانان گران هەست پێدەکرێت. بابەتەکانی دەرەوەی ژانرە ئەدەبییەکان ڕاستە ئەدەبیات نین، بەڵام کوردستان بە هۆی نەبوونی دەرفەتی بە پڕۆفیشناڵ بوونی نەبووە، بە گشتی زۆر پشتی بە ئەدەب بەستووە. لە لاپەڕەی ئەدەب و هونەریشدا بە پێی توان و دەرفەتی کەمی بەردەستی خزمەتی ئەدەبی کوردی کردووە. ئەدەبییات زۆر لەوە فراوانترە، بتوانی لە لاپەڕەیەک یان دوو لاپەڕەی ڕۆژنامەیەکدا - ئەویش بۆ ڕۆژنامەیەک کە ڕۆژانە دەرنەچێت- دەرفەتی پێ بدەی. بەڵام لەسەریەک لەوکاتەنشدا کە «کوردستان» زۆر بە هەژاری و لە ژێر زەخت زۆری دوژماندا دەرچووە، پشتی لە ئەدەبیات نەکردووە و ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، ڕۆژنامەی کوردستان بە قووڵی هەستی کردووە، زمان و ئەدەبیات پاڵپشتی سەرەکیی مانەوەی نەتەوەن.

**لەکۆتاییدا پێمخۆشە بڵێم زۆر پەرۆشی ئەمەم، ئامێرەکانی دیکەی ڕاگەیاندن جێگەیان بە ڕۆژنامە لێژ کردووە و چارەسەرکردنی ئەمەش، بە پێویستی دەزانم «کوردستان» وێڕای بەردەوامبوونی بەم شێوازەی ئێستای، خۆی باویتە نێو تۆرە کۆمەڵایەتیەکان و ماڵپەڕێکی سەربەخۆی هەبێت.**

کوردستان
ژمارە: ٦٧٢
٢ی ڕێبەندانی ١٣٩٤
٢٢ی ژانویەی ٢٠١٦



# چێژی زمان لە نووسین و وەرگێڕانی عەبدوڵلا حەسەنزادە دا



**ئاماژە: ڕۆژی ٤ی ژانویەی ئەم ساڵ بەڕێوەبەرایەتیی کتێبخانە گشتییەکانی کۆیە، کۆڕێکی ڕێزلێنانی بۆ کەسایەتیی سیاسی ونووسەر و وەرگێڕی بە ناوبانگی کورد عەبدوڵلا حەسەنزادە، پێک هێنا کە تێیدا کۆمەڵێک و تار و بابەت پێشکەش کران. ئەم بابەتەی لێرە دا دەخرێتە بەر چاوتان، لەم کۆڕە دا لە لایەن نووسەرەکەیەوە پێشکەش کرا.**

**لاپەڕەی ئەدەب و هونەری «کوردستان»**

**قادر وریا**

باسەکەم بە دەسخۆشی و پیزانین بۆ بەڕێوەبەرایەتیی کتێبخانە گشتییەکانی کۆیە دەست پێ دەکەم کە ئەم ئێوارە کۆڕە ڕازاوەیان بۆ ڕێزگرتن لە حەسەنزادەی نووسەر و وەرگێڕ، ڕێک خستوە. هیوام سەرکەوتنی ئەم کۆڕەو ئاواتم بەردەوامیو تەمەندرێژیی مامۆستا حەسەنزادەیە.

مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە کەسایەتییەکی فرە ڕەهەندە. لێرەدا لایەنی کۆمەڵایەتی، سیاسیو خەباتگێڕانەی ئەو کەسایەتییە مەبەست نیە و، قەرار وایە لەم کۆڕەدا بپرژێینە سەر ڕەهەندی ئەدەبی و زمانیی کارو تێکۆشانو بەرهەمەکانی حەسەنزادە. بەڵام هەر ئەو کارەش بۆ خۆی ئەوەندە هاسان نیە. چونکە مامۆستا حەسەنزادە هەم نووسەرە، هەم وەرگێڕو، هەر لەو کاتەش دا، لە پێوەندی لە گەڵ خزمەتی زمانی کوردیدا، خاوەن شەقڵو خودان بەرهەمەو، جێگاو شوێنی تایبەت بە خۆی هەیە. باس لە هەمووی ئەوانە لە توێی وتارێکی چەند دەقیقەیی دا، مومکین نیە. هەر بۆیە من هەوڵم داوە تەنیا لە سەر لایەنی زمانیی نووسینو وەرگێڕانەکانی مامۆستا حەسەنزادە چڕ ببمەوە.

قەڵەمێک لە نێوان نووسینو وەرگێڕاندا

مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە لە مەیدانی ڕۆشنبیری دا پتر وەک وەرگێڕ ناسراوە تا نووسەر. بەڵام بەو ناسیاویو زانیارییەی من لە ژیانو تێکۆشانی ئەو هەمە، حەسەن زادە نووسینی لە وەرگێڕان زیاترە. ژمارەو بارستایی ئەو بابەتو لاپەڕانەی حەسەنزادە نووسیونی، زۆر لەوانە زیاترن کە ئەو وەری گێڕاون. ئەگەر وایە هۆی چییە کە ئەو عەبدوڵلا حەسەنزادە پتر وەک وەرگێڕ ناوی دەرکردوە؟

نووسینەکانی مامۆستا بە زۆری ناوەرۆکی سیاسییان هەبووەو ملکی حیزبێکی سیاسی بوون. بۆ پەنجا ساڵ دەچێ حەسەنزادە یەک لە بەشدارانو بەرهەمهێنەرانی ئەدەبیاتی سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەو نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. لە پانتایی ئەو ئەدەبیاتیە دا، حەسەنزادە هەر قەڵەمێکی ئاسایی نەبووە، بەڵکوو بەشدارو بەرهەمهێنەرێکی هەرە دیارو خاوەنی زۆرترین کاریگەری بووە. فۆڕمی نووسینە سیاسییەکانی حەسەنزادە، بە زۆری وتارو بەیاننامەی سیاسی بوونو زۆربەی هەرە زۆریشیان، بێ ئەوەی ناوو ئیمزای حەسەنزادەیان لە سەر بێ، بڵاو بوونەوە. تەنانەت ئەو کاتەش کە لە ڕۆژنامەو ڕاگەیەنەکانی حیزبدا، نووسەران بۆیان هەبوو ناوی خۆیان لە سەر بابەتەکانیان بنووسن، مامۆستا حەسەنزادە هەر حەزی نەکردوە نووسینەکانی بە ناوو ئیمزاوە بڵاو ببنەوە. نهێنیی تا ڕادەیەک شاراوە مانەوەی نووسەربوونی مامۆستا، لەم ڕاستییە دایە.

بەڵام وەرگێڕدراوەکانی مامۆستا بەم هۆیەوە کە ناوی وەرگێڕیان بەسەرەوە بووە و، لە لایەکی دیکەشەوە بە دەلیلی سەرکەوتوویی‌و پێشوازیی کەم وێنەی خوێنەران لەوان، ناوی «عەبدوڵلا حەسەنزادە»یان لای خوێنەران کردوە بە ناوێکی زۆر ناسراوو فرە خۆشەویست.

لێرە دا دەمەوێ قامک لە سەر ڕاستییەک دابنێم. نووسینی مامۆستا، لە گەڵ ئەوەی زۆرتر سیاسی بوونو هەر وەها سەرەڕای ئەوەی ناوی نووسەریان بە سەرەوە نەبووە، خوێنەرو بەردەنگ، لێیان نەپرینگاوەنەتەوەو هەر کە دەستیان کردوە بە خوێندنەوەیان ، بێ ئەوەی بە خۆیان بزانن دێڕبە دێڕ پتر حەزیان چووەتە سەرو هەتا کۆتایی لە گەڵیان ڕۆیشتوون. خاڵی هاوبەشو هەرە گرینگی نووسینو وەرگێڕانی حەسەنزادە، کە دەتوانین بە سێحر و ئەفسوونی ئەو قەڵەمەی ناوبەرین، زمانەکەیەتی کە خوێنەرو بەردەنگ دەخاتە ژێر کاریگەریی خۆی.

تایبەتمەندییە زمانییەکانی نووسینو وەرگێڕانی حەسەنزادە:

– بە کوردی بیر کردنەوە، بە کوردی داڕشتنەوە:

حەسەنزادە، ئەو کاتەی دەنووسێ، هەوڵ دەدا بە کوردی بیر بکاتەوە. بابەتی نووسینەکەی هەر چییەک بێ:– سیاسی، کۆمەڵایەتی یا ڕۆشنبیری، دەربڕینێکی ئەدەبیو عاتیفیی پێویست بێ، بێ یا وشکو عەقڵیو ئیستیدلالی–تەعبیرو دەربڕینێکی کوردیی بۆ دەدۆزێتەوە. زۆر لەو نووسەرانەی سەرچاوەی خوێندنەوە یا زمانی خوێندنیان زمانێکی غەیری زمانی خۆیان بووە، بە زەحمەت خۆیان لە پەتای بیرکردنەوەو دەربڕینی مەبەست بەو زمانە، بۆ ڕزگار دەکرێ.

نووسەر لە وەرگێڕ دەست ئاوەڵاترە. چونکە نووسەر بۆی هەیە ئەو مەبەستەی دەینووسێ ئەگەر بەم فۆرمە بۆی نەهات بە فۆرمێکی دیکە بینووسێ، یا ئەگەر هەر نەیتوانی مەبەستێکی دیاریکراو بگەیەنێ، وازی لێ بێنێو لە نووسینەکەی دەری باوێ. بەڵام وەرگێڕ ئەم مافەی نییە. وەرگێڕ دەبێ هەم سەبک یا شێوازی نووسەر لە وەرگێڕانەکەی دا ڕەچاو بکا، هەم بە ئەمانەتەوە واتاو پەیامی دەقەکەی بگەیەنێ. وەرگێڕی سەرکەوتوو ئەو کەسەیە کە سەرەڕای پابەندی بەم دوو بەربەستە، دەقەکە وا وەربگێڕێت کە خوێنەر هەست بکا ئەم دەقە بەو زمانە نووسراوە. حەسەنزادە نەک هەر لە نووسیندا بەڵکوو لە وەرگێڕانیشدا، هەوڵ دەدا هەویری واتاو پەیامو دەقیک کە کاری لە سەر دەکا، بە ئاوی کوردی بگرێتەوەو نانێکی لێ دروست بکا کە چێژو بۆنو بەرامەی کوردیی هەبێ.

لێرەدا، دەبێ ئاماژە بەوەش بکەم کە مامۆستا هەر لە ڕووی واتاییەوە هەوڵ نادا نووسینو وەرگێڕانەکانی، دەربڕینێکی کوردانەیان هەبێ، بەڵکوو لە ڕووی ڕستەسازیو ڕەچاوکردنی سروشتی ڕستە لە زمانی کوردیشدا، سەرکەوتوویە. لە گەڵ ئەوەی مامۆستا هەر دوو زمانی عەرەبی و کوردی بە باشی دەزانێو پێی خوێندوونەوەو لێی وەرگێڕاون، هەر وەها سەرەڕای وێکچوونێکی زۆر لە نێوان سروشتی پێکهاتەی ڕستە لە دوو زمانی کوردیو فارسی، لە کاتی نووسین و وەرگێڕاندا، هەوڵ دەدا لە ژێر کاریگەریی سێنتاکسی ئەو زمانانە دوور کەوێتەوەو لە ڕیزکردنی کەرەستەکاندا، بینای ڕستەی کوردی بپارێزێ.

– دەستڕۆیشتوویی‌و زاڵبوون بە سەر وشەی کوردی دا:

ئەوەندەی من بزانم مامۆستا حەسەنزادە ئەگەرچی ئاشنایەتی لە گەڵ هێندێک لە دیالێکتە سەرەکییەکانی دیکەی زمانی کوردییش هەیەو، کەم یا زۆر لێیان تێ دەگا، بەڵام دەکرێ بڵێین تەنیا لە یەکێک لە دیالێکتەکانی زمانەکەی تەواو شارەزایە. دیالێکتێک کە هێندێک بە کورمانجیی نێوەڕاستو هێندێکیش بە سۆرانیی ناو دەبەن. بەڵام ئەو شارەزاییەی مامۆستا هەر تەنیا لە لەهجەی ناوچەی لەدایکبوونی خۆی یا کوردیی موکوریانی دا نیە، بەڵکوو بن لەهجەکانی دیکەی ئەو دیالێکتەش دەناسێ و شارەزای زۆرێک لە وشە و ئیدیۆمەکانیانە. لە نووسین و وەرگێڕانیش دا، هەر کات بۆ وشە دادەمێنێ، هەتا لە بن لەهجەکانی ئەم دیالێکتە یا دیالێکتەکانی دیکە وشە شک ببا، پەنا بۆ وشە لە زمانی بێگانە نابا. کوردیزانینیەکەی مامۆستا هەر ئەوە نییە کە لە گەنجینەی زمانەکەیدا، زۆر وشەی کوردیی هەیە، بەڵکوو چۆنیەتیی بەکارهێنانی وشەکانو ئیدیۆمەکانیش دەزانێ. بۆ سەلماندنی ئەم قسەیە، دوو ئاماژە بە پێویست دەزانم:

١- کاتێک مامۆستا هەژار بەرگی یەکەمی فەرهەنگی «هەنبانەبۆرینە»ی بڵاو کردەوە، لە نامەیەکی دۆستانە دا، داوای لە مامۆستا حەسەنزادە کرد بەو سەرنجە وردو کوردیزانانەی خۆی هەم بە بەرگی یەکەمی هەنبانە بۆرینە دا بچێتەوە، هەم بەرگی دووهەمیش ئەگەر بڵاو بۆوە، نەبوێرێو سەرنجو تێبینییەکانی خۆی بۆ بنووسێ. دیار بوو بە داخەوە مردن مەودای نەدا مامۆستا هەژار سەرنجو تیبینییەکانی حەسەنزادە لە چاپی دووهەمی هەنبانە بۆرینە دا بگونجێنێ. دواتر مامۆستا حەسەنزادە کۆی ئەم وشانەی لە فەرهەنگی هەنبانەبۆرینە دا نەهاتبوون، یا هەر یەکێک لە ماناکانیان هاتبوو، یا بە هەڵە مانا کرابوونەوە، لە توێی کتێبێکدا لە ژێر ناوی «گوڵچنینەوە لە خەرمانی هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار»دا بڵاو کردەوە کە ئەگەر چی بۆ خۆی وەک فەرهەنگۆکێک ناوی بردوە، بەڵام چی وای لە فەرهەنگێک کەمتر نەبوو.

٢- جاروبار دەبیستمو دەخوێنمەوە کە سەرکەوتوویی زمانی نووسینو وەرگێڕانی حەسەنزادە دەگەڕێتەوە سەر ئەو بوارو مەجالانەی ئەو، کاری نووسین و وەرگێڕانیان تیدا دەکا. ئەو بوارانەش بە زۆری بواری سیاسیو بواری ئەدەبین کە زمانی کوردی لە مێژ ساڵە خۆی تێدا تاقی کردوونەوە! هەر لە جێدا، حەسەنزادە هەر لەم دوو بوارەدا قەڵەمی تاو نەداوەو پەڕیوەتەوە هێندێک بواری دیکەش. یەکێک لە کۆنترینو ناسراوترینی وەرگێڕانەکانی مامۆستا حەسەنزادە کتێبی «کوردستانوکورد»ە کە لێکۆڵینەوەیەکی زانستیەو هەر تەنیا سیاسییش نیە، بەڵکوو ئابووریو جۆگرافیاو مێژووشی گرتووەتە خۆ. من نازانم لە باشووری کوردستان، کوردینووسەکان، کاتی خۆی تا چەند کەوتنە ژێر کاریگەریی زمانیی ئەم وەرگێڕانە، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نەوەی نوێی کوردینووسەکان بە چەمکو زاراوەکانی بەکارهێنراو لەو وەرگێڕانە دا، دەستیان بۆ نووسین وەرگێران لە بوارەکانی ئابووریو جۆگرافیاو مێژوودا برد. بێجگە لەمە، حەسەنزادە کتێبی وەک «دان چەرمووی»ی کردوە بە کوردی کە وێنا کردنی ڕەفتاری گیاندارانو خوێندنەوەی دەروونناسانەی هەڵسوکەوتی گیانلەبەران، سەرلەبەری ئەو ڕۆمانە شیرینەی داگرتوە. بە خوێندنەوەی کوردیی ئەم ڕۆمانە، تێدەگەی کە وەرگێڕ، دەرەقەتی وەرگێران لەبوارەکانی دیکەش دێت. جگە لەمە، مامۆستا لە بواری حوقووقی، کۆمەڵایەتیو چەند بواری دیکەش دا، نووسین وەرگێڕانی هەیەو زۆربەشمان، قسەیەکمان لە سەرپاراویو ڕەوانیی زمانەکەیان نییە.

ئێستا وای دادەنێین حەسەنزادە بە لای نووسین وەرگێڕانی هێندێک بوارو بابەتدا کە قەوەی پێیان نەشکاوە یا پسپۆریی تێیاندا نیە یا لە گەڵ زەوقی ئەو ناگونجێن، نەچووە . ئەمە نەک هەر بە عەیب دانانرێ بەڵکوو یەکێک لە تایبەتمەندییە باشەکانی مامۆستا حەسەنزادەو هەر نووسەر و وەرگێڕێکی بە دەروەست و خاوەن ڕەوشتە، دیارە مەبەستم ڕەوشتی تایبەت بەم پیشەیەیە.

ڕازاندنەوەی زمانی نووسینو وەگێران بە زەوقو سەلیقەی ئەدەبی:

بە زەحمەت دەتوانین بڵێین حەسەنزادە، زیاتر کەسێکی سیاسییە یا مرۆڤێکی ئەدیب. زۆرکەس خۆزگەیان خواستوە کە مامۆستا حەسەنزادە ئەوەندە خۆی بۆ سیاسەت تەرخان نەکردباو، تەنیا بە کاری نووسینو وەرگێڕانو ئەدەبیاتەوە خەریک ببا. من لەوانەم کە خۆزگە دەخوازم هەموو سیاسییەکان بە تایبەتی سەرکردەکانو کەسایەتییە شوێندانەرەکانی مەیدانی سیاسەت بە قەرا حەسەنزادە ئەدیبو ئەدەبدۆست بنو هێندی ئەو لە ئەدەبیات بزانن بۆ ئەوەی نووسینو ئەدەبیاتی سیاسیی خۆیانو حیزبەکانیان، ئەوەندە ڕەزاگران نەبێ. ئەدیببوونی حەسەنزادە نەک هەر زیانی بە نووسینو وەرگێڕانی ئەو نەگەیاندوە، بەڵکوو بەرهەمەکانی ئەویان جوانتر کردوە.

هەستو زەوقی ئەدەبیو سەلیقەی جوانیناسانە بە جۆرێک فریای ئەو قەڵەمە کەوتوون کە توانیویەتی بەرگێکی ڕازاوە بکاتە بەر سیاسیترین بەیاننامەکانو هەڵوێستەکان، بێ ئەوەی پەیامی دەقەکە ببێتە قوربانیی لایەنی ئەدەبیی دەربڕینەکە. توانای ئەدەبیی بە کارهاتووی نێو نووسینی سیاسیی حەسەنزادە، ڕێخۆشکەر بووە بۆ پێکهێنانی بەستێنێکی ڕەوانی لە بەردەنگدا بۆ هەرچی باشتر وەرگرتنی پەیامە سیاسیەکەی. بەیاننامەکانی حیزبی دیموکرات بە بۆنەی شەهیدبوونی ڕێبەرانی ئەو حیزبەو هێندێک کارەساتی دیکە، کە بە قەڵەمی حەسەنزادە بوون، هەر وەها ئەو وتارانەی حەسەنزادە لە ڕێوڕەسمی بە خاکسپاردنی د.عەبدولڕەحمان قاسملوو و د.سادق شەرەفکەندیدا پێشکەشی کردوون، شایەدی بۆ ئەم قسەیەم دەدەن.

ئەم توانا ئەدەبییە، لە کاری وەرگێڕانیشدا خزمەتی زۆری بە زمانی مامۆستا حەسەنزادە کردوە. یارمەتیدەری وەرگێڕ بووە زووتر شێوازی نووسەر بدۆزێتەوەو لە هەمان سەبک یا شێوازدا بیکاتەوە کوردی. بە جوانی لە زەرافەتی «صنایع ادبی»و تەکنیکە زمانییەکانی نێو دەق تێ بگا. هاندەری بوون بۆ ئەوەی داهێنەرانەو بە بڕوابەخۆبوونەوە نەک لاساییکەرەوانە، کایە ئەدەبییەکانی نووسەر بگوازێتەوە بۆ نێو وەرگێڕانەکەی خۆی. ڕۆمانی چەند بەرگیی «حەمەدۆک» کە کەسانی زۆر شارەزا لە وەرگێڕان، پێیان وایە کوردیی ئەم ڕۆمانە وەپێش دەقەکە بە زمانە ئەسلییەکەی خۆی کەوتووەتەوە، نموونەیەکی زۆرباشە بۆ سەلماندنی جوانیو سەرکەوتوویی دەقێکی وەرگێڕدراو لە سۆنگەی بەهاناوە هاتنی توانای ئەدەبیی وەرگێڕ لە کاری وەرگێڕاندا.

کۆمەڵێک وردە تایبەتمەندیی دیکە:

بۆ ئەوەی بابەتەکەم لەمە زیاتر درێژ نەبێتەوە، چەند تایبەتمەندییەکی دیکەی زمانی نووسینو وەرگێڕانی عەبدوڵلا حەسەنزادە بە کورتیو بە سەریەکەوە باس دەکەم.

– مامۆستا هەوڵ دەدا هەتا ئەو جێگایەی دەگونجێ ڕستەکانی کورت بن. ئەگەر ناچاریش بوو ڕستەکانی درێژکاتەوە، تێدەکۆشی ڕایەڵی واتایی لێک بەستنی کەرتەکانی ڕستە ئاڵۆز نەبێو خوێنەر ڕایەڵەکەی لە دەست دەرنەچێ.

– حەسەنزادە، لە گەڵ ڕەوانیو سادەیی دەربڕین دایە. وەبیرم نایە ڕستەیەک یا دەقێکی نووسراو یا وەرگێڕدراوی حەسەنزادەم دیتبێو خوێندبێتەوە کە لێی تێ نەگەیشتبمو نەزانم دەڵێ چی.

– پابەندی بە ڕێنووسی دروستو سەختگیری لە درووستنووسینی زمانی کوردیدا، نووسینو وەرگێڕانی ئەویان کردوە بە مەرجەع بۆ کەسانێک دەیانەوێ کوردی بە ڕێنووسێکی دروست بنووسن. دیارە بە داخەوە هێندێک جار ناوەندو دامەزراوەکانی بڵاوکردنەوە، ڕێنووسە سەقەتو پڕ لە هەڵەکەی خۆیان بە سەر وەرگێڕانی ئەویش دا دەسەپێنن!

مامۆستا لە گەڵ جێگیرکردنو بە فەرمی ناسینی زمانی یەکگرتوو دایە. ئەمەش وای کردوە نەک هەر لە نووسینو وەرگێران دا، بەڵکوو لە لێدوانو چاوپێکەوتنو بەشداری لە کۆڕو کۆبوونەوەی پێوەندیدار بە زمانی کوردی، بەرپرسانەو بە دووربینییەوە هەنگاو بنێو بە دوور لە دەمارگرژیو بێ سڵەمینەوە لەوانەی وەک ئەو بیر ناکەنەوە، هەوڵی جێگیرکردنی زمانی یەکگرتووی کوردی بدا.

چێژی زمان لە نووسین وەرگێڕانی مامۆستا حەسەنزادەدا، باسی لەمە بە پێزتر هەڵ دەگرێ. تواناو دەرفەتی من هەر ئەوەندەی بڕ کرد. هیوادارم ئەگەر نەشمتوانیبێ حەقی خۆی بدەمێ، لانیکەم شتێکی کەمم لێ باس کردبێ.

بە قەولی مەولانا جەلالەددینی ڕۆمی:

«آب دریا را اگر نتوان کشید هم به قدر تشنگی باید چشید»

واتە ئەگەر هەموو ئاوی دەریاشمان بۆ ڕانەگوێزرێ، خۆ دەتوانین بەشی تێنوێتی شکاندن لێی بخۆینەوە.

جارێکی دیکە بۆ مامۆستا حەسەنزادە سڵامەتیو تەمەندرێژیو بەردەوامبوونی لە سەر دەوڵەمەندکردنی خەرمانی خزمەتەکانی بە زمانی کوردی، بە ئاوات دەخوازم.

سپاس بۆ ئێوەش کە گوێتان لێ ڕاگرتم.

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran

NO: 672 22 Jan 2016



ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com

info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com

www.kurdch.tv Hotbird:6 13 MHz 11642

polarization: horezental-SR: 27500 - FEc : 3/4

Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:

+9647508578190

Tashkilat.kdp92@gmail.com


## بەر لە ماڵاوایی

# «ئێمە ئامادە نین ببین بە شەریکی تاوانەکانتان»



ع.وریا

ماوەی چەند مانگە لە باکووری کوردستانەوە بەردەوام هەواڵی دڵتەزێن دەگەن. هەر جارەی لە شارێک لە شارەکانی باکوور، گیانی چەند کەسێکی بێتاوان کە زۆرێک لەوان ژن و منداڵن، دەستێندرێ. دوایین ڕووداوی لەم چەشنە، ڕۆژی چوارشەممە ٢٠ی ژانویە لە جزیرە ڕووی دا. نزیکەی ٣٠٠ کەس خەڵکی ئاسایی‌و چالاکی سیاسیی باکووری کوردستان، بە نیازی شکاندنی گەمارۆی ئابووریی حکوومەتی تورکیا بۆ سەر دانیشتوانی شاری جزیرە ، خۆیان دەگەیەننە نێو شارەکە. بەو جۆرەی میدیاکان بڵاویان کردوەتەوە هێزە ئەمنی‌و سەربازییەکانی دەوڵەت، دوای چوونی گەمارۆشکێنان بۆ نێو جزیرە لە یەکێک لە گەڕەکەکانی شار، دەیاندەنە بەر دەسترێژ کە بە هۆی دەسترێژی هێزە ئەمنییەکان، زیاتر لە بیست کەس لەوان کوژراون یا بریندار بوون.

ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی لێخۆشبوون لە بانگەوازێکی بە پەلە دا، ڕاپۆرتێکی لە بارەی بارودۆخی چەند مانگی ڕابردووی باکووری کوردستان بڵاو کردوەتەوە. لەوبانگەوازە دا هاتوە کە لە مانگی جولای ڕابردووەوە کە دەولەتی تورکیە هێرشێکی بەربڵاوی بە ناوی بەربەرەکانی لە گەڵ تێرۆریزم وەڕێ خستوە، لانیکەم ٥٨ جار حکوومەتی نیزامی لە شارەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیە(بۆ وێنە لە جزیرە، شەڕناخ، سوور، ماردین، دیاربەکر، هەکاری، مووش، ئالازیغ و باتمان) ڕاگەیەندراوە. نزیکەی میلیۆنێک‌و ٤٠٠ هەزار کەس بە هۆی ڕاگەیاندنی حکوومەتی نیزامی‌و گەمارۆ ئابوورییەوە، لە خزمەتە سەرەتایی و بنەڕەتییەکان بێبەش کراون. بە هۆی ئەو بارودۆخەوە ١٦٢ کەسی سڤیل(لە نێویان‌دا ٢٩ ژن، ٣٢ منداڵ‌و ٢٤ کەسی شێست ساڵ بۆ سەرەوە) کوژراون. ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی لێخۆشبوون ڕایگەیاندوە کە ئەم پەلامارانە هێرش بۆ سەر کۆمەڵگەی مەدەنی و چالاکانی بواری مافی مرۆڤیشیان بە دواوە بووە. ئەم ڕێکخراوەیە، ناوی «سزادانی گشتی»ی لە سەر کردەوەکانی دەوڵەتی تورکیە داناوە و داوای کردوە هێرش و پەلامار بۆ سەر خەڵک و بە کارهێنانی چەکی قورس بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ نارەزایەتیدەربڕینی دانیشتوان بوەستێنێ و دەست لە ڕاوەدوونان و گرتن و سزادانی چالاکانی مافی مرۆڤ و ئاکادیمییەکانی خوازیاری ئاشتی‌و ناڕازی لە شەڕ، هەڵ بگرێ.

ئەوانەی نایانەوێ ببنە شەریکی تاوانەکان

لەم دوایانە دا ژمارەیەکی زۆر لە ئاکادیمیسیەنەکانی تورکیە پێکهاتوو لە مامۆستایانی تورک‌و کوردی زانکۆکانی تورکیەو باکووری کوردستان، بانگەوازێکیان بڵاوکردەوە. ئەم بانگەوازە کە لە ژێر دروشمی» نابین بە شەریکی تاوانەکانتان»دا بڵاو بۆوە، هەم لە دەرەوەی تورکیە و هەم لە نێوخۆی وڵات دا لە گەڵ پێشوازی‌و پشتیوانیی کەسایەتییە ئاشتیخوازەکان بەرەوڕوو بوو. زیاتر لە هەزار ڕووناکبیر لە وڵاتانی جۆراوجۆری جیهان پشتیوانییان لێ کرد کە بە ناوبانگترینیان، نوام چامسکی ڕووناکبیری چەپی ئەمریکایی بوو. لە نێوخۆی تورکیاش، ژمارەیەکی زۆر لە بەرگریکارانی مافی مرۆڤ‌و خوازیارانی ئاشتی، پشتیوانییان لەم حەرەکەتەی ئاکادیمیسیەنەکان کرد. دەنگی خۆیان تێکەڵ بەم حەرەکەتە جیهانییە کرد. ئەندامانی کۆمەڵەی مافی مرۆڤ(IHD) و بنیاتی مافی مرۆڤی تورکیە(HRFT)، پارێزەران، نوێنەرانی حیزبە سیاسییەکان‌و ڕۆژنامەنووسانی ئازادبیر لە ڕیزی پشتیوانانی ئەم حەرەکەتە دان.

دژکردەوەی سەرکۆمارو دامودەزگا ئەمنییەتییەکانی تورکیە بەرامبەر کەسایەتییە ئاکادیمییەکان زۆر توند بوو. ئەوان ئاکادیمیسیەنەکانیان بە پشتیوانی لە تیرۆریزم تاوانبار کردو هەڵمەتێکی ڕاوەدوونان‌و گرتنیان لە دژیان وەڕێ خست. بەڵام ئەم دژکردەوە توندە نە ئەوانی لە هەڵوێستەکەیان پاشگەز کردەوە، نە پێشی پشتیوانیی ژمارەیەکی زیاتری خوازیارانی ئاشتی‌و چالاکانی مافی مرۆڤ لە هەڵوێستەکەی ئەوانی گرت. دوابەدوای هێرشی پۆلیس بۆ سەر ماڵ‌و شوێنی کاری ژمارەیەک لە مامۆستایانەی بانگەوازەکەیان ئیمزاکردبوو لێپێچینەوەیان، کەسایەتییە ئاکادیمییەکانی دژە شەڕ، سەرلەنوێ بەیاننامەیەکیان بڵاو کردەوە. لەو بەیاننامە دا کە ٤ خاڵی گرتبووە خۆ، هاتبوو: نابێ جارێکی دیکە ڕێگە بدرێ بە بیانووی ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵۆزییەکان، حکوومەتی نیزامیی سەردەمی کودەتا بە سەر خەڵک دا بسەپێندرێ و و ئاکادیمییەکان و مامۆستایانی زانکۆ بە بانگکرانی ژمارەیەک لە مامۆستایانی زانکۆ و هەڵگرانی بیروڕای جیاواز بکەونە بەر هێرش و پەلامار. لە دووهەم خاڵدا، ئۆباڵی ئەم ئاڵۆزی و سەرهەڵدانانەی دوایی خرابووە ئەستۆی سیاسەتێک کە لە مێژ ساڵە لە دژی نەتەوەی کورد بەڕێوە دەچێ:» ئەو شتەی ئێستاکە بە ناوی خەندەق و هەڵچنینی دیوار و بەربەست لە شارەکاندا باسی لێوە دەکرێ هۆکارەکەی بۆ ئەو پشێویانە ناگەڕێتەوە کە ئەمڕۆکە لە ئارادان. ئەوە دەرەنجامی نائومێدیی کوردە بەرامبەر بەو بەڵێنانەی لە ١٩١٩ەوە تاکو ئەمڕۆ پێیان دەدری و جێبەجێ ناکرێن‌و دواجاریش لە ئەنجامی قڵپ کردنەوەی مێزی وتووێژ و لە ئەنجامی ئەو فشار و زەخت‌و زۆرانەوەیە کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشماندا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.»

سەرەڕای ئەو هەوڵانەی بۆ کپکردنی دەنگی ئاکادیمیسیەنەکانی خوازیاری ئاشتی و دژەشەڕ لە گۆڕێیە، پێشوازی و پشتیوانی لە حەرەکەتی بوێرانەی ئەوان، ڕووی لە زیادبوونە.

ئاکادیمیسیەنە بوێرەکانی تورکیەو ئەو کەسایەتی‌و دامەزراوانەی لە گۆڕەپانەکانی سیاسەت‌و ڕۆشنبیری و کۆمەڵگەی مەدەنی، ڕەگەڵیان کەوتوون، شێوازێک لە دەنگهەڵبڕێن‌و هەڵوێستگرتنیان گرتۆتە بەر کە جێی خۆیەتی لە وڵاتانی دیکەش گرنگییان پێ بدرێ. ئەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و بە هۆی ڕێژیمی کۆمای ئیسلامییەوە بە سەری دێت، کەمتر نییە لەوەی کورد لە باکووری کوردستان بە سەری هاتوە. بەڵام کەسایەتییە ئاکادیمییەکانی ئێران‌و ناودارانی بوارەکانی دیکە، ئەوانەی لە نەتەوەی باڵادەستن، چەندیان‌و کەنگێ وێرایان یا ویستیان، دژی تاوانەکانی ڕێژیمی سەرکوتکەرو تاوانخولقێنی ئێران، دەنگ هەڵبڕن یا لانیکەم خوازیاری ئەوە بن کە ڕێژیمی ئێران ڕێگای هێمنانە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داخوازەکانی خەڵکی کوردستان بگرێتە بەر؟ کەنگێ ئەوانیش دەیسەلمێنن ویژدانی زیندوو و ڕاپەڕیوی کۆمەڵگە و وڵاتی خۆیانن و « ئامادە نابن چی دیکە ببن بە شەریکی تاوانەکان»؟

سەرچاوەی زانیارییەکان:

ماڵپەڕی «اخبار روز»

ماڵپەڕی بی بی سیی فارسی

ماڵپەڕی NNSROJ:

